WWW.RUDAW.NET
# رووداو RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31 9ی گەلاوێژی 2715 (750) دینار

هاوژینی ئاشتی هەورامی:

## عاشقی ئاشتی هەورامی بووم نەک پۆست و پارەکەی



**رووداو- هەولێر**

ئەو خاتوونەی لە کافتریایەک وێنەیەکی لەگەڵ د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوبووەتەوە، ئاشکرای کرد کە چوار ساڵە شووی بە ئاشتی هەورامی کردووە. چراخان رەفیق کە ژنە سەرمایەدارێکی کوردە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت ماوەی 10 ساڵ لە ئەڵمانیا کاری بزنسی کردووە، لە ساڵی 2007 بە 50 ملیۆن دۆلارەوە گەڕاوەتەوە کوردستان. چراخان رەتیکردەوە کە لەبەر پارە و پۆست شووی بە ئاشتی هەورامی کردبێ و دەڵێت "من عاشقی ئاشتی هەورامی بووم، نەک پلە و پارەکەی، چونکە من سەرمایەدارم و پێویستم بە پارەی ئاشتی هەورامی نییە". چراخان باسی هەندێک لە سیفەتەکانی ئاشتی هەورامی دەکات و دەڵێت "کەسێکی عینادە، زوو تووڕە دەبێت، بڕیار تەنیا بڕیاری خۆیەتی، بەڵام لە مامەڵەکردندا کەسێکی تا بڵێی بەڕێزە، لە کارکردنیشدا زۆر جدییە".

5 »



## بازرگانێکی جوولەکە 128 کچی ئێزدی رزگار دەکات

2

بەپێی راپرسییەکان:

## هەدەپە هەڵدەکشێ و ئاکپارتی دادەکشێ

6



## سەلەفیەت و هەڕەشە لە ئاسایشی کوردستان

عەبدوڵڵا عالایی

23

کێ لە کوردستان حکومەت پێکدەهێنێ؟

# لەسەر لیستی براوەی هەڵبژاردن و گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان کێشەیەکی نوێ سەرهەڵدەدا

3 »



## هاوڕەگەزبازەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ناوێرن خۆیان ئاشکرا بکەن

14



د.نەوزاد یەحیا باجگر:

## ئەوەی بە خەیاڵمدا بێت دەیکەمە شیعر

16



## وەنەوشە دەبێتە پەنابەر

19

ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31



## گەنجێکی هەولێر خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

موقەدەم کاروان خۆشناو، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: "شەوی 29-8-2015، پۆلیس ئاگادار کرانەوە بەبوونی ڕووداوێکی خۆکوشتن لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کەوا گەنجێک بەناوی (سەردار جەعفەر جەمیل)، تەمەن 31 ساڵ، لە ماڵی خۆیان بە چەکی کلاشینکۆف گوللـەیەکی لە سەری خۆی داوەو دەستبەجێ لە شوێنی ڕووداوەکە گیانی لەدەستداوە". بەپێی ڕاگەیێندراوەکەی پۆلیسی هەولێر، خێزانی ئەو گەنجە ڕەتیانکردووەتەوە کە پێشتر هیچ کێشەیەکی هەبووبێت.

# بازرگانێکی جوولەکە 128 کچی ئێزدی لە دەستی داعش ڕزگار دەکات



**ڕووداو- تۆرنتۆ**

ستیف مان کە بازرگانێکی جوولەکەی کەنەدییە، پڕۆژەیەکی دەستپێکردووە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی ئەو منداڵە مەسیحی و ئێزیدیانەی لەلایەن (داعش)ەوە دەستگیرکراون. بۆ ئەو بازرگانە ئەوەی گرنگە ڕزگارکردنی ژیانی ئەو کەسانەیە.

پڕۆژەکەی ستیف مان لەژێر ناوی "ئازادکردنی منداڵانی مەسیحی و ئێزدیی عێراق"ە، تاوەکو ئێستا توانیویەتی 128 منداڵ کە وەک کۆیلەی سێکس لەلایەن داعشەوە بازرگانییان پێوەکراوە، ڕزگار بکات.

ستیف مان دەڵێ لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەو منداڵانە بڕێک پارە دەدات. ستیف لە بایەخی ئەو نیگەرانیانەی کەمکردەوە کە گوایە دانی پارە لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەو منداڵانە هاوکاریی بەهێزکردنی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەکات.

ئەو بازرگانە کە دانیشتووی شاری مۆنتریالی کەنەدایە، بە ڕادیۆی cbcی گوت "تەرکیزی من لەسەر ڕزگارکردنی ژیانی ئەو کەسانەیە".

ستیف مان گوتی "من تەرکیز ناخەمە سەر پارەدان و لایەنی لۆجیستی و شتەکانی دیکە، چونکە ئەو پارەیەی دەیدەم ئەوەندە زۆر نییە بۆ ڕێکخراوێک کە خاوەنی 4 ملیار دۆلارە".

ئەو گوتیشی "ئایا لەو بڕوایەدای ئەو بڕە پارە کەمەی من کە 2 – 3 هەزار دۆلارە بۆ منداڵێک، بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی زیادکردنی ئەو هێز و دەسەڵاتە زۆرەی داعش دەکات. ئێمە لەگەڵ نێوەندگیر کاردەکەین، ڕەنگە و ڕەنگیش نییە ئەم پارەیە خۆی بخزێنێتە نێو ئەو 4 ملیار دۆلارەی داعش و بیکات بە 4 ملیار و 2000 دۆلار. ئەمە کەی جێگەی بایەخە؟".

پڕۆژەکەی ستیف مان لەگەڵ تیمێکی متمانەپێکراو لە عێراق کاردەکات بۆ کڕینەوەی ئازادی و ژیانی ژنان و منداڵان. ئەو گوتی "پارە کۆدەکەینەوە، تیمێکی متمانەپێکراومان هەیە. ئەم کەسانە ئەو بودجەیەیان پێدەگات کە بۆیان دەنێرین. ئەم کەسانە لە 15 ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکی باشیان لە ناوچەکەدا دروستکردووە." گوتیشی "لەناو مووسڵ خەڵک هەیە هاوکاریی ئەم تیمە دەکات".

ئەم بازرگانە کەنەدیە ناسناوی "جوولەکە شندڵەرەکە"ی لێنراوە. ئەم ناسناوە لە ناوی ئەو بازرگانە ئەڵمانییەوە هاتووە کە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ژیانی زیاتر لە 1200 جولەکەی لە هۆڵۆکۆست ڕزگارکرد لەڕێی داڵدەدانیان لەناو کارگەکەی و بەکارخستنیان.

ستیف مان گوتی "ئەوەی گرنگە ڕزگارکردنی ژیانی ئەو کەسانەیە، هەروەک چۆن شندڵەر ژیانی چەندین جولەکەی ڕزگار کرد لەبەرامبەر پێدانی پارە بە نازییە ئەڵمانییەکان بەشێوەیەکی نایاسایی".

ستیف مان گوتی هۆکاری دەستپێکردنی ئەم پڕۆژەیەی ئەوە بوو کە پاش چەند مانگێک لە دەستگیرکردنی ئەو مەسیحی و ئێزدییانە لەلایەن داعش و چەوساندنەوەیان، هیچ کەسێکی نەبینی کار بۆ ڕزگارکردنیان بکات.

ئەو گوتی، بۆ ژنان و کچانی هەرزەکار هەمیشە پرسیارەکە ئەوەیە چەندجار دەستدرێژییان کراوەتە سەر "چەندین جار فرۆشراون، بیستوومانە کە لێیان دەدرێت و لە خواردن بێبەش دەکرێن و لە قەفەسدا بەند دەکرێن. هەڕەشەی سووتاندنیان لێدەکرێت ئەگەر سێکسیان لەگەڵ نەکەن".

ستیف مان گوتی، باکگراوندی ئەو وەک جوولەکەیەک وای لێکردووە ئەو هەنگاوە بنێت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی ئەو کەسانە "ئەوەی هانیداوم بۆ ئەم کارە زۆر سادەیە، جوولەکە بیت و بەشێک بیت لە خەڵکێک کە بە هۆڵۆکۆستدا تێپەڕیون. ئێمە بۆ ماوەی شەش ساڵ چاوەڕێمان کرد، تاوەکو خەڵک وەڵامان بدەنەوە و بێن بە هانامانەوە".

## بۆ یەکەمجارە لەسەر ئاستی جیهان

# چوار گەنجی کورد ڕێگری لە سیخوڕی بەسەر تەلەفۆنەوە دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

پێشبڕکێی هاکا ئەربیل HackaErbil کۆتایی هات و تیمی گاپ وەن GapOne کە بەمانای "یەک کەلێن" دێت، توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت. تیمەکە کە سەرۆکەکەیان کارمەندێکی پۆرتاڵی ڕووداوە، ئامێرێکی جیهانییان لەبواری تەکنەلۆژیادا دروستکردووە و ڕێگری دەکات لە سیخوڕیکردن بەسەر نامە و تەلەفۆنەوە.

هاکائەربیل پێشبڕکێیەکی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری بوو، بۆ یەکەمجار لە کوردستان و عێراق بە سپۆنسەری دوو ڕێکخراوی جیهانی بەناوەکانی ئەینجڵ هاک و هاکا گلۆباڵ ئەنجامدرا. لەم پێشبڕکێیەدا 50 شارەزا و پرۆگرامساز و هاککەر بەشداربوون و بەسەر چەند گرووپێکی جیاوازدا دابەش بووبوون.

ئەو تیمەی توانی ببێتە تیمی یەکەمی پێشبڕکێ دوو ڕۆژییەکە، تیمی گاپ وەن بوو. تیمەکە پڕۆژەکەیان پێشکەشکرد بۆ دروستکردنی ئەپڵیکەیشنێک کە ڕێگری لە سیخوڕیکردن دەکات بەسەر پەیوەندی تەلەفۆنی و نامە ناردنەوە. ئەوەش بۆ یەکەمجارە لە جیهاندا شتێکی لەمشێوەیە دەکرێت. ئامێرەکە دەنگ دەکات بە ژاوەژاو و دواتر دەیکاتەوە بە دەنگ، بەجۆرێک تەنیا بەکارهێنەرانی ئەم دوو ئامێرە لەیەک دەگەن.

ڕێباز ئەحمەد، لیدەری تیمەکە کە خاوەنی بیرۆکەی پڕۆژەکە بوو، دەربارەی چۆنیەتی گەڵاڵەبوونی ئەو بیرۆکەیە گوتی "ئەوکاتەی ئێدوارد سنۆودن دۆسیەی سیخوڕیکردنی ئەمریکای بەسەر تەلەفۆنی سەرکردەکانی دنیاوە ئاشکرا کرد، من ئەو بیرۆکەیەم بۆ هات کە چۆن دەکرێت تەلەفۆنەکان لە سیخوڕیکردن بپارێزرێن".

سنۆودن کارمەندی پێشووی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکایە و شارەزایەکی بواری کۆمپیوتەرە و دوای ئەوەی بەرەو ڕووسیا هەڵهات، ئاشکرای کرد کە چەندین ساڵە ئەمریکا سیخوڕی بەسەر تەلەفۆنی تایبەتی سەرکردەکانی دنیاوە دەکات.

ڕێباز دەڵێت کە ئەو بیرۆکەیە هەروەک خۆی مایەوە تا ئەوکاتەی پێشبڕکێی هاکائەربیل ئەنجامدراو دەرفەتی بۆ ڕەخسا لەگەڵ سێ کەسی دیکەی ئەندامانی تیمەکەی (کارزان کەمال، ئارام سەلیم و لەنجە سەلاحەدین) بیرۆکەکە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

ڕێباز دەڵێت ئەوان بەسەرکەوتوویی 80%ی پڕۆژەکەیان دروستکردووە و ئەگەر پڕۆژەکە تەواوبێت، ئەوا دەتوانرێت بەیەکجاری ڕێگری لە سیخوڕیکردن بەسەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانەوە بکرێت.

ڕێباز گوتیشی "ئەم پڕۆژەیە دروستکردنی ئەپڵیکەیشنێکی کۆمپیوتەرە کە لەو ڕێگایەوە ئەو دوو کەسەی پێکەوە بە تەلەفۆن قسە دەکەن یاخود نامە بۆ یەکدی دەنێرن، کەس ناتوانێت سیخوڕی بەسەریانەوە بکات. ئەپڵیکەیشنەکە وادەکات کە ئەو قسانەی کەسەکە دەیکات بۆ کەسی بەرامبەر ببێت بە کۆد و ئەگەر کەسی سێیەم چاودێریی تەلەفۆنەکە بکات، ناتوانێت لێی تێبگات. کەسی سیخوڕ تەنیا ژاوەژاو دەبیستێ".

بڕیارە ڕێباز و هاوڕێکانی لە تیمی گاپ وەن بۆ ماوەی 12 هەفتە بنێردرێنە ئەمریکا و لەوێ لە سیلیکۆن ڤالی Silicon Valley لە ویلایەتی سان فرانسیسکۆ لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاریدا دیدار ساز بدەن. بەڵام تیمەکەی ڕێباز پێویستی بە سپۆنسەرە بۆ ئەنجامدانی گەشتەکە، چونکە ئەینجڵ هاکە، تەنیا نیوەی پارەی گەشتەکەیان بۆ خەرج دەکات.



## لە دهۆک زۆرترین هێلکە دەپیتێندرێ

# گەشەی دانیشتووانی دهۆک دوو هێندەی سلێمانی لێدێت

**ڕەنجە جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پارێزگای دهۆک زۆرترین ڕێژەی منداڵبوون و پیتاندنی تێدایە، سەرۆکی دەستەکە دەڵێت لە پێنج ساڵی داهاتوودا گەشەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆک، دوو هێندەی گەشەی دانیشتووانی سلێمانی لێدێت.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەگوێرەی ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر کە لە ساڵی 2006 لەلایەن یو ئێن و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ناوەندی ئاماری عێراقەوە کراوە، ڕێژەی پیتاندن لە دهۆک 4.9% یەو لە هەولێر 4.1% و لە سلێمانیش 2.9% بووە.

هەر لە هەمان ڕووپێوی کە لەساڵی 2011 کراوە، سلێمانی کەمترین منداڵبوونی تێدا تۆمار کراوە. ڕێژەی پیتاندن بەو جۆرە بووە (دهۆک 3.9%، هەولێر 3.5% و سلێمانی 2.3%).

سیروان محەممەد ئاماژەی بە جیاوازیی ڕێژەی پیتاندن لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی "زۆریی گوندنشین کە هەمیشە خێزانەکانیان زۆرترین منداڵ دەخەنەوە هۆکارێکە بۆ ئەو جیاوازییە. بەپێی ئامارەکان 26%ی دانیشتووانی پارێزگای دهۆک گوندنشینن. لە هەولێر 19% و لە سلێمانیش 16%ی گوندنشینە.

پیتاندنی گشتی ژمارەی تێکڕای ئەو منداڵانەیە کە هەر ژنێک تاوەکو کۆتایی ماوەی هەڵگرتنی منداڵ دەیبێت لە تەمەنی 15 ساڵی تاوەکو 49 ساڵی.

ئەمساڵ گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە 2.6 خەمڵێندراوە. سیروان محەممەد گوتی "گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گونجاوە لەگەڵ شێوازی ژیانی ئێستا، بە بەراوردیش لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، هەرێمی کوردستان ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی زۆرە، چونکە گەشەی دانیشتووانی ئێران بۆ ئەمساڵ 1.9 بووە و تورکیاش 1.2 بووە.

بەڵام سیروان محەممەد پێشبینی دەکات گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020 دابەزێت بۆ 2.2%. ئەویش هەر بەهۆی ڕێکخستنی خێزان، چونکە ئێستا دایک و باوک، هەوڵدەدەن منداڵی کەمیان هەبێت کە یارمەتیدەرە بۆ پەروەردەیەکی باش و کەمبوونەوەی خەرجی.

مەحموود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی پشتڕاستی کردەوە کە ڕێژەی پیتاندن لە پارێزگای سلێمانی لە دابەزینە، بەڵام گوتی "لە قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سلێمانیش، ڕێژەی پیتاندن زۆرترە بە بەراورد بە ناوەندی شاری سلێمانی. بۆ نموونە ڕێژەی پیتاندن لە ڕانیە زۆر زیاترە لە ناوەندی شاری سلێمانی. هەروەها منداڵبوون لە شارەزوور زیاترە لە ناوەندی شاری هەڵەبجە".

بەگوێرەی خەملاندنی دەستەی ئامار، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 5 ملیۆن و 472 هەزار و 436 کەس، لەو ژمارەیەش (2 ملیۆن و 9367 کەس لە پارێزگای هەولێرن، 2 ملیۆن و 39 هەزار و 685 لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەن و ملیۆنێک و 423 هەزار و 114 کەسیش لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێن".

دەستەی ئامار پێشبینی دەکات ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2020 بگاتە 6 ملیۆن و 171 هەزار و 83 کەس، کە بەمجۆرە دەبێت (هەولێر 2 ملیۆن و 254 هەزار و 422 کەس، سلێمانی و هەڵەبجە 2 ملیۆن و 268 هەزار و 50 کەس و دهۆک ملیۆنێک و 648 هەزار و 611 کەس.

ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووان لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لێک نزیکە، بەڵام سەرۆکی دەستەی ئامار دەڵێت گەشەی دانیشتوان لە دهۆک دوو هێندەی سلێمانی زیاد دەبێت، چونکە سلێمانی لە 2 ملیۆن و 39 هەزار و 685 کەس 228 هەزار و 365 کەس زیاد دەکات، بەڵام لە دهۆک لە ملیۆنێک و 423 هەزار و 114 کەسدا، 225 هەزار و 397 کەس زیاد دەکات. ئەمەش دەکاتە دوو هێندەی پارێزگای سلێمانی.

# لیژنە لەسەر سێ بەرپرسی سەیدسادق پێکدەهێنرێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەسەر داوای ژمارەیەک لە چالاکڤانانی قەزای سەیدسادق و لەسەر چەند کێشەیەک، لیژنەیەکی "بەدواداچوون و ڕاستکردنەوە" لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر قایمقام و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ئەو شارۆچکەیە پێکهێنرا.

فەرهاد تۆفیق، سەرۆکی ئەو لیژنە کاتییەی بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەو داواکارییانە پێکهاتووە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کۆمەڵێک خانوو بە زێدەڕۆیی دروستکراون کە بڕیاری دادگایان بۆ دەرچووە، بەڵام نەڕووخێندراون و بەدواداچوون بۆ هۆکاری کەمتەرخەمییەکە دەکەن.

نەبەرد حەسەن، سەرۆکی شارەوانی سەیدسادق بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە ئەو خانووانە بڕیاری دادگایان هەیە بڕوخێندرێن، پێشتریش لەلایەن شارەوانییەوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، بەڵام نەڕووخێندراون، ئەگەر بڕۆمە ئەنجوومەنی پارێزگاش هەر ئەو وەڵامە دەدەمەوە".

هەر لەوبارەوە دیاری ڕەفیق قایمقامی قەزای سەیدسادق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەر بڕیاری شارەوانی بڕیاری تێکدان بۆ بەشێک لەو خانووانە دەرچووە، هەر بە نووسراوی شارەوانیش بڕیارەکە ڕاگیراوە، بەڵام کێشەکە پەیوەندی بە دەسەڵاتی دادوەرییەوە هەیە و لە داهاتوودا جێبەجێ دەکرێت".

بە گوتەی فەرهاد تۆفیق، جگە لەو خانووانە، گوندێکیش کە قەرەبوویان وەرگرتووە، هەتا ئێستا هەندێک خانوویان نەڕووخێندراون، نەبەرد حەسەن ڕوونیکردەوە کە ئەو شوێنە گوند نییە، بەڵکو سەرچاوەی ئاوی حەسارە و پڕۆژەی تێدا دروست دەکرێت و گوتی "ئەگەر پڕۆژەیەک هەبێت ڕاستەوخۆ دەست بە تێکدانیان دەکەین، بەڵام لەبەرئەوەی شوێنەکە بازرگانییە، خەڵکەکەی جگە لە قەرەبووکردنەوە، چاوەڕێن لە شوێنی خانووەکانیان شوێنی وەکو کۆشکێکیان پێبدرێت کە ئەوەش نایاسایی دەبێت".

هەر بە گوتەی فەرهاد تۆفیق، کارگەیەکی ئاشیش لە سەیدسادق دانراوە کە بەپێی یاسا لەلایەن بەغداوە مۆڵەتی پێدەدرێت، بەڵام دیاریکردنی شوێنەکەی پێویستە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە زەوی "بەردەڵان"ی بۆ دابین بکرێت، بەڵام زەوی کشتوکاڵی بۆ دیاریکراوە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی مۆڵەتی پێنەداوە.

بەڵام سامان عەزیز، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سەیدسادق ڕەتیکردەوە کە پێدانی شوێنەکە بەو کارگەیە "نایاسایی" بێت و گوتی "ئەو ئاشە بەپێی مەرجەکانی وەزارەتی بازرگانی و لەبەر داهاتووی پڕۆژەکەش، لە زەوی بەردەڵاندا ناکرێت، هەروەها زەوییەکە موڵکی وەبەرهێنەرەکەیە و پڕۆژەکەش کشتوکاڵییە و ئێمەش لاریمان نییە لە کردنەوەی کارگەکە، چونکە یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکان بۆ ناوچەکەمان".

هەر بەپێی زانیارییەکان پێشتر چەند پارچە زەوییەک بۆ یەکەی نیشتەجێبوون لە سنووری شارەوانی سەیدسادق دابینکراوە و کوژانەوەشیان بۆ کراوە، بەڵام ماوەی دوو ساڵە لەلایەن دوو هاووڵاتییەوە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە و کردوویانەتە کشتوکاڵ.

نەبەرد حەسەن گوتی "ئەوەش ڕاستە و بەدواداچوونمان بۆ کردووە، بەڵام ئەو دوو هاووڵاتییە ساڵی ڕابردوو کێڵاویانە و هەر ئەو کاتەش ئاگادار کراونەتەوە و دۆسیەکەیان لە دادگایە و تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لێیان وەردەگیرێتەوە".

بەپێی قسەکانی فەرهاد تۆفیق، بۆ بەدواداچوونی ئەو زانیارییانە، ئەم هەفتەیە یاخود سەرەتای هەفتەی داهاتوو میوانداری قایمقامی سەیدسادق و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری کشتوکاڵ بۆ لیژنەکەیان دەکەن، دواتریش ڕاپۆرت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بەرز دەکەنەوە و ئەو کاتە پێویستی بە هەر لایەنێکیان کرد بانگهێشتی ئەنجوومەنی دەکەن.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31

## "پێکهاتەکان و لایەنە بچووکەکان حیزب نین"



**ڕووداو- هەولێر**

ڕابوون مەعرووف، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان ڕایگەیاند زۆربەی پێکهاتەکان و ئەو لایەنانەی تەنیا کورسییەکیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، حیزبی سیاسی نین و دەڵێت "حیزبی سۆسیالیست بە سەرکردایەتی محەممەدی حاجی مەحموود، تورکمانەکان و بەشێک لە مەسیحییەکان، ئەجێندای سەربەخۆیان نییە و ئەجێندای پارتی جێبەجێ دەکەن".

ڕابوون مەعروف، لەبارەی ئەنجامی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان گوتی "تائێستا پارتی دیموکراتی کوردستان نەرمی نەنواندووە و تێگەیشتنی بۆ چوار لایەنە سیاسییەکە نییە، ئەوەی گیری خواردووە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە".


### کێ لە کوردستان حکومەت پێکدەهێنێ؟

# لەسەر لیستی براوەی هەڵبژاردن و گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمان کێشەیەکی نوێ سەرهەڵدەدا

**پارتی:** گۆڕان و یەکێتی دەیانەوێ بەو فێڵە بیبەنەوە

بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆک چوار حیزبەکە بیر لە "لایەنی نێودەوڵەتی" دەکەنەوە

پارتی پرۆژەیەکی سێ خاڵی دەخاتە بەردەم لایەنەکان و ڕەتدەکرێتەوە



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ئەگەری نەگەیشتن بە سازان و ڕێککەوتن "پەنابردن بۆ دەزگایەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان" نوێترین پێشنیازی لایەنەکانە. شێوازی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووش بووەتە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی بەردەم لایەنەکان. چونکە ئەویش ڕاستەوخۆ بە پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە گرێدراوە.

نوێترین سێ قسەی لایەنەکان لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیدا مەسەلەی پێشنیاری نوێی پارتییە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک، هەروەها ئەوەی کە کام لیست مافی ئەوەی هەیە حکومەتی داهاتوو پێکبهێنێ، لیستی براوە لە هەڵبژاردن یان گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمان لەپاش هەڵبژاردن؟ جگە لەو دوو خاڵەش ئەگەر لایەنەکان نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوا پەنا بۆ دەزگایەکی نێودەوڵەتی ببردرێ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سەرۆک.

پێنج حیزبی سەرەکیی هەرێمی کوردستان (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) کە هەر پێنجیان (96) کورسییان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، تاوەکو ئێستا شەش کۆبوونەوەیان پێکەوە ئەنجامداوە کە بە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی ناسراوە و لە هەر کۆبوونەوەیەکیشدا پێشنیازی نوێ دەکرێن.

### پرۆژە نوێیەکەی پارتی

پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2015/8/30 پێشنیازێکی نوێی بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد.

پرۆژەکەی پارتی لە سێ بەش پێکدێت، یەکەم: هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆک بکرێ و خەڵک دەنگی پێبدات. دووەم: یان ڕاپرسی بکرێ و خەڵک بڕیار بدات سەرۆک لەنێو پەرلەمان یان لەنێو خەڵکدا هەڵبژێردرێ. سێیەم: پەرلەمانی داهاتوو سەرپشک بکرێ لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کە ئەویش دوو ئامانجی گەورە دەپێکێت، یەکەم: کە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکرێ بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان لە بانگەشەکە باسی ئەوە دەکرێ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک چۆن بێ و خەڵکیش لەسەر ئەوە دەنگ دەدات بە حیزبەکان. دووەم: پرۆژە یاسای دەستووریش زوو چارەسەر دەبێ و بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک لەنێو پرۆژەکەدا دەنووسرێ "شێوازی خۆپاڵاوتنی سەرۆک بە یاسایەک ڕێکدەخرێ".

ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری پارتی دەڵێ "ئەمە باشترین چارەسەرە کە پارتی پێشکەشی لایەنەکانی دەکات و ئەگەر ئەوان ئەم چارەسەرە مامناوەندە بەهەند وەرنەگرن، ئەوە دیارە بڕیاریان داوە ئەم کێشەیە چارەسەر نەبێت".

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوای شەشەمین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی ڕایگەیاند "سێ پێشنیاز باسکراون بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان بە ریفراندۆم چارەسەر بکرێ، یان لەم خولەی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە، ئەویش سەرۆک لە نێو پەرلەمان بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان واتە (74 ئەندامی پەرلەمان) هەڵبژێردرێ، یان پەرلەمانی داهاتوو ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە".

فوئاد حوسێن، کە سەرۆکی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکانە، گوتیشی "حیزبەکان تاوەکو 2015/9/6 ئەو سێ پێشنیازە لەنێوان خۆیاندا تاوتوێ دەکەن بۆ ئەوەی لەسەر یەکێکیان ڕێکبکەون، ئەگەرنا دەبێ خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت ئامادە بکەن".

### "گۆڕان تەنازولی گەورەی کردووە"

بەڵام پێشنیازی سێیەم کە پەرلەمانی داهاتوو سەرپشک بکرێ، نەک دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر پێشنیازەکە، بەڵکو دوای تێپەڕبوونی چەند کاژێرێک بەسەر شەشەمین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیدا ڕەتکرایەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان هەر زوو ئەو پێشنیازەی ڕەتکردەوە و جگە لە پێشنیازی خۆیان کە دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمان هەڵبژێردرێ، بە هیچ بەدیلێکی دیکە ڕازی نابن.

ڕابوون مەعروف، ئەندامی شاندی دانوستانکاری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆژەی پارتی بەتوندی ڕەتدەکەینەوە، هیچ مەنتق و لۆژیکێک نابینین لەوەدا کە خولی پێنجەمی پەرلەمان سەرپشک بکرێ، نەک خولی ئێستای پەرلەمان".

ئەو ئەندامەی شاندی گۆڕان باسی نەبوونی متمانە دەکات و دەڵێت پارتی جێی متمانە نییە "گەرەنتی چییە پارتی لە خولی پێنجەمیش هەمان ڕێگری ناکات کە ئێستا دەیکات، چونکە پارتی بە میکانیزمی نادیموکراسی ڕێگەی لە پەرلەمان گرتووە کاری خۆی بکات، بۆیە ئەوە ڕەت دەکەینەوە".

ڕابوون مەعروف بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر سازشی گۆڕان بدات بۆ پارتی، دەڵێت "گۆڕان تەنازولی گەورە و زەبەلاحی بۆ پارتی کردووە و دەبێ پارتی نەرمی بنوێنێ".

### یەکگرتووش ڕازی نییە

تەنیا گۆڕان نییە کە پرۆژەکەی پارتی ڕەتدەکاتەوە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش کە لەهەندێ هەڵوێستیدا لە پارتی نزیکە، ئەوانیش دژی پێشنیازە نوێیەکەی پارتین.

محەممەد ئەحمەد، سەرۆکی شاندی یەکگرتوو بۆ کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی پارتی بە نەرمی دادەنرێ، بەڵکو ئەوە دەلیلە بۆ نەبوونی متمانە".

محەممەد ئەحمەد کە یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیشە، بە دووری دەزانێ پرۆژەی پارتی سەربگرێ "وا هەست ناکەم پێشنیازەکەی پارتی لای لایەنەکان جێگەی قبوڵکردن بێ". سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبەکەی لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، محەممەد ئەحمەد گوتی "لەگەڵ ئەوەین کە هەڵبژاردن لە پەرلەمان بکرێ، چونکە نە سەرژمێری لە کوردستان هەیە، یەک دنیا ئاوارە هەیە کە ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ، هەروەها پارەیەکی زۆری دەوێ تاوەکو هەڵبژاردن بکرێ و ئەمە جگە لەوەی کە 9 مانگی دیکە پێویستە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ، بۆیە باشترین ڕێگا ئەوەیە سەرۆک لە نێو پەرلەمان هەڵبژێردرێ".

## پرۆژە نوێیەکەی پارتی:

**پرۆژە نوێیەکەی پارتی بۆ چارەسەری پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سێ خاڵ پێکدێت:**

**- سەرۆک ڕاستەوخۆ لە نێو خەڵک هەڵبژێردرێ**

**- یان ڕاپرسی بکرێ و خەڵک بڕیار بدات سەرۆک لەنێو پەرلەمان یان لەنێو خەڵکدا هەڵبژێردرێ.**

**- یاخود خولی داهاتووی پەرلەمان سەرپشک بکرێ لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک.**

### لای پارتی "بڤەیە"

بەڵام پارتی هەڵبژاردنی سەرۆک لەنێو پەرلەمان وەک ئەوەی چوار لایەنەکە داوای دەکەن بە "هێڵی سوور" دەزانێ.

دڵشاد شەهاب، ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی لەسەر هەموو شتێک نەرمی دەنوێنێ و ئامادەیە گفتوگۆ لەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەوەی هێڵی سوورە و قسەی لەسەر ناکرێ، هەڵبژاردنی سەرۆکە لە نێو پەرلەمان".

دڵشاد شەهاب پێیوایە هەڵبژاردنی سەرۆک تەنیا مافی خەڵکە و گوتی "ئێمە وەکیلی خەڵک نین تاوەکو ئەو مافە لە خەڵک بسەندرێتەوە و ئەو مافەش بەخۆمان نادەین هەنگاوێکی لەو شێوەیە بهاوێژین وەکو هەندێ لایەن".

### پەنابردن بۆ دەزگایەکی نێودەوڵەتی

نوێترین قسەی لایەنەکان لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیدا لەسەر یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەک یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ پەنابردنە بۆ لایەنێکی نێودەوڵەتی.

محەممەد ئەحمەد دەڵێت "تاوەکو ئێستا شوێنێکمان نەدۆزیوەتەوە پەنای بۆ ببەین کە ئەو کێشەیە چۆن چارەسەر بکەین". هەرچەندە ئەنجوومەنی شوورای هەرێمی کوردستان ڕای خۆی گوتووە کە بارزانی بۆی هەیە بە تەواوی دەسەڵاتەکانییەوە لە پۆستەکەی بمێنێتەوە تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو.

بەڵام چوار لایەنەکە ئەم ڕایەی ئەنجوومەنی شوورا بە "ناشەرعی" دەزانن.

سەرۆکی شاندی یەکگرتوو بۆ کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی دەڵێت "لە کۆبوونەوەکانیشدا وردە وردە باسی ئەوە دەکرێ یان شوێنێکی قەزای هاوبەش دروست بکرێ کە جێگەی ڕەزامەندیی هەموو لایەنێک بێ، ئەمەش هەندێ قورسە، چونکە ئەو دەزگایە پێویستی بە دەرکردنی یاسا هەیە لە پەرلەمانی کوردستان و ئەمەش کارێکی ئاسان نابێ، یان پەنا بۆ دەزگایەکی نێودەوڵەتی ببردرێ و ئەم کێشەیە چارەسەر بکات".

### کێ حکومەتی داهاتوو پێکدێنێ؟

ئێستا جگە لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی، کێشەیەکی دیکە هاتووەتە پێش کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی کە ئەویش چۆنێتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووە ئایا کێ مافی ئەوەی هەیە ئەو حکومەتە پێکبهێنێ؟

هەرچەندە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا باسی ئەوە نەکراوە کە بۆ پێکهێنانی حکومەت سەرۆک کام لایەن ڕادەسپێرێ، بەڵام وەکو عورفێک، تاوەکو ئێستا سەرۆکی لیستی براوە لە پەرلەمانی کوردستان ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە.

ئێستا لایەنەکان کە گفتوگۆ لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەڵێن پێویستە ئەوە بکرێتە "دەقێکی یاسایی" لەنێو یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەکانی پێنج قۆڵی داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە لیستی براوە مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە.

دڵشاد شەهاب، لەوبارەیەوە دەڵێت "لەهەموو سیستەمەکانی هەڵبژاردندا چانسی پێکهێنانی حکومەت بۆ لیستی براوەیە، تەنیا بەغدا نەبێ کە موئامەرەیان لە عەللاوی کرد و چانسی ئەوەیان پێنەدا حکومەت پێکبهێنێ، سەرەڕای ئەوەی لە لیستی دەوڵەتی قانون کورسی زیاتری بەدەستهێنابوو".

### گۆڕان خەریکی چییە؟

بزووتنەوەی گۆڕان پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە دەبێ "گەورەترین فراکسیۆن"ی نێو پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕابسپێردرێ.

ڕابوون مەعروف، کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەو فراکسیۆنە بوو، لەو بارەیەوە دەڵێت "لە کوردستان وا ڕێکخراوە کە کاندیدی لیستی براوە ڕادەسپێردرێ، بەڵام ڕوانگەی ئێمە وایە پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پاڵێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان ڕابسپێرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت، نەک پاڵێوراوی لیستی براوە".

لیستی براوە ئەو لیستەیە کە لەهەموو لیستەکانی دیکەی نێو پەرلەمان کورسی زیاتری بەدەستهێناوە، گەورەترین فراکسیۆنیش ئەوەیە کە دوو لیست یان زیاتر لەپاش هەڵبژاردن خۆیان لێکبدەن و لەژێر یەک فراکسیۆندا کۆببنەوە و گەورەترین فراکسیۆن دروستبکەن وەکو ئەوەی لە عێراق هەیە و شیعەکان لە پێش هەڵبژاردن بە لیستی جیا بەشدار دەبن و دوای هەڵبژاردن گەورەترین فراکسیۆن دروست دەکەن بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنن.

بەڵام ئەندامێکی شاندی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لە مەبەستی گۆڕان و یەکێتی و لایەنەکانی تر تێدەگەین، ئەوان دەیانەوێ پێش هەڵبژاردن هەر یەکە بە لیستێک بەشدار ببن و دوای هەڵبژاردنیش ببنە یەک فراکسیۆن، چونکە ئەگەر پێش هەڵبژاردن بە یەک لیست بەشدار ببن ئەوا دەنگیان کەم دەبێ و دەیانەوێ بەو فێڵە لە پارتی ببەنەوە، بەڵام پارتی بەهیچ شێوەیەک ئەمە قبوڵ ناکات و ڕاشکاوانەش قسەی خۆمان کردووە".

یەکگرتووی ئیسلامی خۆی لەوبارەیەوە یەکلایی نەکردووەتەوە کە چ شێوەیەک باشترە بۆ پێکهێنانی حکومەت، لیستی براوە، یان گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان.

محەممەد ئەحمەد لەوبارەیەوە دەڵێت "هەردوو شێوە باشی و خراپیی خۆی هەیە". بەبڕوای سەرۆکی شاندی یەکگرتوو "ئەگەر لیستی براوە تەکلیف بکرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوا حکومەت زوو پێکدێ و ئەمە باشترە، بەڵام فراکسیۆن دەبێ چەند لایەنێک یەکبگرن و ئەمەش کاتی دەوێ، چونکە لایەنەکان بێ مەرج ئەو کارە ناکەن کە ئەمە خراپییەکەیەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆرترین لایەنەکان بەشداری ئەو حکومەتە دەبن کە گەورەترین فراکسیۆن پێکیدەهێنێ".

یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتوو مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی سلێمانی دەکاتە نموونە "بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی یەکەم بووە و لیستی براوە بووە، بەڵام نەیتوانی حکومەتی لۆکاڵی پێکبهێنێ".

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31

## تورکمانەکان: پەنا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان دەبەین



**رووداو- هەولێر**

مونا قەهوەچی، ســەرۆکی فراکســیۆنی پێشکەوتنی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردســتان بە (رووداو)ی راگەیاند لە بەرامبەر پشتگیریکردنیان بۆ مانەوەی مەســعود بارزانی وەکو ســەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەست دەکەن لەلایەن بەشێک لە حیزبە کوردستانییەکانەوە هەوڵی پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی دیکە و لەنێویشاندا تورکمانەکان دەدرێت، بەڵام ئەوان بەشێوەیەکی دیبلۆماسییانە وەڵامی ئەو لایەنانە دەدەنەوە. قەهوەچی گوتی "ئەگەر ئەو هەوڵی پەراوێزخستنانە بەردەوام بن، ئەوا بۆ پاراستنی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، پەنا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەین".

بەرپرسێکی باڵای پارتی:

# زیندانییە هەڵاتووەکان لەدەستی داعش لە شوێنێکی نهێنی پارێزراون

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

بەرپرســێکی باڵای پارتــی، زانیاری نوێ لەبــارەی ئــەو کوردانە ئاشــکرا دەکات کە لە زیندانێکی داعش لەنێو شــاری مووســڵ خۆیــان رزگار کــردووە و دەڵێت بەشــێکی زۆر لــەو رزگاربووانــە لە شــوێنێکی نهێنی پارێزراون. چەندین کەســیش چوونەتە ئەو شــوێنەی هەڵاتووەکانــی لێیە، بــۆ ئەوەی لە باوەشــیان بگرن و بیانپارێــزن. خێزانی یەکێک لەو دیلــە هەڵاتووانە دەڵێت بڕیاری داوە پێنــج ئــاژەڵ بکاتــە قوربانــی ئەگەر مێردەکەی بە سەلامەتی بگەڕێتەوە لایان.

هەفتــەی رابــردوو چەکدارانــی داعش لە ئەکاونتەکانیــان لە تویتــەر بڵاویان کردەوە کــە چەند دیلێکی کورد لە زیندانێکی ئەوان هەڵاتوون. ئەو خێزانانەی کوڕەکانیان لەلای داعش گیراون، لەو رۆژەوە بەردەوام چاوەڕێی هەواڵی گەیشتنەوەیان دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا کەسیان نەگەیشتوونەتەوە.

بەرپرســێکی بــاڵای پارتــی لــە نزیــک شاری مووســڵ، هەواڵی خۆرزگارکردنی ئەو گیراوانەی پشتڕاســت کــردەوە و رایگەیاند ئــەوان 25 کــەس بــوون لــە زیندانێکــی چەکدارانــی داعشــدا بــوون لــە ناوچــەی خاڵسییە کە ناوچەیەکی مەسیحینشینە.



عیســمەت رەجەب، بەرپرســی لقی 14ی پارتی لە مووسڵ کە ئێستا لە چیای زەرتکە و نزیکترین شــوێنە لە شــاری مووســڵەوە، باســی هەڵوێســتی کــورد و عەرەبــی نــاو شــاری مووســڵی کرد و گوتی "هەر لەگەڵ بڵاوبوونــەوەی هەواڵەکــە، بــە دەیان کەس لــە کــورد و عەرەبــی ناو شــاری مووســڵ خۆیان گەیاندە نزیک ئەو شــوێنە بۆ ئەوەی هەڵاتووەکان لە باوەش بگرن و بیانگەیەننە شوێنێکی ئارام".

لــەدوای هەڵاتنــی ئــەو گیراوانــە لــە زیندانەکــەی داعــش، چەکدارانــی ئــەو رێکخراوە هەڵمەتێکی گەڕان و پشــکنینیان دەســتپێکرد بــۆ دەســتگیرکردنەوەیان و چەندیــن بازگەیان لــە دەوروبەری ناوچەکە دانا.

عیســمەت رەجــەب دەڵێت "بەشــێک لە هەڵاتووەکان لەلایەن چەکدارانی داعشــەوە دەســتگیرکراونەتەوە، بەڵام خۆشــبەختانە بەشــێکیان تاوەکو ئێســتا نەکەوتوونەتەوە دەســت داعــش و لەلایەن کــورد و عەرەبی شــارەکەوە پارێــزراون، ئێمــەش لەســەر خەتین بــۆ ئەوەی رێگایــەک بدۆزینەوە بۆ رزگارکردنیان".

لەســەرەتای هێرشــەکانی داعشــەوە بۆ ســەر هێزەکانی پێشــمەرگە، ژمارەیەک پێشــمەرگە لە ناوچەکانی بەنداوی مووسڵ، زوممار، تلکێف و کەرکووک کەوتنە دەستی داعــش. هەتــا ئێســتا ژمــارەی فەرمیــی پێشــمەرگە دیلەکان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئێســتا 30 پێشــمەرگە لــەلای داعش بە دیــل گیراون، کە زۆربەیان خەڵکــی دهۆک و کەرکووکن. ژمارەیەک لەو پێشمەرگانە لەلایەن داعشەوە شەهید کراون.

ئەحمەد حوســێن لەگەڵ 7 پێشمەرگەی دیکە لە 17 ئابی ســاڵی رابردوو لەبەنداوی مووســڵ کەوتە دەســتی داعش. پیرۆز کە خاوەنی ســێ کــوڕە و خێزانــی ئەحمەدە، هەواڵــی هەڵاتنــی ئــەو گیراوانــەی لــە زیندانەکەی داعش زانیوە و گوتی "هەفتەی رابــردوو خزمێکی خــۆم تەلەفۆنــی کرد و گوتــی پێشــمەرگە دیلەکانــی لای داعــش بەربــوون و دێنــەوە، لە خۆشــیان نەمزانی چــی بکــەم. هەرچەندە بــاری داراییم باش نییە، بەڵام ئەگەر مێردەکەم بە ســەلامەتی بگەڕێتەوە، پێنج سەر ئاژەڵ دەکەمە خێر".

ئــەو ژنــە بــەردەوام چــاوی لەســەر تەلەفۆنەکەیەتــی و هەر زەنگێکی بۆ بێت، خێــرا تەلەفۆنەکــەی هەڵدەگرێــت و بــە ئومێــدی ئەوەیــە جارێکی دیکــە گوێی لە دەنگــی مێردەکەی ببێتــەوە. پیرۆز گوتی "بــەردەوام چــاوم لەســەر تەلەفۆنەکەمە، بەڵکو هەواڵێکی خێرم پێ بگات".

## چوار لایەنەکە کێ بە سەرۆک دەزانن؟

بزووتنەوەی گۆڕان:
دەبێ چاوەڕێی گفتوگۆکان بکەین

یەکگرتووی ئیسلامی:
وادەی یاسایی بارزانی کۆتایی هاتووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بروووســکەیەکی پیرۆزبایی کــورت لە رۆژی 28ی ئەم مانگە لــە نێوان ژمارەیەک فەرماندە و بەرپرســە ســەربازییەکانی شــەڕەکەی ئــەم دواییەی کەرکووک و مەســعود بارزانی ئاڵوگۆڕ کران، هەرچەندە ئەوان تەنیا بەچەند وشەیەکی کورت باسی سەرکەوتنیان لەبەرەکانی جەنگەوە بــە بارزانــی رادەگەیانــد، بــەڵام پەیامی دیکە دەرکەوتن، بەتایبەتی کە بروووســکەکە لەلایەن کۆســرەت رەســوڵ عەلی، جێگری ســکرتێری گشتی یەکێتییەوە وەک سەرۆکی هەرێم مامەڵە لەگەڵ بارزانی دەکات.

ئێســتا لــە باشــووری کوردســتان هیــچ پرسیارێک هێندەی ئەوە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێک لە یەکێتییەکان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو جارسکەر نییە کە بپرسی: ئایا هێشتا بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە؟ تەنانەت ئەوە یاساناسەکانیشی کردووە بە دوو بەشەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ بەپێی یاســای هەرێمی کوردستان ئێستا وادەی سەرۆکەکەی کۆتایی هاتووە "بەڵام دەبێ چاوەڕێی ئەو گفتوگۆیانە بکەین".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گــۆڕان کــە نەیویســت نــاوی بڵاوبکرێتــەوە، دەڵێ تاوەکو ئێســتا هیچ لایەنێــک بە فەرمی راینەگەیاندووە کە مەســعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمــی کوردســتان نییــە "هیــچ لایەنێکیش نەیگوتووە سەرۆکی هەرێمە، بۆیە بەو شێوەیە ماوەتــەوە و دەمێنێتەوە تاوەکــو لایەنەکان لە گفتوگۆکانیان دەگەنە ئەنجامێک".

رۆژی 30ی حوزەیرانــی 2013 وادەی ســەرۆکایەتی بارزانــی کۆتایی هــات، هەردوو فراکســیۆنی پارتــی و یەکێتی لــە پەرلەمانی کوردســتان بە رێککەوتنێکی پێشــوەخت دوو ســاڵی دیکەیان بۆ ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی درێــژ کــردەوە، بــەڵام رۆژی 23ی حوزەیرانی 2015، هەمــان دیمــەن بە نمایشــی جیاواز و گۆڕانکاری لە نەخشەی ململانێکارەکان، دووبارە بووەوە. پەیامە یەک لە دوای یەکەکانی بارزانی ئەوە بوون کە لەڕێگەی ســازانەوە ئەو پرســە بەلایەکدا بخەن و قســەی بێ ئەملاولای گۆڕان و بەشــێکی یەکێتی و کۆمەڵیش ئەوە بوو کە وادەی بارزانی کۆتایی هاتووە و دەبێ ســەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت.

هەرچەنــدە یوســف محەممــەد، ســەرۆکی پەرلەمانــی کوردســتان لــە نوێتریــن دیداری لەگــەڵ ماڵپــەڕی مۆنیتــەر، دەڵــێ "وادەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی کۆتایی هاتووە و درێژکردنەوەی وادەکەشی نایاساییە"، بەڵام ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ دۆخەکە هەندێک تەمومژاوییە و لە رووی یاساییەوە ماوەکەی تەواو بووە "بەڵام سەرۆکی پەرلەمانیش نەیگوت من ســەرۆکی هەرێمم یان دەســەڵاتەکانی ئەو جێبەجێ دەکــەم، کەواتە دەبێ چاوەڕێی گفتوگۆی لایەنەکان بکرێت".


یەکگرتووی ئیســلامی کوردســتان، هەرزوو روخســاری دۆخە سیاســییەکەی خوێندەوە و پەرلەمانتارەکانی بەســەر نــاوەوە و دەرەوەی پەرلەماندا دابەش بوون لە دووەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانــدا بۆ دەنگدان لەســەر پرۆژە یاســای هەموارکراوی ســەرۆکایەتی هەرێــم، ئەو پرۆژە یاسایەی کە پارتی رەتیدەکاتەوە. دواتر بەشێک لە ســەرکردەکانی یەکێتیش بە پشتیوانیکردن لە پرۆژەکەی بەرهەم ســاڵح، جێگری دووەمی تاڵەبانی، رێگایەکی دیکەیان هەڵبژارد. ئێســتا رۆژی 6ی مانگــی ئەیلــوول وادەی داهاتــووی کۆبوونــەوە پێنــج قۆڵییەکانــە بــۆ برینەوەی میکانیزمــی هەڵبژاردنــی ســەرۆکی هەرێــم لە داهاتوودا. بەڵام پرســیارەکە بۆ ئێستایە، ئایا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێشتا بارزانییە؟

ئەندامێکــی ســەرکردایەتی یەکگرتــووی ئیســلامی کــە هــاوکات بەرپرســی مەڵبەندی سلێمانییە، پێیوایە "ئێستا هەرێمی کوردستان لە بۆشایی یاساییدایە"، عوسمان کاروانی، دەڵێ لە 19ی ئابی ئەمســاڵەوە، وادە یاســاییەکەی بارزانــی کۆتایی هاتووە، لەبەر ئەوەی لە رووی یاسایی و سیاسییەوە لایەنەکان نەگەیشتوونەتە ئەنجام، بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم شەرعییەتی نابێ و مافی ئەوەی نییە وەک ســەرۆکی هەرێم بڕیار دەربکات".

ئەندامێکــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، پێیوایە چارەسەری کێشەی ســەرۆکایەتی هەرێم بەپێی یاسای ژمارە 19ی ســاڵی 2013 دیارە و دەڵێ تاوەکو دەکرێ لە پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە باشە لەبەر ئەوەی پەرلەمــان ســەرچاوەی یاســادانانی هەرێمــی کوردستانە "ئەگەر لە پەرلەمانیش نەگەیشتنە ئەنجام، پێویستە بە سازان چارەسەری بکەن"، شــوان رابەر، هەروەها دەڵــێ، دەبێ لایەنەکان لــە نێوان خۆیان "دەقێــک دێرنووس بکەن کە لــە بەرژەوەنــدی خەڵکــی کوردســتان بێت و لەپەرلەمــان بکرێتە یاســا و لەدەستووریشــدا دەقنووس بکرێ".

ئێســتا یەکێتــی بوونەتــە دوو بەشــەوە، باڵی دەستڕۆیشــتوو هەماهەنگی توندوتۆڵیان لەگــەڵ بزووتنــەوەی گــۆڕان هەیە بــۆ ئەوەی پەرلەمــان لایەنــی یەکلاکردنەوەی ئەو پرســە بێت و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەتەواوی کەمبکرێتەوە و لەپەرلەمانیشەوە هەڵبژێردرێ. بەڵام هەریەکە لە کۆســرەت رەســوڵ و بەرهەم ســاڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی و ژمارەیەک ئەندامی مەکتەبی سیاســی و ســەرکردایەتی، پێیانوایە دەبێ یەکێتی هێندە لەژێر کاریگەری گۆڕاندا نەبێ لەو پرسەدا.

بەرپرســێکی نێو یەکێتی ئــەو ناکۆکییەی نێو یەکێتی پشتڕاســت دەکاتەوە و دەڵێ "لە کۆتاییــدا دەبینین کە بۆ ئەو 2 ســاڵە مامەڵە لەگــەڵ بارزانی دەکرێ، هەرچەنــدە هەر دەبێ پارتی و یەکێتی ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە". بەڵام ئێستا باڵی دەستڕۆیشتوو لە نێو یەکێتی کۆســرەت رەســوڵ و بەرهەم ســاڵح نین. ئەو بەرپرسەی یەکێتی دەڵێ "راستە، بەڵام مەحاڵە جارێکی دیکە 56 پەرلەمانتار بچنەوە پەرلەمان و ئــەو پرۆژە یاســایە تێپەڕێنن کە مەترســی ئاڵۆزی و گرژی بەدوای خۆیدا دێنێ".



## مەسیحییەک بە خانوویەک تەحەددای داعش دەکات

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

سەرمایەدارێکی مەسیحی، خانوویەک لە ناحیەی ئەلقۆش دروســت دەکات کە تەنیا 17 کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعشەوە دوورە. ئەو ســەرمایەدارە کە 500 هەزار دۆلاری لە خانووەکــە خەرج کردووە، دەڵێت "ویســتم بەم خانووە تەحەددای داعش بکەم".

جەمیل شاویکا، 61 ساڵ، خەڵکی ناحیەی ئەلقۆشــی ســەر بە قەزای تلکێفە و ماوەی 45 ساڵە لە کۆماری چیک نیشتەجێیە. ئەو مەســحییە بە پێچەوانەی زۆر سەرمایەداری دیکەوە ئێســتا گەڕاوەتەوە زێــدی خۆی و خانوویەکی گەورەی دروستکردووە. جەمیل دەڵێــت "بســتێکی خاکی خۆم بــە هەموو جیهان ناگۆڕمەوە".

جەمیــل کــە دەگەڕێتەوە کوردســتان و دەبینێــت خەڵک دەچێتــە دەرەوەی وڵات، بڕیــار دەدات خانووە کۆنەکەی لە ئەلقۆش نۆژەن بکاتــەوە "بەرلــەوەی داعش هێرش بکاتە ســەر ناوچەکانمان، بە هێواشی کارم لە خانووەکەدا دەکرد، بەڵام کە زانیم داعش هێرشی کردە سەر مووسڵ و نزیک بوونەوە لــە ناحیەی ئەلقوش، خەڵکی ئەلقوشــیش بــۆ دوو مانگ ناحیەکەیان چۆڵکرد و دواتر گەڕانــەوە، مــن بڕیارمدا بــە زووترین کات خانووەکەم تەواو بکەم".

ناحیــەی ئەلقــوش شــارۆچکەیەکی مەسیحینیشینە و پێنج کڵێسا و دێری زۆر کۆنی تێدایە کە مێژووەکەیان بۆ 200 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

جەمیل شاویکا بڕی ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد کــە لــە نۆژەنکردنــەوەی خانووەکەی خەرجــی کــردووە و گوتــی "نزیکــەی نیو ملیۆن دۆلارم لــەو خانووەدا خەرجکردووە، دەمتوانی بەو بــڕە پارەیە خانووی وەها لە ئیســتەنبوڵ و دوبەی دروست بکەم، بەڵام بڕیارمــدا ئەو پارەیە لــە وڵاتی خۆم خەرج بکەم".

جەمیــل مەراســیمێکی بــۆ کردنــەوەی خانووەکە رێکخست و چەند هاوڕێی خۆی لە ئەمریکا و ئەوروپا داوەت کردبوون، هەروەها هونەرمەنــدی نــاوداری مەســیحی جولیانا جوندوشی بانگهێشت کردبوو.

خاڵــی جەمیــل کە ئەویــش یەکێک بوو لەوانەی بەشداری رێوڕەسمی کردنەوەی ئەو خانووەی کردبــوو، گوتی "ئەو هونەرمەندە بــە 150 هــەزار دۆلار هاتبــوو". گوتیشــی "ئــەو کارەی جەمیــل وایکــرد کــە ورەی مەسیحییەکانی ئەلقوش بەرز ببێتەوە".

لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ، نزیکەی 1500 هاووڵاتی مەسیحیی ناحیەی ئەلقووش چوونەتە دەرەوەی وڵات. جەمیل نیگەرانە لە کۆچی مەسیحییەکان بۆ دەرەوە و دەڵێت "بەڕاستی ئەمە کارێکی زۆر خراپە، مرۆڤ نابێت بەبێ هیچ بەرنامە و روئیایەک زێدی خۆی بەجێبهێڵێت و بۆ دوژمنانی چۆڵ بکات".

ئەبــو میڤان کە دانیشــتووی ئەلقۆشــە دەڵێت "ئەو کارەی جەمیل هاندانێکی باش بوو بــۆ ئێمە، وایکرد بیرۆکــەی کۆچکردن لە مێشــکی خۆمان دەربهێنین، چونکە ئەو پیاوە 45 ساڵە لە دەرەوەی وڵاتە، کەچی لە گەرمەی شەڕدا هاتووەتەوە و سەرمایەکەی لێرە خەرج دەکات". گوتیشی "ئەوەندەی من ئاگادارم 10 خێزانی مەســیحی دەیانویست بچنە دەرەوە، بــەڵام بەهۆی ئەو خانووەوە پەشیمان بوونەوە".

## چراخان رەفیق، هاوژینی ئاشتی هەورامی بۆ (رووداو):

# بە 50 ملیۆن دۆلارەوە لە ئەڵمانیاوە گەڕامەوە کوردستان



هەفتەیەک زیاترە مەسەلەی هاوسەرگیریی د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ژنە سەرمایەدارێکی کورد بەناوی چراخان رەفیق، باسێکی گەرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. هەندێک بڵاوکردووەتەوە کە ئاشتی هەورامی تازە ئەو ژنەی هێناوە، بەڵام هاوژینەکەی دەڵێت چوار ساڵە شووی بە ئاشتی هەورامی کردووە.

چراخان رەفیق، هاوژینی ئاشتی هەورامی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی پەیوەندیی خۆی و ئاشتی هەورامی و چۆنیەتی شووکردنی دەکات. چراخان هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە دوای شووکردنی بە ئاشتی هەورامی دەوڵەمەند بوویێت و دەڵێت ئەو بەرلەوەی شوو بەو وەزیرە بکات، سەرمایەدار بووە و سەرمایەیەکی زۆری لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە.

هەڤپەیڤین: کوردستان حەسەن
رووداو - هەولێر



**کە شووم بە ئاشتی هەورامی کرد، وازم لە کاری بزنس هێنا**

**بەردەوام زیکری خودا دەکەم و حەزیش دەکەم حەج بکەم**

**پێشتر لە ئێرانەوە بەنزینم بۆ سلێمانی دەهێنا**

**سێ کۆمپانیام لە باوکمەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە**

**تەحەددا دەکەم کە من خاوەنی کۆمپانیای زیپۆ و لاناز بم**

**حیزبێکی کوردستان پڕوپاگەندە لە دژی من دەکات**

**خاوەنی هیچ پاڵاوگەیەک نیم**

**من لە پشت شیکپۆشییەکەی ئاشتی هەورامیم**

**رووداو:**
**حەز دەکەین خوێنەرانی رووداو لە زاری خۆتەوە بتناسن؟**

**چراخان رەفیق:** من لە دایکبووی شاری سلێمانیم، بەڵام لە زووەوە لەگەڵ خێزانەکەم لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووم. هەر لەوێ کۆلێژی یاسام تەواو کردووە. زمانی ئینگلیزی، عەرەبی و ئەڵمانی بە باشی دەزانم. خێزاندارم. ماوەی چوار ساڵە شووم بە ئاشتی هەورامی کردووە کە وەزیری سامانە سروشتییەکانە.

**رووداو: تۆ وەک ژنێکی بزنسمان ناسراویت، بە هەوڵی خۆت بوویتە سەرمایەدار، یان بە میرات بۆت ماوەتەوە؟**

**چراخان رەفیق:** من زیاتر لە 10 ساڵ لە ئەڵمانیا کاری بزنسم کردووە. باوکی رەحمەتیم خاوەنی سێ کۆمپانیا بوو، لە ساڵی 2007 ئەو سەرمایەی لە باوکم بۆم بەجێمابوو، هێنامەوە کوردستان و بەگەڕمخست. لێرە گرووپی کۆمپانیاکانی چراخان رەفیقم هەیە کە پێکدێت لە کۆمپانیای بیناسازی، هاوردە و پاککردنەوە. من پێشتر لە ئێران بەنزینم بۆ سلێمانی هاوردە دەکرد. بەڵام هەموو ئەوانەی باسیان دەکەم بەر لە شووکردنم بە ئاشتی هەورامی بووە.

**رووداو: بەڵام دەگوترێ کە گەڕاپیتەوە کوردستان خاوەنی تەنیا 10 هەزار دۆلار بوویت؟**

**چراخان رەفیق:** کە من بڕیارم دا بەیەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان بەدەستی خاڵی نەهاتمەوە، بە 10 هەزار دۆلاریشەوە نەهاتمەوە، بەڵکو 50 ملیۆن دۆلارم لەگەڵ خۆم هێنا، ئەمە جگە لە داهاتی کۆمپانیاکانی باوکم، بۆ ئەو قسانەشم بەڕێز رێباز حەملان، وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان شایەتە.

**رووداو: کە گەڕایتەوە کوردستان سەرمایەدارە پیاوەکان خۆیان لێ نزیک نەدەکردییەوە؟**

**چراخان رەفیق:** بەڵێ. زۆر کەس چاوی بڕیبووە سەروەت و سامانەکەم، بەڵام دواجار من ئاشتی هەورامیم هەڵبژارد تاوەکو شووی پێ بکەم.

**رووداو: ئاشتی هەورامی ژنی هەیە، چۆن رازی بوویت سەر بە هەوێ شوو بکەی؟**

**چراخان رەفیق:** نەخێر کە من شووم پێکرد لە ژنەکەی جیابووبووەوە؟

**رووداو: منداڵتان هەیە؟**

**چراخان رەفیق:** داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەتان بدەمەوە.

**رووداو: بۆچی شووکردنت بە ئاشتی هەورامی بە نهێنی بوو؟**

**چراخان رەفیق:** نەخێر بە نهێنی نەبووە، بنەماڵەی هەردوولامان ئاگادار بوون، تەنانەت حیزب و حکومەتیش ئاگادار بوون، خۆ من مایک هەڵناگرم و هاوار بکەم بڵێم شووم بە وەزیری سامانە سروشتییەکان کردووە.

**رووداو: عاشقی ئاشتی هەورامی بوویت، یان پلە و پۆستەکەی؟**

**چراخان رەفیق:** من عاشقی ئاشتی بووم، نەک پارە و پۆستەکەی، چونکە وەک باسمکرد من بەر لەوەی شوو بە ئاشتی هەورامی بکەم، سەرمایەدار بووم. ئێستاش عاشقی ئەوم، تا کۆتاییش هەروا دەبم و ئەوم دەوێت.

**رووداو: لە کاری بزنسدا ئاشتی هەورامی تا چەند هاوکاریت دەکات؟**

**چراخان رەفیق:** هیچ هاوکارم نییە و نەبووە، زۆرجار گلەییشی لێ دەکەم کە هاوکاریم ناکات.

**رووداو: سەرمایەکەت چەندە؟**

**چراخان رەفیق:** ببوورن ناتوانم ئاشکرای بکەم.

**رووداو: ئەی تۆ دەوڵەمەندتری یان ئاشتی هەورامی؟**

**چراخان رەفیق:** ئاشتی هیچی نییە، تەنیا خاوەنی خانوویەکە لە بەریتانیا.

**رووداو: دەخیلەتان یەکە یان جیایە؟**

**چراخان رەفیق:** من سەرمایەدارم و پێویستم بە پارەی ئاشتی هەورامی نییە.

**رووداو: زۆر گلەیی لە مێردەکەت دەکرێ کە کەسێکی ناشەفافە و تەنیا خۆی دەزانێت نەوتی کوردستان چۆن دەردەهێنرێت و چۆن دەفرۆشرێ و بە کێ دەفرۆشرێ و داهاتەکەی چەندە؟**

**چراخان رەفیق:** بەدەر لە سۆزی هاوژینیم بۆ ئاشتی هەورامی. مەلەفی نەوت زۆر روون و ئاشکرایە، هیچ شتێک بەبێ گەڕانەوە بۆ پرس و رای ئەندامانی لیژنەی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان نەکراوە کە ئەندامانی حیزبەکانی تێدایە. من دەڵێم ئەوەی دەگوترێ بێ بنەمایە و تەنیا بەهۆی ململانێی سیاسییە، دەنا پرسیارێک دەکەم: ئەگەر وەزیری سامانە سروشتییەکان بە چەپ و راست دەدزێ، ئەی خێرە حیزبەکان بەگیرفانی بەتاڵەوە سەیری ئاشتی دەکەن بدزێ؟ ئەی ئەو حیزبانە بەچی بەڕێوەدەچن، ئەوە چەواشەکردنی خەڵکە. من پێتان دەڵێم هەتا ئاشتی نەڕوات، نازانن چی بۆ کوردستان کردووە.

**رووداو: دەڵێن ئاشتی هەورامی بەبێ پرسکردن بە تۆ هیچ بڕیارێک لە وەزارەتەکەی نادات؟**

**چراخان رەفیق:** ئەوە دوورە لە راستی، ئاشتی کەسێکی ژیر و جددیە لە کاری خۆیدا. بەڵێ من هەمیشە پشت و پەنای ئاشتیم نەک بڕیاری من پیادە بکات. من لە پشت ئەو شیکپۆشییە و رێکوپێکییەی ئاشتیم، خۆم جلوبەرگ و بۆنەکانی بۆ ئامادە دەکەم.

**رووداو: دەتوانی وەسفێکی ئاشتی هەورامی بکەیت؟**

**چراخان رەفیق:** کەسێکی عینادە، زوو توورە دەبێ و بڕیار تەنیا بڕیاری خۆیەتی، بەڵام لە مامەڵەکردندا کەسێکی تا بڵێی بەڕێزە، لە کارکردنیشدا زۆر جدییە.

**رووداو: لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا بڵاوکراوەتەوە کە تۆ خاوەنی دوو کۆمپانیای "وەهمی" بیت، بەناوەکانی زیپۆ و لاناز، ئاشتی هەورامی مانگانە 50 هەزار تۆن نەوتی رەش بە "نایاسایی" دەداتە ئەو دوو کۆمپانیایە، گوایە کارگەی قیریان هەیە. ئەو دوو کۆمپانیایە هی تۆن؟**

**چراخان رەفیق:** بە تەحەدداوە دەڵێم من خاوەنی ئەو دوو کۆمپانیایە نیم، هەر کەسێک بەڵگەی هەیە کە من خاوەنی ئەو دوو کۆمپانیایەم با بڵاوی بکاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادارم ئەو دوو کۆمپانیایە خزمەتی باشیان بە خەڵکی کوردستان کردووە.

**رووداو: ئەی پاڵاوگەی نەوتت هەیە؟**

**چراخان رەفیق:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک پاڵاوگەی نەوتم نییە، ئەوەی دەگوترێت پڕوپاگەندەی حیزبێکە کە داوایان لە وەزیری سامانە سروشتییەکان کردبوو پاڵاوگە دابنێن، بەڵام وەزیر رازی نەبوو.

**رووداو: دەڵێن وازت لە کاری بزنس هێناوە، بۆچی؟**

**چراخان رەفیق:** بەڵێ ئێستا خۆم وازم هێناوە، بەڵام گرووپی کۆمپانیاکانم ئیشی خۆیان دەکەن و سەرپەرشتیاریان هەیە. راستییەکەی لەبەر خاتری ئاشتی هەورامی ئێستا کار ناکەم.

**رووداو: ئەی رۆژانە خۆت بە چی سەرقاڵ دەکەی؟**

**چراخان رەفیق:** وەرزش دەکەم، جگە لەوەش سەرقاڵی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی فۆکۆیاما و پۆستاین گاردەر و عەلی وەردیم. لێت ناشارمەوە حەز دەکەم سەفەری حەج بکەم، لە خودا دەپاڕێمەوە حەجم بە قسمەت بکات.

**رووداو: بەردەوام تەسبیحێکت بەدەستەوەیە، نهێنی ئەمە چییە؟**

**چراخان رەفیق:** راستە، بەردەوام زیکری خودا دەکەم و نوێژیش دەکەم.

**رووداو: دەڵێن سەرقاڵی کاری خێرخوازیشیت؟**

**چراخان رەفیق:** بەڵێ، تاوەکو ئێستا 10 ملیۆن دۆلارم لە کاری خێرخوازیدا بەخشیوە. لە شەڕی داعشدا ملیۆنێک دۆلارم داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕدا بریندار بوون و بۆ چارەسەر رەوانەی دەرەوەی کوردستان کراون. بەردەوامیش دەبم لەسەر یارمەتیدانی پێشمەرگە بریندارەکان، چونکە هەرچییەک بۆ پێشمەرگە بکەی هەر کەمە.

بەڵام لێرە داوایەکم لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە تا بۆیان دەکرێت پێشمەرگە بریندارەکان پشتگوێ نەخەن.

**رووداو: بۆچی کارە خێرخوازییەکانت دوور لە چاوی میدیا دەکەی؟**

**چراخان رەفیق:** ئەوەی بۆ من گرنگە خەڵکانێک هەن پێویستیان بە هاوکارییە و من هاوکارییان بکەم، نەک بە خەڵک رابگەیەنم کە من هاوکاریی خەڵک دەکەم. بەڵام هەندێکجار گرنگە کارەکانت بە ئاگاداری میدیا بێت، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ سەرمایەدارەکان.

**رووداو: یەکێتییەک هەیە بەنێوی یەکێتی ژنانی خاوەنکار، پەیوەندیت لەگەڵیان هەیە؟**

**چراخان رەفیق:** نەخێر هیچ پەیوەندییەکم پێیانەوە نییە.

**رووداو: بەنیاز نیت دەست بە کاری بزنس بکەیتەوە؟**

**چراخان رەفیق:** جارێ نەخێر، بەڵکو لە بەرنامەمدایە کارە خێرخوازییەکانم فراوانتر بکەم و هاریکاریی زیاتری خێزانی شەهیدان و برا پێشمەرگەکان بکەم، چونکە بەڕاستی ئەو کارە زۆر ئاسوودەم دەکات.

**رووداو: قسەیەک هەیە دەڵێت دۆڕان لە بەرامبەر کەسێکی ژیردا باشترە، لەوەی لە کەسێکی گەمژە ببەیتەوە، ئەم قسەیەت پێ چۆنە؟**

**چراخان رەفیق:** دۆڕان بەرامبەر کەسێکی ژیر زۆر باشترە لە خەڵەتاندنی گەمژەیەک بۆ ئەوەی سەرکەوتووبیت. مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرمایەیەکی زۆر بەدەست بهێنێ، خۆ دەبێت ژیر بێت، بەواتای عاقڵ بێت و بە عەقڵ کار بکات و پلانی هەبێت بۆ سەرکەوتن. سەروەت و سامان ئازادیت پێ نابەخشێ، عیشق و ئازادی بە پارە ناکڕدرێت، ناشتوانی بیانخەیتە ژێر رکێفی خۆتەوە. پەندێک هەیە دەڵێت زەحمەت و هەوڵەکان کاسەی شادی و خۆشبەختی قووڵتر دەکات. دوژمنەکەت عاقڵ بێت، چاکترە لەوەی نەزان بێت.

**رووداو: هەر کەسێک فەلسەفەیەکی هەیە بۆ ژیان. فەلسەفەی تۆ بۆ ژیان چییە؟**

**چراخان رەفیق:** فەلسەفەی ژیانی من خێرخوازییە، مادام دەتوانم و خوداش هاوکارمە، هەمیشە بیرکردنەوەکانم بە ئاراستەی هاوکاریی ئەوانی دیکە بووە.

**چوار ساڵە شووم بە ئاشتی هەورامی کردووە**

**10 ساڵ لە ئەڵمانیا کاری بزنسم کردووە**

**شووکردنم بە ئاشتی هەورامی بە نهێنی نەبوو، حیزب و حکومەت ئاگادار بوون**


**ئاشتی هەورامی هیچ هاوکاری نەکردووم و گلەییم لێی هەیە**

**ئاشتی هەورامی لە خانوویەک زیاتر لە بەریتانیا هیچی دیکەی نییە**

**رێباز حەملان شایەتە کە من بەرلەوەی شوو بکەم سەرمایەدار بووم**

**من عاشقی ئاشتی هەورامی بووم نەک پارە و پۆستەکەی**

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31



## ئۆجەلان هەڤپەیڤین ناکات

**ڕووداو- ئیفەر**

ئیدریس بالوکەن، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراسی گەلان HDP ڕایگەیاند عەبدوڵڵا ئۆجەلان هیچ هەڤپەیڤین و بانگەوازێکی تەلەفزیۆنیی نابێت و AKP هەوڵدەدات خەڵک لە چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە.

ئیدریس بالوکەن کە لە هەمانکاتدا ئەندامی ئەو شاندەیە کە لەلایەن HDPەوە دەنێردرێتە زیندانی ئیمراڵی بۆ لای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، گوتیشی "ئەوە بەشێکە لەو شەڕە دەروونییەی دەکرێت بۆ ڕزگارکردنی AKP لەو بارە ئاڵۆزەی تێیکەوتووە". بەپێی زانیارییەکان، هەفتەی ڕابردوو تیمێکی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی تورکی چووەتە دوورگەی ئیمراڵی، بەڵام تائێستا ناوی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە ئاشکرانەکراوە.

بەپێی ڕاپرسییەکان:

# هەدەپە هەڵدەکشێ و ئاکپارتی دادەکشێ



**ڕووداو- هەولێر**

سەنتەرەکانی ڕاپرسی لە تورکیا هەر لە ئێستاوە پێشبینیی خۆیان، بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوەخت کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم بەڕێوەبچێت دەخەنەڕوو، بەپێی پێشبینییەکانی ئەوان، ئاکپارتی پێگەی لە نێو دەنگدەرانی کورد لاوازتر دەبێت. بۆ هەدەپەش بۆچوونی جیاواز هەیە.

دوای شکستی هەوڵەکانی ئاکپارتی لەپێکهێنانی حکومەت، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی داهاتووی بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن (هەڵبژاردنی پێشوەخت) دیاریکرد. هەر لە ئێستاوە نیگای هەموو ناوەندە سیاسییەکانی تورکیا لەسەر ڕێژەی دەنگی پارتەکان و شێوەی حکومەتی داهاتووی تورکیایە.

زۆربەی پارتەکان و ناوەندەکانی ڕاپرسی پێیانوایە ئاکپارتی و سەرۆک کۆمار ملکەچی ئیرادەی دەنگدەر و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران نەبوون، دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنیش بە هەوڵێکی دیکەی ئاکپارتی دەزانن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەتەنیا حکومەت پێکبێنێ، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموو پێشبینی و ڕاپرسییەکان ئەوەیە کە جارێکی دیکەش ئاکپارتی ناتوانێ بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێ.

موراد گەزیجی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای گەزیجی بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەی سیاسی بە (ڕووداو)ی گوت، ڕۆژی 23ی ئەم مانگە ڕاپرسییەکیان لە 7 ناوچەی تورکیا ئەنجامداوە، بەگوێرەی ئەنجامەکانیش ئاکپارتی 38.9%ی دەنگەکان بە دەستدێنێ، واتە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران، دەنگەکانی بە ڕێژەی 3% کەم دەبێتەوە.

هەر لەوبارەوە کەمال ئۆزکیراز، سەرۆکی ناوەندی ئەڤراسیا بۆ ڕاپرسی، هەمان پێشبینی ڕاگەیاند. کەمال بە (ڕووداو)ی گوت "لەهەموو ناوچەکانی تورکیا ئاکپارتی جارێکی دیکە تووشی لەدەستدانی دەنگ دەبێت. بەڵام زۆرترین ڕێژەی دەنگەکانی لە ئیستانبوڵ لە دەستدەدات".

لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا، ئاکپارتی لە تەواوی تورکیا و بەتایبەتیش لە باکووری کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر دەنگدەری کوردی لەدەستدا. هەندێک ناوەند پێیانوابوو، 4%ی ئەو دەنگانەی بۆ هەدەپە ڕۆیشتن، دەنگی ئاکپارتی بوون.

زۆربەی ناوەندەکانی ڕاپرسی کۆکن لەسەر ئەوەی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگەکانی لە کورتی دەدات، بەڵام لەبارەی ڕێژەی کورسییەکانی ئاکپارتی لە ناوچە و شارە کوردییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە.

لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا ئاکپارتی لە باکووری کوردستان 25 کورسیی هێنا. کەمال ئۆزکیزار پێیوایە دەنگەکانی ئاکپارتی لە باکووری کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزن "لەدوای یەکی تشرینی دووەمی داهاتوو، ئاکپارتی لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات، دەبێتە پارتی تابلۆ، زیاتر لە 50%ی دەنگەکانی لەو ناوچانە لەدەست دەدات و ڕەنگە لە 8 کورسی زیاتر نەهێنێ".

ئۆزەر سنجار، بەڕێوەبەری کۆمپانیای مەترۆپۆلیش پێشبینیەکەی بەڕێوەبەری ئەڤراسیای پشتڕاست کردەوەو بە (ڕووداو)ی گوت "دەنگەکانی ئاکپارتی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات زۆر لە کورتی دەدات، بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوەی بە ژمارە ڕێژەی لە کورتیدانی دەنگەکان بخەینەڕوو".

بەڵام موراد گەزیجی، بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت "هەدەپە دەنگدەری کوردی موحافزکاری لە باوەش نەگرتووە. ئەمە لاوازترین خاڵی هەدەپەیە. ئاکپارتی ئەوە بەکاردێنێ، ئاکپارتی لە ڕۆژهەڵات دەنگەکانی زیاتر دەکات. بەڵام لە ڕۆژئاوا دەنگی کورد لە دەست دەدات".

### "هەدەپە سێیەم دەبێ"

هەفتەی ڕابردوو، کۆمپانیای مەترۆپۆڵ لە ڕاپرسیی مانگی ئابدا، ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراوی بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ڕاپرسیی ئەو کۆمپانیایە، هەدەپە لە هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەمی داهاتوودا دەبێتە پارتی سێیەم و پێش مەهەپە دەکەوێت.

دوای دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی داهاتوو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە، هەدەپە لەسەر زاری هاوسەرۆکە ژنەکەی، ڤیگان یوکسەلداغ ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەوان لە هەڵبژاردنی داهاتوو بەدەستهێنانی 20%ی دەنگەکان و بەشداریکردنە لە حکومەت.

موراد گەزیجی ڕەخنە لە کەمپینی هەڵبژاردنی هەدەپە دەگرێت و پێیوایە گشتگیر نییە "زۆربەی دەنگدەرانی هەدەپە گەنجن. لە تورکیا زۆربەی کورد دیندارە. 75%ی دەنگدەری کورد بە (دیندار) خۆی پێناسە دەکات. لەو ڕووەوە هەدەپە کەمتەرخەمە. لە کەمپینی خۆیدا حیساب بۆ ئەو توێژە ناکات. سووربوونی هەدەپە لەسەر گوتاری چەپ، ئاستەنگە لەبەردەم بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی".

گەزیجی ڕەتیکردەوە هەدەپە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پێش مەهەپە بکەوێت و گوتی "بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوونادات".

بەڵام کەمال ئۆزکیراز پشتگیری لە ڕاپرسییەکەی مەترۆپۆڵ دەکات و بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی هەدەپە بە چەند هۆکارێکەوە دەبەستێتەوە. لەو بارەیەوە دەڵێت "دەنگەکانی مەهەپە لە کورتی دەدەن. لەبەرامبەردا گێچی دەنگی هەدەپە هەڵدەکشێت. ئاکپارتی لە ناوچە کوردییەکان لە نیوەی زیاتری دەنگەکانی لە دەست دەدات. هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری گۆڕانکاری لە ڕیزبەندی دەنگی پارتەکان".

هەردوو ناوەندی گەزیجی و ئەڤراسیا لەبارەی حکومەتی داهاتووی تورکیاوە، پێیانوایە حکومەتی هاوپەیمانی دروست دەبێت. بەڵام کێ حکومەت لەگەڵ ئاکپارتی دروست دەکات، بۆچوونی جیاوازیان هەیە. موراد گەزیجی پێیوایە "حکومەتی داهاتوو حکومەتی زۆرینە دەبێت و ئاکپارتی و جەهەپە بەیەکەوە حکومەت دروست دەکەن". بەڵام بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاڤراسیا دەڵێت "دەنگەکانی مەهەپە لە کورتی دەدەن. ئەو پارتە لاواز دەبێت، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی گۆشەگیر نەبێ، پاڵ دەداتە ئاکپارتی و بە لاوازی بەشداری حکومەتی هاوپەیمانی دەکات".

ڕاپرسیی دەزگای مەترۆپۆل:

**هەدەپە پێش مەهەپە دەکەوێت**

ڕاپرسیی دەزگای گەزیچی:

**دەنگەکانی ئاکپارتی بۆ 38.9 % دادەبەزن**

بەرپرسی دەزگای ئەڤراسیا:

**ئاکپارتی لە باکووری کوردستان 50 %ی دەنگەکانی لە دەست دەدات**

پرۆفیسۆر فوئاد کایمان، ئەکادیمیست و توێژەری تورک بۆ (ڕووداو):

# کەمیی ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیی ئاکەپەیە




پرۆفیسۆر د.فوئاد کایمان لە زانکۆی سابانجی مامۆستای بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. هەروەها ڕاگری ناوەندی لێکۆڵینەوەی دیموکراتی و جیهانگیرییە. لە تورکیا وەکو پسپۆڕی بواری جیهانگیری، پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، پەیوەندیی تورکیا و یەکێتی ئەورووپا ناسراوە. لەناو دەستەی ئاقڵمەنداندا لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی کێشەی کورد کردووە. کایمان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هەڵبژاردنی پێشوەختی تورکیا و دەستپێکردنەوەی شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا و چارەنووسی پرۆسەی چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیا دەکات.

ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: دەگوترێ هەر لەسەرەتاوە پێناسەی پرۆسەی چارەسەری بە هەڵە کرا. پێتوایە ئاکەپە پێناسەی پرۆسەی چارەسەری گۆڕیوە؟**

**فوئاد کایمان:** کاتێک سەیری ئەزموونی وڵاتان دەکەین، ئەو جۆرە پرۆسانە ڕاناگیرێن، لەناو سەلاجە هەڵناگیرێت و بۆ دواوە ناگەڕێتەوە. ئەگەر شەڕیش هەبێ پرۆسەکە ناوەستێنرێ. لە ئێرلەندا و ئیسپانیا ئەو پرۆسەیە بەردەوام بوو. یەکێک لە ناڕوونییەکان، ڕاگرتنی پرۆسەکە و گەڕانەوەیە بۆ دواوە. ئاکپارتی ئەگەر بیەوێ پرۆسەی چارەسەری بەردەوام بێت، دەبێ سەرەتا چەکەکان بێدەنگ بکات، بەڵام ئەوە بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت هەنگاویش بۆ چارەسەری پرسی کورد بنێ. بۆ ئەمەش دەبێت متمانە لەنێوان هەردوولا دروست ببێت. پێموایە پێناسەکردن و شێوازی چارەسەریش کێشەی لەسەرە.

**ڕووداو: ئایا ئاکەپە لەڕێی پرۆسەی چارەسەری ویستی چی بکات؟ مەبەستی لەناوبردنی پەکەکە بوو بە پێدانی چەند مافێکی کەم بە کورد؟**

**فوئاد کایمان:** پێویستە بەمشێوەیە نەبێت. گەورەترین سەرکەوتنی پرۆسەی چارەسەری تاوەکو ئەمڕۆ، سەرکەوتنی هەدەپە بوو کە توانی بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنێ. بۆیە پێموایە هیچ بیانوویەک نەبوو بۆ ئەوەی پەکەکە دەست بە شەڕ بکاتەوە. دیارە پەکەکە نیگەرانە لە سەرکەوتنی هەدەپە، دەڵێ ئەگەر هەدەپە بەمشێوەیە بەهێز بێت، پێگەی من لەناو سیاسەت و دەسەڵات چی دەبێت. ئەو پرۆسەیەی پەکەکە لەدوای هەڵبژاردن دەستی پێکردووە مایەی قەبوڵکردن نییە. بەمشێوەیە زیانی گەورەی بە هەدەپە و پرۆسەی چارەسەری گەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی ئاکەپە لەبەرامبەر هەدەپەدا لەدوای هەڵبژاردن، وەکو ئەوەی نەبێت و حیسابی بۆ نەکات، ئەویش مایەی قەبوڵکردن نییە.

**ڕووداو: مەسەلەی کورد لە تورکیا هیچ مەترسییەکی لەسەرە؟**

**فوئاد کایمان:** بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە تەنیا سەیری بەهێزبوونی هەدەپە و کاردانەوەی پارتەکانی تورکیا و کردەوەکانی پەکەکە نەکەین. پێویستە سەیری بارودۆخی ناوچەکەش بکەین. مەسەلەی داعش، کۆبانێ، ڕووداوەکانی سووریا و عێراق لەبەرچاو بگرین. کاتێک سەیری هەموو ئەوانە دەکەین، هاوکێشەیەکی زۆر ئاڵۆز هەیە. لە عێراق و سووریا دەوڵەت ڕووخاوە، کورد لەدژی داعش شەڕێکی گەورەی کرد، تا دێت لەناوچەکەدا دەبێتە ئەکتەرێکی گرنگ. بۆ ئەوەی بزانین لە هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجامەکان دەگۆڕێن یان نا، پێویستە سەیری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بکەین. کاتێک ئەمانە دەبینم، پێموایە پەکەکە خوێندنەوەیەکی هەڵەی کردووە کە دەستی بەشەڕ کردەوە.

دیسان کاتێک سەیری بارودۆخی ناوچەکە دەکەین، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە جارێکی دیکە پرۆسەی چارەسەری کارا دەکرێتەوە. لەم بارەیەوە هەڵوێستی ئەمریکا و ئەڵمانیا گرنگە، کاتێک دەڵێن پێویستە لایەنەکان بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. لێرەدا ڕۆڵی ئۆجەلان و پەیوەندیی قەندیل — هەدەپە گرنگە، پێموایە بڕیارێک لەبارەی ڕاگرتنی شەڕ دەدرێت. هەرچەندە لە هەڵبژاردن نزیک ببینەوە، ئەگەری ئاگربەست زیاتر دەبێت.

**ڕووداو: هەڵوێستی سەرکۆمار لەبارەی کێشەی کورد واقیعییە یان کاردانەوەیە؟**

**فوئاد کەیمان:** سەرەتا واقیعی بوو، بۆیە پرۆسەی چارەسەری دەستی پێکرد. من نەورۆزی 2013 لە ئامەد بووم، ئەمانە هەموو هەنگاوی واقیعی بوون، بەڵام دوای ئەوە دەبینە شایەتی دەستپێکردنی قۆناغی ناواقیعی و کاردانەوە، وەکو قبوڵنەکردنی لێکتێگەیشتنی دۆڵمەباخچە، ڕێگە نەدان بەچاودێریی ئاقڵمەندان و هەروەها هەڵوێستەکانی لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن و سووکایەتی کردن بە هاووڵاتیانی کورد. بەڵام دەکرێ جارێکی دیکە ببێتەوە واقیعی، چاوەڕێی ئاگربەست یان دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری دەکرێت.

**ڕووداو: ئەردۆغان دەخوازێ هەمان ستراتیژی هەڵبژاردنی ڕابردوو دووبارە بکاتەوە، هەدەپە لەژێر بەربەستی هەڵبژاردن بمێنێتەوە. پێتوایە جارێکی دیکەش ئەو ستراتیژە پێچەوانە دەبێتەوە؟**

**فوئاد کایمان:** من هەڵبژاردنی پێشوەخت وەکو قومار دەبینم. دیارە هەدەپە جارێکی دیکە بەربەستی هەڵبژاردن تێدەپەڕێنێ، بۆیە ئاکپارتی بیر لە دواخستنی هەڵبژاردن، یان کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردن دەکاتەوە. ئاشکرایە دەنگەکانی ئاکەپە زیاد ناکات، بەڵام ئەگەر ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن کەم بێت، ئاکەپەش بتوانێ دەنگدەرانی بباتە سەر سندوقەکانی هەڵبژاردن، ژمارەی دەنگەکانی زیاد دەکات و ئەوکات حکومەتی زۆرینە دروست دەکات. بۆیە ئاکپارتی دەستبەرداری ستراتیژی هێشتنەوەی هەدەپە لەژێر بەربەستی هەڵبژاردن دەبێت و ستراتیژی کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردن دەگرێتەبەر. ئەمڕۆ لەناوچەکە (باکووری کوردستان) هاووڵاتیان لە ئاکەپە و پەکەکە زۆر تووڕەن. بەگوێرەی زانیارییەکان ڕێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردن کەم دەبێتەوە. ئەمەش بە سوودی ئاکەپە دەشکێتەوە. ئەوەی دەتوانێ ئەو ستراتیژەی ئاکەپە ئاستەنگ بکات تەنیا پەکەکەیە. دەبێت پەکەکە هێرش بۆ سەر پۆلیس ڕابگرێت، واز لە ڕاگەیاندنی خۆسەری بێنێ. بەمە دەنگدەری ناوچەکە بەبێ ترس دەتوانێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکات.

**ڕووداو: پەکەکە ستراتیژی شەڕی گۆڕی. ئەمە بەرقەرارکردنی ئاشتی زەحمەتتر ناکات؟**

**فوئاد کایمان:** بەڵێ، چونکە شارەکان بوونەتە گۆڕەپانی شەڕ، کاتێک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەیری مەسەلەکە دەکەین، ئەوانەی هەڵی کاریان بۆ نارەخسێ، بە ڕەشبینی سەیری دوارۆژ دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 15 — 25 ساڵانە، لە زەمینەی توندوتیژی پێگەیشتوون، زۆر زەحمەتیان بینیوە، توندوتیژی دەگوازنەوە نێو کۆمەڵگا. لەوانەیە پەکەکە تا سەر نەتوانێ ئیدارەی ئەو گەنجانە بکات، بۆیە ئەو شەڕ و پێکدادانە بۆ هەموو لایەنەکان زۆر زیانی هەیە. گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی گرنگ هەیە کە دەبێت حیسابی بۆ بکرێت. واتە دەبێت پەیوەندی نێوان گەنج و توندوتیژی، سیاسەت و توندوتیژی باش بخوێندرێتەوە. بۆیە ڕاگرتنی توندوتیژییەکان لە بەرژەوەندیی پەکەکەیە.

**ڕووداو: لە یەکێک لە نووسینەکانتدا دەڵێی: "دەنگدەری تورکیا لەسەر بنەمای ناسنامە دەنگ دەدات" ئایا ئەمە بۆ بزووتنەوەی سیاسی کورد خاڵێکی ئەرێنییە و بۆ ئاکەپە نەرێنی؟**

**فوئاد کایمان:** ئەمە بۆ ئەوەی هەدەپە بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنێ ئەرێنییە، بەڵام زەمینەی بە نەرێنی بوونیش هەیە، چونکە 11%ی دەنگەکانی هەدەپە دەنگی کورد بوو، 2%ی دەنگی تورک بوو. ستراتیژی هەڵبژاردنی هەدەپە، ستراتیژێکی سەرکەوتوو بوو. لەلایەک بووە ئەکتەری سەرەکی کورد و لەلایەکی دیکە بووە پارتی تورکیا، ئێستا هەدەپە بۆ تورکیاییبوون، ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. ئەگەر هەدەپە دەنگدەری تورک لە دەست بدات، دەرگاکانی سازانی لێ دادەخرێت. بۆ داهاتووی ئەو پارتە باش نابێت.

> پەکەکە زیانی گەورەی لە هەدەپە داوە

> تەنیا پەکەکە دەتوانێ ستراتیژی ئاکەپە بوەستێنێ

> پەکەکە هەڵەی کرد دەستی بە شەڕ کردەوە

## مۆڵەتی مانگێکیان دراوەتێ کەرکووک جێبهێڵن

# بەغدا رازی بووە ئاوارەکانی کەرکووک دەربکرێن

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بۆ یەکەمجار توانی کۆبوونەوەیەکی بێ مشتومڕی توند لە بارەی دیاریکردنی چارەنووسی ئاوارەکان بکات. لە کۆتاییدا هەموو پێکهاتەکانی نێو ئەنجومەنەکە دەنگی "بەڵێ"یان دا بۆ ئەوەی دەرگا لەسەر ناردنەوەی ئاوارەکان بکرێتەوە، بەڵام بەرپرسێکی ئەمنی لەو شارە، هێشتا دەترسێ "گرنگ ئەوەیە وەک عەرەبە 10 هەزارییەکان خۆیان لە چاوی کاربەدەستانی شارەکە ون نەکەن".

محەممەد عەبدوڵڵا، هاووڵاتییەکی شاری کەرکووکە و هەموو ئەو مەینەتییانەی بەچاوی خۆی بینیوە کە لە ساڵی 1975ەوە بەسەر کورد دێن لەو شارە، لە زۆربەی ئەو رێگە یاسایی و سیاسییانەش نائومێد بووە کە گیرانەبەر بۆ راستکردنەوەی باری دیمۆگرافیی شارەکە "ئاواتەخوازم رۆژێک ببینم ماڵێکی عەرەب بچنەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون".

ئەو هاووڵاتییە تەمەن 70 ساڵە خانەنشین بووە و گومانی نییە لەوەی "کەرکووکی جاران بەوە دێتەوە، زۆربەی دانیشتووانەکەی کورد بن، نەک وەک ئێستا کوردەکە نەوێرێ سەر بەرز بکاتەوە".

لە دوای کەوتنی رژێمی پێشووی عێراق، کورد گرەوە گەورەکانی خۆی لە کەرکووکدا بچووککردنەوە، پاش ئەوەی لە گێڕانەوەی شارەکەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان هاتە سەر ئەوەی چۆن ئەو عەرەبە هاوردانە بنێرێتەوە کە باڵانسی دیمۆگرافیی شارەکەی پێ ناهاوسەنگ کرابوو، ئەوەش بۆ سەرژمێرییە چارەنووسسازەکەی داهاتووی کورد لەو شارە، نائومێدکەرە. کەچی سەرباری شکستهێنان لەو پرۆسەیەدا، بەردەوام عەرەبی دیکە وەکو ئاوارە سەریان تێناوە.

### پتر لە نیو ملیۆن ئاوارە

ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ "نزیکەی 550 هەزار ئاوارەی دیکە لە پارێزگاکانی تکریت و دیالە و چەند ناوچەیەکی دیکەی عەرەبنشینەوە، بەناوی ئاوارەی شەڕی داعشەوە هاتوونەتە کەرکووک".

بەڵام عەسکەری دەڵێت دەستەوەستان دانەنیشتوون بەرامبەر ئەو ئاوارانە و تەواوی فەرمانگە ئیداری و خزمەتگوزارییەکانی کەرکووکیان ئاگادار کردووەتەوە کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکان بکەن و رێگە نەدەن کەس لەوانە فۆرمی خۆراک و نفوس و مامەڵەکانیان لە پارێزگاکانی خۆیانەوە بگوازنەوە "هەر فەرمانگەیەک کاری لەو جۆرەیان بۆ بکات، بە توندی سزا دەدرێت، چونکە ئێمە ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ تەعریب و ئەو ئاوارانە هەیە کە ناگەڕێنەوە".

پێشتر و بەدیاریکراوی، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیارێکی دەرکرد، بەپێی بڕیارەکە ئاوارەکان دەتوانن فۆرمی خۆراک و تەنانەت نفوسیشیان بگوازنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی ئاوارەبوون. ئەوەش جارێکی دیکە دەرگای مەترسی لەسەر دیموگرافیای کەرکووک کردەوە. عەسکەری دەڵێ "ئەو بڕیارەمان بە خێرایی رەتکردەوە"، گوتیشی "ئێستا دیالە بە تەواوی ئازاد کراوە و زۆربەری پارێزگای تکریتیش کێشەی نییە، بۆیە دەبێ ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان".

### بەغدا رازی بووە بە ناردنەوەیان

ئاوارەکان نەک هەر مەترسین بۆ سەر دیموگرافیای شارەکە لە ئایندەدا، بەڵکو بوونەتە بارێکی گران بەسەر شارەکەوە و بەهۆی ئەوانەوە خزمەتگوزاری لە شارەکەدا کەموکوڕیی تێکەوتووە.

رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت دەڵێ "کەمبوونەوەی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان لە کەرکووک بەهۆی ئاوارەکانەوە بوو، هەر ئەوەش ناچاری کردین، بیر لە ناردنەوەیان بکەینەوە".

رێبوار تاڵەبانی گوتیشی کە فشاری زۆریان کردووە بۆ ئەوەی بەغدا رازی بکەن بە ناردنەوەی ئاوارەکان. ئەو گوتی "ئێستا رەزامەندیی حکومەتی بەغداش دەرچووە بۆ ناردنەوەی ئاوارەکان".

### 10 هەزارییەکان کاریگەرییان نەماوە

ئێستا کەرکووک بەشێوەیەکی رەها لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێ، ئەوەش دوای ئەوەی سوپای عێراق لە پارێزگا سوننەنشینەکان لەشەڕی داعش هەڵات و کورد بەرگریی لە کەرکووک کرد.

بەرپرسێکی ئەمنی لە کەرکووک، هێشتا دڵی ئاسوودە نییە بەوەی بەغدا لاری نییە لە ناردنەوەی ئاوارەکان "کێ دەڵێ ئەوەش وەک مەسەلەی 10 هەزارییەکانی لێ نایەت". ئەوبەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دان بەوەدا دەنێ کە "بەرپرسانی کورد کەمتەرخەم بوون لەوەی دۆزینەوە و دەرکردنی خێزانە عەرەبە قەرەبووکراوەکانیان نەدایە دەست هێزی ئەمنی".

بەڵام ئەحمەد عەسکەری، پێیوایە ئەو 10 هەزاریانەی قەرەبووکراونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە، مەترسییان بۆ سەر کەرکووک نەماوە "چونکە نفوس و هیچ مامەڵەیەکی فەرمییان لە کەرکووک نەماوە و ناویان رەشکراوەتەوە، سبەی ناتوانن بەشداری سەرژمێری بکەن".

کێشەی ئاوارەکان تەنیا ئەو مۆتەکە سیاسییە نییە کە دەیەوێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەتێپەڕینی کات نەهێڵێ تابلۆ راستەقینەکەی شارەکە دەربکەوێ، چونکە وەک عەمید ئازاد شێخ جەلال، جێگری ئاسایشی کەرکووک- پارتی باسی دەکات، ژمارەیەکی زۆر ئەندام و لایەنگری داعشیان لەنێو ئاوارەکاندا دەستگیر کردووە کە زۆربەیان خەڵکی دیالەن. گوتیشی "ئەگەر بڕیار درا بە هێز دەربکرێن، دەریاندەکەین، بەڵام ناکرێ تۆ بە زۆر خەڵک دەربکەیت".

### یەک مانگ مۆڵەتە

بەرپرسانی کەرکووک دەڵێن مۆڵەتی مانگێک دراوەتە ئاوارەکان تاوەکو شارەکە جێبهێڵن و ئەگەر لەو ماوەیە نەگەڕێنەوە، دەریاندەکەن.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە کەرکووکەوە بە (رووداو)ی گوت کە تاوەکو ئێستا "لەنێو ئاوارەکانی کەرکووکدا نزیکەی 50 کەس لە ئەندامانی داعش دەستگیرکراون و هێشتا خەڵکی دیکەش ماون لە نێویاندا". عەمید ئازاد شێخ جەلال، جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووکیش لە لایەنی پارتی، بەگومانە لەوەی لەنێو ئاوارەکانی کەرکووکدا شانەی نووستووی داعش هەبن.



■ (فۆتۆ: AFP)

**سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک:**
**لە شەڕی داعشدا 550 هەزار ئاوارە هاتوونەتە شاری کەرکووک**

**بەرپرسێکی ئاسایش:**
**لە نێو ئاوارەکانی کەرکووکدا شانەی نووستووی داعش هەن**

## "چاکسازییەکەی عەبادی خۆڵکردنە چاوی خەڵکە"

# کورد لە چاکسازییەکەی عەبادی بە گومان

### د.مەحموود عوسمان: عەبادی دەیەوێ شکستەکانی بەو چاکسازیانە پەردەپۆش بکات



نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

لەوەتەی حکومەتی پاش سەددام حوسێن لە بەغدا پێکەوەنراوە، کورد هێندەی ئێستا بێدەنگ نەبووە بەرامبەر ئەو بڕیارانەی حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی مەرکەزییانە دەریاندەکات، بەتایبەتی پاش ئەوەی جێگری سەرۆک وەزیران و دوو وەزیر و چەندین راوێژکاری کورد لە نێو حکومەتی عێراق، بە واژۆی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیران رەوانەی ماڵەوە کرانەوە. پەرلەمانتارێکی پێشووی کورد لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "عەبادی لە رێگایەکی دیکەوە عێراق بەرەو مەرکەزیەت دەباتەوە، ئەویش بیانووی جێبەجێکردنی داخوازیی خۆپێشاندەرانە".

ئەحمەد رەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، باسی ئەو بڕیارە یەک لە دوای یەکانە دەکات کە حەیدەر عەبادی بەناوی چاکسازییەوە رۆژانە دەریاندەکات "ئەوانە بەردی گەورەن کە هەڵیاندەگرێ، بەردی گەورەش نیشانەی نەهاویشتنە".

ئەحمەد رەشید پێیوایە کەمکردنەوەی پاسەوان و وەزیر و وەزارەت و کاربەدەست ئاسانە "بەڵام دژایەتیی گەندەڵی قورسە، ئەمڕۆ لە عێراق مافیاگەلی گەورە خەریکی گەندەڵین، سەتان ملیار دۆلار چووەتە دەرەوەی عێراق".

ئەو سەرۆک وەزیرە نوێیەی کە شیعەکان بە هەندێک دەستی کراوەوە قوتیان کردەوە، بۆ ئەوە بوو کە درێوییەکانی حکومەتی تەمەن 8 ساڵەی نووری مالیکی لە بیری خەڵک بباتەوە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە شوێنێکی رێزدارتر بۆ عێراق بدۆزێتەوە لە نێو راپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا.

رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ شەفافیەت، لە راپۆرتێکدا ریزبەندی وڵاتانی جیهانی لە بواری شەفافیەت و گەندەڵی لە ساڵی 2014 بڵاوکردەوە کە عێراقی بە یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دانابوو. عێراق لەناو 175 وڵاتی جیهاندا لە بواری شەفافیەتەوە لە پلەی 170دا بوو.

عێراق لەگەڵ چوار وڵاتی دیکەی عەرەبی: سودان، لیبیا، سووریا و یەمەن و هەروەها کۆریای باکوور بە گەندەڵترین وڵاتانی جیهانی پۆلێنکراوە.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق کە هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامییە، باسی ئەو گرێبەستە زەبەلاحانە دەکات کە ئاشکرا بوون "مولیدەی گەورەی کارەبا هێنراوە بە 46 ملیۆن دۆلار، کەچی لێکۆڵینەوەمان کردووە کەرتی تایبەت هەمان مولیدە بە 21 ملیۆن دۆلار دێنێ، هەموو گرێبەستەکان لەو حکومەتەدا دووقاتی پارەی خۆیەتی". هەروەها دەڵێ "تانکیان کڕیوە بە 19 ملیۆن، کەچی بە 3 ملیۆن دۆلارە، فڕۆکەی چیکی بە 166 ملیۆن دۆلار کڕدراوە، کەچی نرخەکەی 60 ملیۆن دۆلارە".

خۆپیشاندانەکان لە شەقامەکانی بەغدا رۆژ لە دوای رۆژ تاودەسێنن، داواکارییەکان تادێ زۆرتر دەبن و ئەمڕۆ وردەکاریی چیرۆکەکان، ئەو چیرۆکانەی لە ناوچەی سەوزەوە عێراقیان گەیاندووە بەو رۆژە تاریکە، گەیشتوونەتە گوێی خەڵک. حەیدەر عەبادی، بەناوی وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەرانەوە، بەردەوام بڕیار دەردەکات.

ئەندامێکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق وای دەبینێ کە ئەوەی عەبادی دەیکات "خۆڵکردنە چاوی خەڵکە".

عادل نووری، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق دەپرسێ: "لە کاتی حکومەتەکەی مالیکیدا مەگەر عەبادی خۆی سەرۆکی لیژنەی دارایی نەبوو لە پەرلەمانی عێراق و هەموو بەهەدەردان و گەندەڵییەکانی لەبەرچاو نەبوو؟".

### 600 ملیار دۆلار دیار نەماوە

ئەو پەرلەمانتارە کوردە کە ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە لە پەرلەمانی عێراق، هەموو داڕووخانی دۆخی عێراق دەخاتە ئەستۆی مالیکی و پاشان عەبادی "660 ملیار دۆلار لە عێراق دیارنەماوە. بەشێکی پارەی زۆری عێراق براوەتە ئێران، ئێران لەو ساڵانەی گەمارۆی لەسەر بووە بە پارەی بانکی ناوەندیی عێراق ژیاوە".

بەشێکی ئەو پارەیەی بەرپرسە عێراقییەکان لە نێو گرێبەستەکاندا دەریچەی شاردنەوە و خواردنیان بۆ دۆزیوەتەوە، ئەو پارەیە بووە کە عێراق بەهۆی شکانی بازاڕی نەوتەوە قەرزی کردوون. ئێستا نوێترین راپۆرتەکانی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و بانکی نەوتی جیهانی و بانکە زەبەلاحەکانی دیکە، باس لەوە دەکەن کە چیدیکە عێراق کەڵکی ئەوەی نەماوە قەرزی بدرێتێ.

### بۆ وەرگرتنی قەرزە

ئەحمەد رەشید دەڵێ ئەو چاکسازییەی عەبادی رایگەیاندووە، هێندەی بۆ خۆشکردنی زەمینەی قەرزی نێودەوڵەتییە، ئەوەندە بۆ چاکسازی نییە. بەڵام د. مەحموود عوسمان، پەرلەمانتاری پێشووی کورد لە عێراق، پێیوایە عەبادی سەرکەوتوو نەبووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد و سوننە و لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری "بەمە دەیەوێ شکستەکانی پەردەپۆش بکات". گوتیشی "ئەوەی دەیکات، نەدەستوورییە و نە یاساییە و نە لەگەڵ پەرلەمان موناقەشەی کردووە، من بەشتێکی سەیری دەزانم و دەشزانم کە ئەو پیاوە لە کۆتاییدا سەرناکەوێ".

د.مەحموود عوسمان دەڵێت هەوڵەکانی نووری مالیکی بۆ سەپاندنەوەی مەرکەزیەت لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبوو "عەبادیش هەمان شت دەکات، بەڵام لە رێگەی خۆپێشاندەرانەوە، ئەوەتا ئێستا خۆپیشاندەران داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دەستوور دەکەن و ئەویش وەڵامیان دەداتەوە، بەڵام پشتیوانیی نێودەوڵەتی نییە".

### کوردستان 1%ی عێراق گەندەڵە

وردە وردە، باشووری کوردستان لە دوای سەربەخۆ فرۆشتنی نەوتەوە، خەریکە ئاهێکی وەبەردا بێتەوە و دەیەوێ ببێتەوە بە خاوەنی خشتەی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرەکانی لە کاتی خۆیدا. ئەمە سەرباری خەونی بەکارکەوتنەوەی هەموو ئەو پرۆژانەی بودجە بڕین وەستاندنی. کەچی لە کوردستانیش بەردەوام گەندەڵی قسە و باسی گەرمە. ئەحمەد رەشید دەڵێ "گەندەڵی لە کوردستان و عێراق بەراورد ناکرێن، ئەوەی لە کوردستان هەیە 1%ی ئەو گەندەڵییەیە کە لە عێراق هەیە".

## دهۆک بازرگانانی کوردستان و بەریتانیا کۆدەکاتەوە

**رووداو- دهۆک**

بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتری بازرگانی لە نێوان سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان و بەریتانیا، رۆژی 2015/9/8 کۆنفرانسێکی بازرگانی لەشاری دهۆک بەڕێوەدەچێت. ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "گروپی بازرگانی کوردی-بەریتانی لەبەریتانیاوە سەردانی شاری دهۆک دەکەن. بە بەشداری ژوورە بازرگانییەکانی باشووری کوردستان، کۆنفرانسێکی بازرگانی لە دهۆک سازدەکەن". ناوبراو گوتیشی "لەم کاتەدا کە هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی بووە، ئەو کۆنفرانسە هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ هەماهەنگی لەنێوان بازرگانانی کوردستان و بەریتانیا".



### 60 هەزار تۆن لە پێداویستیی ناوخۆ زیاترە

# کوردستان لە بەرهەمی پەتاتەدا پێداویستیی ناوخۆ تێدەپەڕێنێ



## بەڕێوەبەری باخداری لە هەرێمی کوردستان: داهاتی ئەمساڵی پەتاتە 70 ملیار دینار بووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو – هەولێر**

سەرپەرشتیاری گشتیی بەرهەمهێنانی پەتاتە لە کوردستان دەڵێت چاندنی پەتاتە لای جوتیارانی کوردستان رێچکەی خۆی گرتووە و بەسەدان جوتیاری پێشکەوتوویان لەبواری چاندنی پەتاتە هەیە، بەو هۆیەشەوە ساڵ لە دوای ساڵ بەرهەمی پەتاتە زیاد دەبێت و لەداهاتوویەکی نزیکدا کوردستان دەبێتە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی پەتاتە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بڕی بەرهەمی پەتاتە لە حەوت ساڵی رابردوودا لە 11 هەزار و 767 تۆنەوە زیادی کردووە بۆ 139 هەزار و 637 تۆن.

بەپێی ئامارەکە بەرهەمی پەتاتەی ئەمساڵی جوتیارانی کوردستان 139 هەزار و637 تۆن بوو، کە پشکی شێر بەر جوتیارانی پارێزگای دهۆک کەوتووە و 98 هەزار و 373 تۆن بەرهەمیان هەبووە، هەولێریش بە بەرهەمهێنانی 33 هەزار و 664 تۆن لە پلەی دووەم و سلێمانی بە بەرهەمهێنانی شەش هەزار و 380 تۆن پلەی سێیەمی گرتووە، بەڵام جوتیارانی گەرمیان تەنیا 1200 تۆن پەتاتەیان بەرهەم هێناوە.

سەمیر سەلیم، بەڕێوەبەری باخداری لە هەرێمی کوردستان و سەرپەرشتیاری هێنانی تۆوی باوەڕپێکراوی پەتاتە دەڵێت چاندن و زیادبوونی بەرهەمی پەتاتە لە7 ساڵی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان لە ئاست پلان و خواستی ئەواندا بووە "بۆ نموونە ئێستا ئێمە هێشتا لە وەرزی هەڵکەندنی بەرهەمی پایزەی 2015 داین، 139 هەزار و 637 تۆن بەرهەممان هەبووە، ئەمەش زیاترە لەپێداویستی ناوخۆ کە ساڵانە 80 هەزار تۆنە".

سەرەڕای ئەو گەشەسەندنەی لە بەرهەمی پەتاتە هەیە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە بەردەوامە لە پێدانی بنەتۆوی باوەڕپێکراو بە جوتیاران. ئەمساڵ زیاتر لە 4200 تۆن تۆوی پەتاتەی بەنرخی 30%ی پاڵپشت بەسەر جوتیاراندا دابەش کردووە، جوتیارانیش لە رێگەی کۆمپانیاکان و بنەتۆوی خۆیانەوە زیاتر لە 8561 تۆن پەتاتەیان چاندووە.

سەمیر سەلیم دەڵێت "چاندنی پەتاتە لای جوتیاران رێچکەی خۆی گرتووە و بەسەدان جوتیاری پێشکەوتوومان هەیە، پێنج کۆمپانیاش لە دابینکردنی بنەتۆو هاوکاری جوتیارانن، بەرهەمی پەتاتەش زیاترە لەپێداویستی ناوخۆ، بەڵام ئامانجی ئێمە ئەوەیە کوردستان بکەینە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی پەتاتە".

### داهاتەکەی 70 ملیار دینار بووە

زۆرترین بڕی پەتاتە لە کوردستان لە وەرزی بەهاردا دەچێندرێ و لە ناوەڕاستی وەرزی هاویندا پێدەگات، بەڵام لەو کاتەدا بەکارهێنانی پەتاتە لە کوردستان لەنزمترین ئاستدایە، هەر بۆیە بەهۆی نەبوونی کۆگا 70%ی ئەو بەرهەمە هەناردەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەکرێت، ئەمساڵیش 500 تۆن هەناردەی سعودیە کرا، بۆ بەشی زۆری پێداویستی ناوخۆش لە زستاندا پشت بە هاوردە دەبەسترێ.

سەمیر سەلیم، دەڵێت "ئەگەر کۆگامان بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی جوتیاران هەبێت، هیچ کات پێویستمان بە هاوردەکردنی پەتاتە نابێت، بەڵام بەداخەوە هەنگاوەکانی کەرتی تایبەت و حکومەت بۆ دروستکردنی کۆگا زۆر سستن، ئێستا توانای کۆگاکان کەمترە لە 20%".

پەتاتە بەهۆی ئەو بەها بەرزە خۆراکیەی هەیەتی، بە یەکێک لە ناسراوترین و بەرفراوانترین ئەو بەرهەمە خۆراکیە کشتوکاڵیانە دادەنرێت کە لەزۆربەی وڵاتاندا گرنگی بە چاندنی دەدرێت. بەو هۆیەشەوە بەرهەمهێنانی پەتاتە ریزبەندی چوارەمی گرتووە لەدوای گەنم، برنج و گەنمەشامی.

سەمیر سەلیم دەڵێت "پەتاتە لە ریزبەندی بەرهەمە سەرەکییەکانی خۆراک لە کوردستان لە رووی بڕی بەرهەم و چاندنەوە لە دوای گەنم و جۆ دێت. داهاتی ئەمساڵی بەرهەمی پەتاتەی جوتیاران نزیکەی 70 ملیار دینار بووە".

بەگوێرەی توێژینەوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، دەرکەوتووە باشترین خاک بۆ بەرهەمهێنانی پەتاتە لە سنووری پارێزگای هەولێر دەشتی شەمامکە، بە تایبەتی خاکی هەردوو گوندی تەندوورە و ماستاوە.

عەلی قادر، ماوەی شەش ساڵە لە گوندەکەی خۆی (ماستاوە) پەتاتە دەچێنێ، سەرەتا بە چاندنی دوو تۆن پەتاتە دەستی پێکرد، بەڵام ئەمساڵ 427 دۆنم لە زەوییەکەی کردە پەتاتە و لە کۆتاییدا 5000 تۆن پەتاتەی لە زەوییەکەی هەڵگرتەوە.

عەلی دەڵێت "گرفتی سەرەکیمان بەبازاڕکردنی بەرهەم و نەبوونی کۆگایە، ئەگەر ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت، بەتەنیا دەتوانم بەشی هەموو خەڵکی هەولێر پەتاتە بچێنم".

### دهۆک یەکەمە

پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەرووی چاندن و بڕی بەرهەمی پەتاتە پێشەنگی پارێزگاکانی دیکەی گرتووە و ئەمساڵ 70%ی ئەو پەتاتەیەی لە کوردستان هەیە لە دهۆک بەرهەم هاتووە.

جەمال زوبێر مەحمود، بەرپرسی باخداری لە هۆبەی کشتوکاڵی قەسرۆک کە سەرپەرشتیی چاندنی پەتاتە لە سنووری قەزاکانی ئاکرێ، شێخان و بەردەڕەش دەکات، گوتی "زۆرترین رووبەری پەتاتە لە پارێزگای دهۆک لەهەرسێ قەزای ئاکرێ، شێخان و بەردەڕەش دەچێنرێت، بەرهەمی ئەمساڵی جوتیارانی ئەو سێ قەزایە گەیشتە 78 هەزار و 573 تۆن".



جەمال زوبێر، هۆکاری چاندنی ئەم رێژە زۆرەی پەتاتەی لەو سێ قەزایەی دهۆک بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە جوتیارانی ناوچەکە لە چاندنی پەتاتە شارەزایی باشیان هەیە، هەروەها خاکی ناوچەکەش زۆر بە پیتە.

بەڵام جوتیارانی ئەو ناوچەیە گرفتیان لە هەڵگرتنی بەرهەمە. جەمال زوبێر دەڵێت "هیچ کۆگایەک لێرە نییە، بۆیە جوتیاران بەناچاری بەشی زۆری بەرهەمەکانیان بۆ شارەکانی عێراق بەنرخێکی کەم هەناردە دەکەن". گوتیشی "ئەگەر کۆگا هەبێت، بەرهەمی پەتاتەی ئەو سێ قەزایە بەشی هەموو کوردستان دەکات".

**خشتەی بڕی پەتاتەی بەکارهێنراو لە کوردستان لە 6 ساڵی رابردوودا (بە تۆن)**

| ساڵ | خۆماڵی | هاوردە | بڕی بەکاربراو | خۆماڵی % | هاوردە % |
|---|---|---|---|---|---|
| 2009 | 11.767 | 84.900 | 96.667 | 14 | 86 |
| 2010 | 28.329 | 66.246 | 94.575 | 30 | 70 |
| 2011 | 61.574 | 80.572 | 142.146 | 43 | 57 |
| 2012 | 80.624 | 54.416 | 135.040 | 60 | 40 |
| 2013 | 89.001 | 74.019 | 163.020 | 55 | 45 |
| 2014 | 123.334 | 56.953 | 180.287 | 68 | 32 |
| کۆی گشتی | 394.629 | 417.106 | 811.735 | 48.6 | 51.4 |

### 128 جۆری هەیە

# ترێی کوردستان 60% کەمی کردوو





**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

چاندن و بەرهەمهێنانی ترێ بووەتە بەشێک لە ژیانی جوتیارێکی هەولێر. ئەو ئێستا خاوەنی 54 جۆر ترێی نایابە و ساڵانە 70 تۆن بەرهەمی هەیە، بەڵام کورد دەڵێت "چەپڵە بە دەستێک لێنادرێ" و ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵیش وا دەردەخەن کە بەرهەمی ترێی خۆماڵی بەرەو کەمبوونەوەیە.

سەلوان سەردار ساکە، لەگەڵ باوکی 10 دۆنم رەزی ترێی لە سنووری ناحیەی عەنکاوە چاندووە. ئەو دەڵێت لەساڵی 1998 بەچاندنی حەوت جۆر ترێ دەستی پێکرد کە جۆرێکیان لە باخچەی ماڵەکەیاندا هەبوو، ئێستا بەناوی رەشی ساکە لە توێژینەوە تۆمار کراوە.

تایبەتمەندی بەشی زۆری ترێیەکانی ئەو جوتیارە لەوەدایە کە توێکڵیان ئەستوورە و بەرگەی گواستنەوە و مانەوە دەگرن، لەگەڵ کەشوهەوای کوردستانیش گونجاون.

### ترێی خۆماڵی 60 % کەمی کردووە

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ترێی خۆماڵی لە کورتی داوە، بە جۆرێک لە 6 ساڵی رابردوودا لە 16 هەزار و 293 تۆنەوە بۆ 6486 تۆن دابەزیوە، واتە بەرێژەی 60% کەم بووەتەوە. هەر بەپێی ئامارەکە، پارێزگای دهۆک زۆرترین بەرهەمی ترێی هەبووە و باشترین بازاڕیشی لە پارێزگای هەولێر بووە.

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان دەڵێت لە پلان و بەرنامەی ساڵانەیاندا هەمیشە گەشەپێدانی بەرهەمی میوەکانی (ترێ، سێو، خۆخ و هەنار)یان لەخانەی ستراتیژی داناوە، بەڵام وەک ئەو دەڵێت "بەهۆی ئەو بودجە کەمەی ساڵانە حکومەت بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ تەرخانی کردووە، تەنیا 5 بۆ 9%ی ئەو پرۆژانەمان جێبەجێ کردووە، بۆیە وەکو پێویست نەیانتوانیوە گەشە بەو چوار میوەیە بدەین".

وەزارەتی کشتوکاڵ لەساڵی 2009 تاوەکو 2013 نزیکەی 129 هەزار دینگەی کۆنکریتی بەنرخی پاڵپشت بۆ پەیڕەوکردنی شێوازی پەروەردەی مێو لەسەر تەل بۆ جوتیاران دابینکردووە. هەر لەم ماوەیەشدا پاڵپشتی 205 جوتیار کراوە بۆ چاندنی رووبەری 247 دۆنم زەوی بەباخی نموونەیی مێو، ئەویش بەدابینکردنی نەمام، ئامێری پرژاندنی ئاو و رێنمایی بۆ چاندن و هەڵپاچین.

حوسێن حەمە کەریم دەڵێت "ئامانجمان لەم پرۆژانە ئەوە بوو هانی جوتیاران بدەین شێوازی پەروەردەی مێو لەسەر تەل پەیڕەو بکەن، چونکە بەو رێگەیە دەتوانرێت زۆرترین داری مێو لەکەمترین رووبەر بچێنرێت و بڕی بەرهەمیش بۆ دوو بەرامبەر زیاد بکرێ".

### ترێی کوردی بەناوی ئەوروپی

بەپێی توێژینەوەکان، داری مێو بە گشتی پێویستی بەزستانێکی باراناوی و هاوینێکی وشکە. ئەم تایبەتمەندییەش لەزۆر ناوچەی کوردستاندا هەیە.

د.شەبەق حەوێزی، مامۆستا لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دارمێوەکانی کوردستان کردووە، دەڵێت "70 جۆر لەو ترێیانەی کە ئێستا بەمێوی ئەوروپی ناسراون، لە ئەسڵدا کوردین و لەکۆندا بەشێوەی خۆڕسک رواون، بەڵام دواتر بۆ وڵاتانی ئەوروپی گوازراونەتەوە و ناویان گۆڕدراوە".

داری مێو دوو جۆری هەیە (ئەوروپی و ئەمریکی) کە 90%ی مێوی چێندراوی جیهان لە جۆری ئەوروپین و زیاتر لە 1000 جۆری هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنیا 128 جۆر تۆمارکراوە.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، دەڵێت "لەساڵی 2001 لەرێگەی شارەزایەکی بواری مێو بەشێوەیەکی رێکخراو کارمان لەسەر کۆکردنەوەو گەشەپێدانی مێو کرد. توانیمان 128 جۆر لە باخی توێژینەوە کۆبکەینەوە کە 70 جۆریان خۆماڵین". گوتیشی "مێوەکانمان بە شێوازێکی سەردەمیانە پەروەردە کرد، بەو هۆیەشەوە توانیمان لە ماوەی هەشت ساڵدا زیاتر لە پێنج ملیۆن قەڵەم و 150 هەزار نەمام بدەینە جوتیاران و نەمامگەکان".

هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 30 هەزار تۆن ترێ هەیە، بەڵام بەرهەمی باخی جوتیارانی کوردستان لەساڵی رابردوودا تەنیا 6486 تۆن بووە.

د.شەبەق حەوێزی دەڵێت "خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی داری مێو، جوتیارانیش شارەزاییەکی باشیان لە چاندنی ترێدا هەیە، بۆیە ئەگەر حکومەت هاوکارییان بکات، دەتوانرێت لەماوەی پێنج ساڵدا بەرهەمی مێو بگاتە ئاستی خۆبژێوی و تەنانەت هەناردەکردنیش".

**نایابترین جۆرەکانی ترێ لە کوردستان:**

زەیتونی، ئیبراهیمی، سۆراو، کەمالی، حەلوانی، تایفی، رەشمیری، رشمیری واژە، رەشە مێو، ترێی رەش، عەباسی، سەرقۆلە، زەرگ، دۆشاوی، سادانی، میرانی، پەسیرانی سوور، چاف گا، بارلێت، تۆمسن سیدلیس، تایفی کۆیە، مەلا حەسەن، ریش بابا و سلێمانی سپی.

**هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ترێ لە کوردستان:**

- پاڵپشتی نەکردنی جوتیاران
- خراپیی شێوازی بەبازاڕکردن
- ناشارەزایی جوتیاران لە هەڵبژاردنی دار مێو
- ناشارەزایی لە شێوەی پەروەردەکردنی جۆرەکان.
- پەیڕەونەکردنی شێوازی زانستی لە (کێڵان، پەینکردن، ئاودان و برینەوە).
- نەبوونی کۆگای ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی ترێ
- نەبوونی کارگەی تایبەت بەدروستکردنی دۆشاو و سرکە.
- بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کەڕوو، مێرووە زیان بەخشەکان و پێشکە.
- سووتانی رەزەکان بەهۆی ئاگرکەوتنەوە.
- کەمبوونی ئاوی ژێرزەوی و باران.



## بەلەمێکی دیکەی کۆچبەران نقوم دەبێت

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ڕۆژی 2015/8/30 بەهۆی نقومبوونی بەلەمێکی دیکەی کۆچبەران لە دەریای نێوەڕاست، 7 کۆچبەری نایاسایی گیانیان لەدەستدا.
محەممەد میسراتی، گوتەبێژی خاچی سوور لە تەرابلسی پایتەختی لیبیا هەواڵی گیانلەدەستدانی 7 کۆچبەری نایاسایی لە کەناراوەکانی لیبیا بۆ میدیاکان پشتڕاستکردەوە، بەڵام دڵنیانەبوو لە ژمارەی سەرنشینانی سەر کەشتییەکە. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووش کەشتییەکی کۆچبەران کە پلانی دارِشتبوو لە کەناراوەکانی لیبیا بەرەو ئیتاڵیا بکەوێتەڕێ، لە دەریای نێوەڕاست نقومبوو، بەهۆیەوە 200 کۆچبەری نایاسایی گیانیان لەدەستدا.

### لە ئەسیناوە بۆ بوداپێست..

# ڕێگای گەڕان بە دوای بەهەشتدا

**زنار شینۆ**
**ڕووداو- بوداپێست**

گەشتێک زیاتر لە سێ هەفتە دەخایەنێ، بەڵام گەشتێکی پڕ لە ڕووداوی تراژیدی کە هەندێجار چاوشارکێ لەگەڵ مەرگ دەکەی. لەگەڵ بڕینی هەر قۆناغێکی گەشتەکە، دڵەڕاوکێ و ترس لە قۆناغی داهاتوو دەستپێدەکات. گەشتەکە بە چارەنووسێکی نادیار کۆتایی دێ. ئەمە گەشتی هەموو ئەو پەناخوازە کوردانەیە کە لە نیشتیمان هەڵدێن بۆ گەڕان بەدوای بەهەشتدا.

### ئەسینا.. یەکەم وێستگەی گەشتەکە

زیاتر لە دوو دەیەیە، یۆنان و بەتایبەتی پایتەختەکەی بوونەتە وێستگەی سەرەکیی کۆچ بەرەو ئەورووپا. باندەکانی قاچاخچێتی لەو شارەدا بە دەیان ملیۆن دۆلاریان لە گواستنەوەی پەناخوازان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا دەستکەوتووە.

ئەو کوردانەی لە ساڵانی نەوەتەکاندا باشووری کوردستانیان جێدەهێشت، هەندێکیان لەبەر هەر هۆکارێک بێت لە ئەسینا گیرساونەتەوە.

سەلاح، 43 ساڵ، کە لە ئەسینا بە سەلاحی پۆلیس بانگ دەکرێت، لە ساڵی 1996ەوە لە ئەسینا دەژیت، بەڵام هێشتا مافی مانەوەی وەرنەگرتووە. سەلاح دەڵێت "زۆر بیری دایکم و وڵات دەکەم، بەڵام تازە چارەنووسم بەم وڵاتەوە بەستراوەتەوە". سەلاح ژنی نەهێناوە و شەو تاوەکو بەیانی لە کۆشکێکی بچووکدا کار دەکات.

زۆرن ئەو کوردانەی بە خەونی گەیشتنە ڕۆژئاوای ئەورووپاوە هاتن و لێرە لە ئەسینا گیرسانەوە، ئێستا ئەوان ناوەندی کولتوورییان هەیە، حیزبەکانی باکوور و باشووری کوردستانیش لەوێ ڕێکخستنیان هەیە. هەندێک لە کوردەکانی ئەسینا خەریکی قاچاخچێتین.

قاچاخچێتی کارێکی پڕ داهاتە، بۆیە ئەوان ئەستەمە دەستبەرداری بن. قاچاخچییەکی کورد کە 17 ساڵە لە یۆنانە و سێ ساڵیش لەسەر ئەو کارە خراوەتە زیندانەوە، دەڵێت "پێم خۆش نییە ئەو کارە دەکەم، بەڵام فێری پارەداریی بووم، ناتوانم ئێستا منداڵەکانم بە دەرامەتی کەم گەورە بکەم".

خواردنگەی هەولێر و گەسی سلێمانی و چەندین کافێتریا شوێنی کۆبوونەوە و یەکتر بینینی کوردەکانی یۆنانە. ئەو پەناخوازانەی دەگەنە ئەسینا، لەو شوێنانە قاچاخچییەکان دەبینن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن بۆ ئەوەی لە یۆنان بیانبەنە دەرەوە.

### مانەوە لە مەکدۆنیا قەدەغەیە

بۆ گەیشتن بە مەکدۆنیا، پێویستە بە پاس یان شەمەندەفەر بەرەو باکوور گەشت بکەی. شەوێک کاژێر 10ی شەو لەگەڵ 64 پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان و 4 پەنابەری باشووری کوردستان بە پاسێکی دوو قات بەرەو سنووری مەکدۆنیا بەڕێدەکەوین.

ڕامان، کە گەنجێکی باشووری کوردستانە و لە نێو پاسەکەدایە، دەڵێت "دەمەوێ بگەمە وڵاتێک مافی پەنابەریم بداتێ، کولتوورەکەم بەلاوە گرنگ نییە".

یەکێک لە هاوسەفەرەکانی ڕامان، حەوت ساڵ لە نەرویج بووە، بەڵام مافی پەنابەرێتی وەرنەگرتووە. ئەو دەیەوێ جارێکی دیکە سنوورەکان ببڕێ و چانسی خۆی لە وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا تاقی بکاتەوە "ڕەنگە ئەمجارە مافی پەنابەری وەربگرم، چونکە من خەڵکی دوبزم".

کاژێر سێی بەرەبەیان بەرەو گێڤگێلیا لەسەر سنووری یۆنان و بولگاریا بەڕێدەکەوین. دەبووایە بە دوو کاژێر بگەینە سەر سنوور، بەڵام پێنج کاژێری پێچوو. خۆر دەرکەوت. کەسێک مۆبایلێکی بە دەستەوە گرتبوو، بە جی پی ئێس ڕێگاکانی دەدۆزییەوە. بەڵام لە ناکاو ئاراستەی ڕێگاکەمان ون کرد. ڕۆژنامەنووسمان لێ بووبوو بە پۆلیس. کاتێک هێڵی شەمەندەفەرمان لێدەرکەوت، پەنابەرەکان شاگەشکە بوون.

سنوور داخرابوو، شەو پەنابەرەکان لەسەر هێڵە لەکارکەوتووەکانی شەمەندەفەر نووستن. شوێنەکە پڕ لە خاشاک و بەرماوەی خواردن و خواردنەوە بوو. پەڕینەوە لە سنوور بە نۆرە بوو. هەر نیو کاژێرێک تەنیا 50 کەسێک تێدەپەڕن.



(فۆتۆ: وارڤین تاهیر)

پۆلیسی سنوور لە مەکدۆنیا یەکسەر پەنابەران بەرەو سنووری سربیا بەڕێدەکات. حکومەتی مەکدۆنیا مۆڵەتی 72 کاژێری داوە بە پەنابەران تا وڵاتەکە جێبهێڵن.

### بێڕێزیکردن بە پەناخوازان لە پریشێڤۆ

خەڵکی باکووری مەکدۆنیا زۆربەیان ئەلبانین. هەروەها زۆرینەی باشوورییەکانی سڕبیاش ئەلبانن. ئەلبانەکانی مەکدۆنیا بەڕێزەوە پەنابەریان ئاودیوی سربیا دەکرد. لە دوایین خاڵی سنوور لە گوندی تابانۆڤێسە ڕێکخراوێک ئاو و شیر و هەندێک خواردن بەسەر پەنابەراندا دابەش دەکات.

مێگێنیس، لە ڕێکخراوی لێگیس دەڵێت "ماوەی چوار مانگە، ئێمە هەر دوو ڕۆژ جارێک دێینە ئێرە و ئەو هاوکارییانەی کۆمانکردوونەتەوە دابەشی سەر پەنابەرانی دەکەین".

حکومەتی سربیا لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی پریشێڤۆ کە تەنیا سێ کیلۆمەتر لە سنووری مەکدۆنیا دوورە، ناوەندێکی بۆ ناونووسین و وەرگرتنی پەنجەمۆری پەنابەران کردووەتەوە. دەنگی پۆلیسی ناوەندەکە لە دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان بەرزترە لەگەڵ پەنابەران.

قارەمان، 30 ساڵ کە خەڵکی کۆبانێیە، باسی هەڵسوکەوتی پۆلیسەکانی ناوەندەکەی کرد و گوتی "ئەوکاتەی نۆرەی من هات بۆ ناونووسین و پێدانی کاغەزەکە، کارمەندێکی ناوەندەکە هاواری دەکرد و دەیگوت دەتگەڕێنینەوە شام، ئەسەد پیاوێکی باشە".

هەر پەنابەرێک پتر لە 12 کاژێر لەو ناوەندە دەهێڵدرێتەوە، تاوەکو کاروبارەکانی تەواو دەبن. پاشان لەوێوە بە پاس بەڕێدەکرێن بۆ بێلگرادی پایتەختی سڕبیا.

ئەو پەناخوازانەی چادریان پێیە، هەر لەگەڵ دابەزینیان لە پاسەکان، چادرەکە هەڵدەدەن و پشوو دەدەن، هەندێکیان تەلەفۆن بۆ کەسوکاریان دەکەن تاوەکو پارەیان بۆ بنێرن. هەشە لەوێ بەدوای ڕێبەرێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیبات بۆ هەنگاریا.

وێستگەی پاسەکان پڕن لە قاچاخچیی کورد، عەرەب، فارس، ئەفغانی، لەوێ بەدوای هاوزمانەکانیاندا دەگەڕێن. قاچاخچییەک دەڵێت "هەر نەفەرێک لێرەوە بە 1500 دۆلار دەبەینە ئەڵمانیا. بۆ منداڵانیش نیوەی ئەو پارەیە وەردەگرین".

### ڕویسکی.. کەمپە زۆرملێیەکەی هەنگاریا

150 پەنابەر لەگەڵ پێنج قاچاخچی ڕێککەوتوون، لە نیوەشەودا بەڕێدەکەون بەرەو هەنگاریا، ئێمەش لە نێو پەنابەرەکانین. لە ڕێگا بە نێو باخی سێو و خۆخی خەڵکدا تێدەپەڕین، هەر بێستانێک کەوتبایە سەر ڕێگای کۆچبەران، وێران دەبوو. لە ڕێگا کۆچبەرەکان مشتومڕی ئەوەیان بوو کە خۆیان تەسلیمی پۆلیس بکەن یان نا.

دوای دوو کاژێر ڕۆیشتن بەپیادە، گەیشتینە بەربەرستێک. لەوبەری سنوور بە سەدان پۆلیس وەستاون. هەلیکۆپتەرێکیش بە بلاجکتۆر بەسەر سەریانەوەیە. ئێمە لەگەڵ ئەو پەناخوازانە ڕۆیشتین کە خۆیان ڕادەستی پۆلیسی هەنگاریا کرد، لەوێ پۆلیس ئاو و سەموونی بەسەر پەناخوازاندا دابەش کرد.



کاتێک نۆرەی پرسیار و وەڵامی پۆلیس گەیشتە ئێمە، خۆمان پێ ناساندن، یەکسەر ئێمەیان لە پەنابەرەکان جیاکردەوە، زۆرترین پرسیاریان دەربارەی کوردستان و سووریا لێکردین، تا ئێمە پرسیارێکمان دەکرد، ئەوان پێنج پرسیاریان دەکرد.

ئێمەیان بە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس برد بۆ کەمپی ڕویسکی کە نزیکەی 60 خێوەتی سەربازیی تێدا هەڵدرابوو، بەڵام هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدا نەبوو. لەوێ هەموو جوڵانەوەیەک لە ژێر چاودێریی پۆلیسدایە. پەنابەران بۆ ماوەیەکی کاتی دەبرێنە کەمپەکە، لەوێ ناونووس دەکرێن و پەنجەمۆریان وەردەگیرێ، دواتریش بەرەو بۆداپێست بەڕێدەکەون و ئاراستەی گەشتەکانیان بەرەو نەمسا و سلۆڤاکیا و پاشان ئەڵمانیا و وڵاتانی باکووری ئەورووپا ڕێکدەخەن و لەوێ دەیانەوێ ئەو شوێنە بدۆزنەوە کە لە نیشتیمان خەونیان پێوە دەبینی.

### کەمپەکانی نەمسا پڕبوون لە پەناخوازی کورد

# بەڕێوەبەری زیندانێکی کوردستان لە کەمپەکانی نەمسایە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- نەمسا**

ڕۆژ نییە وێنەی پەناخوازان لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی نەمسادا بڵاونەبێتەوە. کەمپەکانی نەمسا پڕبوون لە پەناخواز کە ژمارەیەکی زۆریان خەڵکی باشوور و ڕۆژئاڤای کوردستانن.

ڕۆژنامەیەکی نەمسا، ڕاپۆرتێکی لەبارەی کەمپی ترایسکیرخین بڵاوکردووەتەوە کە 15 کیلۆمەتر لە ڤیەننای پایتەختەوە دوورە. لەو کەمپەدا پتر لە پێنج هەزار پەنابەر دەژین، بەهۆی نەبوونی شوێنەوە بەشی زۆریان لە باخچەی کەمپەکەدا خەوتوون.

ژیان لە کەمپە کۆنەکاندا بۆ پەنابەران ئاسوودەترە، بۆ نموونە کەمپی بڕاوناو کە کەمپێکی هەمیشەیی پەنابەرانە، تەنیا 35 کەسی تێدایە، زۆربەی پەناخوازانی نێو کەمپەکە خەڵکی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانن، پەنابەرێکی کوردیش کراوەتە بەڕێوەبەری کەمپەکە.

سورمە، ژنێکی کوردی دانیشتووی نەمسایە، وەکو کارمەندێکی حکومی لە بەشی پەنابەران کاردەکات. ئەو زانیاری زۆری لەبارەی پەنابەرانی کورد هەیە و دەڵێت "خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکان دێن و داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن، بۆ نموونە هونەرمەند، کارمەند و بەڕێوەبەری حکومەت، خەڵکی ئاسایی".

کارزان جەلال، بەڕێوەبەری کەمپی ماوەرکیرخن قسەکانی سورمەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "کەسێکی ناسراوی کوردستان لە کەمپەکەی ئێمەیە، بەڵام کە زانیویەتی ڕووداو بۆ دروستکردنی فیلمێک دەچێتە کەمپەکە، هەر لە بەیانی زووەوە چووبووە دەرەوە".

کارزان باسی گوزەرانی دانیشتووانی نێو کەمپەکەی کرد و گوتی "کۆچبەران لێرە 10 ڕۆژ جارێک 55 یۆرۆ وەردەگرن، کە دەبێت ئەم پارەیە بەشی هەموو شتێکیان بکات، مافی کارکردنیشیان نییە. چوونە دەرەوەشیان لە کەمپەکە زۆر سنووردارە".

چیرۆکی زۆربەی ئەوانەی لە ڕێگەی قاچاخەوە دەگەنە ئەورووپا، لەلای کارزانە، بەو پێیەی بەڕێوەبەری کەمپی پەنابەرانە و ئەوانیش چیرۆکی هاتنیان بۆ ئەو دەگێڕنەوە.

کارزان دەڵێت "گەنجەکانمان پەیتا پەیتا دێنە دەرەوە، بە ڕێگەی مەرگدا دەگەنە ئەورووپا، بەشێک لە ئافرەتان لە ڕێگەی قاچاخ دەستدرێژییان دەکرێتە سەر. بۆ نموونە ژنێکی ڕۆژئاوای کوردستان باسی خۆی کرد کە چۆن لە هەنگاریا ڕووبەڕووی دەستدرێژی و ئەشکەنجەدان بووەتەوە".

ڕۆژنامە نەمساییەکان باس لەوە دەکەن کە لە نێو کەمپەکاندا نەخۆشیی مەترسیدار بڵاوبووەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش تیمی پزیشکی بۆ جیاکردنەوەی نەخۆشەکان و گواستنەوەیان بۆ شوێنی تایبەت پێکهێنراوە، هەر بۆیەش وێنەگرتن لە بەشێکی زۆری کەمپەکاندا قەدەغەکراوە.

لە کەمپەکەی کارزان، پەنابەرێکی خەڵکی کەرکووک کە بە ئاریز خۆی بە (ڕووداو) ناساند، هۆکاری کۆچکردنی باسکرد و گوتی "ویستم بێمە هەرێمی کوردستان بژیم، لە هەولێر داوای کەفیلیان لێکردم، لە وڵاتی خۆم و شاری خۆم مۆڵەتی مانەوەم نادەنێ، بەڵام لە نەمسا مۆڵەتم دەدەنێ، جا چۆن کوردستان بەجێناهێڵم؟!، ئەگەر ڕێگەیان دابا لە هەولێر بژیم، کوردستانم بەجێنەدەهێشت، لێرە بارودۆخم زۆر خراپە، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە بگەڕێمەوە کوردستان".

ژن و مێردێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان لە کەمپە بوون، ژنەکە کە ناوی دوعا نوعمان بوو، بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی جەنگ و خراپیی بارودۆخەوە شاممان بەجێهێشت و بەڕێگەی قاچاخ هەڵاتین، چەند جارێک لە مردن ڕزگارمان بوو، لە هەر چرکەیەک بۆی هەبوو بمرین، مانگی هەنگوینیمان لەگەڵ بۆمب و مووشەکەکاندا بەڕێکرد".



**ژنێکی دووگیان:**
**ئەگەر مێردەکەم لەگەڵ نەبووایە لە ڕێگا دەستدرێژیان دەکردە سەرم**

ئەو ژنە کە دووگیانە، گوتیشی "سەرەڕای ئەوەی دووگیان بووم، ڕێگەی قاچاخمان گرتەبەر، لەڕێگا زۆر دەترسام، بە تایبەتی لەوە دەترسام قاچاخچییەکان دەستدرێژیم بکەنەسەر، ئەگەر هاوژینەکەم لەگەڵم نەبووایە، ئەوە ڕوویدەدا".

کۆچبەران لەو کەمپە لە بارودۆخی خۆیان ڕازی نەبوون و گلەیی زۆریان هەبوو، کەمپەکەش بەپێی گوتەی پسپۆڕی پزیشکی لە ڕووی تەندروستی و مەرجەکانی سەلامەتی ژیان کەموکوڕی زۆری هەیە، بەڕێوەبەری کەمپەکەش دەیگوت ئێرە شوێنە باشەکەیە، چونکە کەمپی هەمیشەییە.

**ڕۆژنامەیەکی نەمسا:**
**لە نێو کەمپەکاندا نەخۆشی مەترسیدار بڵاوبووەتەوە**

کەمپی ماوەرکیرخن جێدەهێڵین و دەچینە کەمپی ترایسکیرخن کە بەناوبانگترین و گەورەترین کەمپی کۆچبەرانە لە نەمسا و زیاتر لە 5000 کۆچبەری تێدایە. بەشێکی کەمیان ژووریان بەرکەوتووە و زۆربەیان لە باخچەکە لەبەر باران و گەرما و سەرمادا دەمێننەوە. کەمپەکە 15 کیلۆمەتر لە ڤیەنناوە دوورە.

پۆلیس ڕێگە نادات ڕۆژنامەنووسان بچنە نێو کەمپەکە و ڕاستیی ژیانی نێو کەمپەکە بگوازنەوە، بۆیە دەبێت پەیوەندی بەپەنابەرانی نێو کەمپەکەوە بکەی بۆ ئەوەی بێنە دەرەوەی کەمپەکە قسە بکەن.

پەناخوازان گوتیان بارودۆخیان زۆر خراپە، مانگانە تەنیا 40 یۆرۆیان دەدرێتێ و دەبێ بەو بڕە پارەیە بژین. زۆربەیان لە نێو باڵەخانەی کەمپەکە جێگەیان نابێتەوە و ناچارن لە نێو پارکی کەمپەکەدا بخەون.

پیاوێکی ئەفغانی، پارچە کاغەزێکی بە دەستەوە گرتبوو، بە تووڕەیییەوە گوتی "تەنیا ئەم پارچە کاغەزەیان داوەتە من، تەنیا دەتوانم نانی پێ بخۆم، 10 ڕۆژ لەم باخچەیە لەبەر باران خەوتووم، کاغەزمان بۆ دێت بە ئەڵمانی نووسراوە، ئێمە ئەڵمانی نازانین، بۆشمان وەرناگێڕن".

سووری و عێراقی و ئەفغانی زۆرترین کۆچبەری ئەو کەمپە بوون. ئافرەتێکی کورد لە کەمپەکە بوو کە پێشتر لە کوردستان بەڕێوەبەری یەکێک لە زیندانەکان بووە و بەهۆی کێشەی تایبەتی خۆیەوە کوردستانی بەجێهێشتووە، ئەو ئامادە نەبوو بۆ میدیاکان قسە بکات، بەڵام کوڕەکەی گوتی "بۆیە کوردستانمان بەجێهێشت چونکە بە سێ مانگ جارێک مووچە دەدەن و دەڵێن پارە نییە، بەڵام پارە بۆ کوڕی بەرپرسان هەیە".

پەناخوازێکی دیکەی کورد بەناوی ئیدریس، زۆر بە بێزارییەوە باسی ژیانی خۆی کرد. ئەو گوتی "نزیکەی دوو مانگە لە نەمسام، تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکم وەرنەگرتووە. شوێنم نییە و لە باخچەی کەمپەکە دەخەوم".

سەرەڕای ئەم ڕەوشە نالەبارەی پەناخوازانیش، هێشتا ڕێی قاچاخ بەرەو گەیشتنە ئەورووپا جمەی دێ لەو کۆچبەرانەی بە ئومێدی گەیشتن بە بەهەشتی خەونەکانیان، قافڵەیان بەستووە.

## لەنجە عەلی جیادەبێتەوە



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**
خانمە گۆرانیبێژ لەنجە عەلی ماوەی ساڵێکە لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکارەکەی ئاشکرا نەکردووە .
لەنجە عەلی، سەبارەت بە جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "هەموومان بەو پرۆسەیە دادەڕۆین، من پێم باش بوو لێرەوە بوەستم و لە هاوژینەکەم جیا ببمەوە، هەڵبەتە بۆ جیابوونەوەم هۆکاری تایبەت هەیە، بەڵام دوای جیابوونەوەم هەست دەکەم کارەکانم باشتر دەڕۆن".
لەنجە عەلی نەکۆڵی لەوە ناکات دوای جیابوونەوە بە بارودۆخێکی سەخت گوزەری کردووە، لەمبارەیەوە گوتی "هەرچەندە ماوەی ساڵێک بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕیم، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێستا دەتوانم زۆرتر پشت بەخۆم ببەستم و بەردەوامی بە کارە هونەرییەکانم بدەم".



### شاجوانی ئیسرائیل بۆ (ڕووداو):

# کوردیش وەکو ئێمەی ئیسرائیلی ئازاری زۆریان چەشتووە



■ زۆربەی ئیسرائیلییەکان کوردیان خۆشدەوێ

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کورد و کوردستان هەیە، وەک خۆی دەڵێت نەک تەنیا ئەو، بەڵکو بەشی زۆری ئیسرائیلییەکان کوردیان خۆشدەوێت. مایان کێرین، تەمەن 18 ساڵ، ڕۆژی 2015/7/2 تاجی شاجوانی ئیسرائیلی بۆ ساڵی 2015 لەسەرنرا. مایان لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە ڕێگەی ئیمەیلەوە لەگەڵی کراوە، دەڵێت پشتگیریی کچانی کورد دەکات ئەگەر بیانەوێت خۆیان بۆ شاجوانی جیهان کاندید بکەن.

مایان کێرین، هاوڕێیەتییەکی بەهێزی لەگەڵ شاجوانی کرواتیادا هەیە، ئەوان هەردووکیان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەمەبەستی ئەنجامدانی گەشتێک لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بوون، منیش لە ڕێگەی شاجوانی کرواتیاوە توانیم ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ بکەم.

### با ڕێ بە کوردیش بدەن

مایان نیگەرانە لەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی شاجوانی جیهان، ڕێگە بە کچانی کورد نادەن بەناوی کوردستانەوە بەشداریی لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهاندا بکەن "بۆ ئەمە زۆر نیگەرانم، چەندین شوێنی دیکەش هەن کە دەوڵەت نین و کەچی کچانیان بەناوی وڵاتەکەیانەوە بەشداری دەکەن، من پێموایە ئەمە هەمووی بازرگانییە".

فەلەستین ئەگەرچی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام کچانی بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهاندا دەکەن. مایان گوتی "نامەوێ ناوی هیچ شوێنێک بهێنم، تەنیا فەڵەستین نییە، بەڵکو چەندین شوێنی دیکەش هەن، بۆچی ڕێگە بەشوێنی دیکە دەدرێت، بەڵام بە کچی کورد نادرێت؟ من پێشتر نەمزانیوە کە کچانی کورد ڕێگەیان پێنادرێت، وا تێگەیشتبووم کە خۆیان کاندیدیان نەبووە".

### باوەڕ ناکات بووەتە شاجوان

مایان لە نێو 16 کچی ئیسرائیلیدا لە فینالی پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی وڵاتەکەی کە مانگی ڕابردوو بەڕێوەچوو، تاجی شاجوانی لەسەر نرا. مایان لەو بارەیەوە دەڵێت "پێشتر هەرگیز بیرم لەوە نەکردبوووەوە ببمە شاجوان، هاوڕێکانم پێشنیازیان کرد کە بەشداری بکەم، منیش هەرچەندە باوەڕی زۆرم نەبوو، بەڵام گوتم با چانسی خۆم تاقی بکەمەوە، دەتوانم بڵێم چانسێکی زۆر گەورە و باش بوو، ناتوانم ئەو هەستەی ئەوکات دەرببڕم".

> بیرم لەوە نەکردبوووەوە ببمە شاجوان

### "زانیاریم لەبارەی کورد هەیە"

شاجوانی ئیسرائیل ئەگەرچی تەمەنێکی بچووکی هەیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، زانیاری زۆری لەسەر خەڵکی وڵاتان و مێژوویان هەیە، لە بارەی کورد و کوردستانەوە دەڵێت "من کوردم زۆر خۆشدەوێت، نەک تەنیا من، زۆربەی ئیسرائیلییەکان کوردیان خۆشدەوێت، کوردیش وەکو ئێمەی ئیسرائیلی تێدەکۆشن و ئازاری زۆریان چەشتووە، من زۆرم خۆشدەوێن".

> بە خوێنڕشتن تێکدەچم

ئەو پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی ئیسرائیل هەبووە، بەڵام ئێستا پەیوەندیی کەم بووەتەوە و دەڵێت "پێش پێنج ساڵ، ئەو کاتەی لە قوتابخانە بووم، کوڕێکی هاوڕێم هەبوو کە دەیگوت کوردم".

مایان کە ئەزموونێکی گەورەی لە ژیانیدا لە پێشە و دەبێت بۆ کۆتایی ئەمساڵ، خۆی بۆ پێشبڕکێی شاجوانی جیهان ئامادە بکات، دەڵێت "ئێستا بەبەردەوامی وەرزش دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم تا چەند مانگی داهاتوو ڕێکیی لەشم لەدەستنەدەم، ئەمە بۆ سەرکەوتنی من زۆر گرنگە. بەردەوام خەریکی خوێندنەوەم، بۆ ئەوەی لەوێ بتوانم بەزۆرترین زانیارییەوە دەربکەوم".

مایان دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بێت خەونەکەی بێتەدی و دەڵێت "چوونە سەر شانۆی ڕێوڕەسمی شاجوانی جیهان و دەرکەوتن لەسەر فەرشە سوورەکەی، خەونێکە بۆ من دەبێتە ڕاستی".

سەبارەت بە بەدەستهێنانی ناسناوی شاجوانی جیهانیش، مایان دەڵێت "باوەڕ ناکەم، بەدەستهێنانی ناسناوەکە زۆر گەورەیە بۆ من، هەر ناتوانم بیریشی لێ بکەمەوە".

### تێکەڵی سیاسەت نابێت

شاجوانی ئیسرائیل نایەوێت تێکەڵی سیاسەت و کێشەکانی وڵاتەکەی ببێت. لە بارەی کێشە و گرفتەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین گوتی "من بە خوێنڕشتن تێکدەچم و دەگریم، هیوادارم هەر کێشەیەک هەیە بە ئاشتی و بە ئاسانی چارەسەر بکرێت. ژیانی مرۆڤ زۆر جوانە، هیچ کەسێک بۆ ئەوە لە دایک نابێت کە بکوژرێ".

# ئامادەیە ملیۆنێک دۆلار بە قەرز بداتە وەزارەتی ڕۆشنبیری

### گۆرانیبێژ دلێر گەرمیانی بۆ (ڕووداو):

## نازانم ئەو گەرمیانییە لە کوێوە هات

قەیرانی دارایی دەنگی زۆربەی هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی کپ کردووە، بەڵام ئەم قەیرانە کاریگەریی لەسەر دلێر گەرمیانی نەبووە. ئەو گۆرانیبێژە میللییە باری دارایی ئەوەندە باشە، دەڵێت ئامادەیە ملیۆنێک دۆلار بە قەرز بداتە وەزارەتی ڕۆشنبیری.
دلێر عەبدولقادر کە بە دلێر گەرمیانی ناسراوە، نزیکەی 20 ساڵە لە بۆنەکان و بە تایبەتی بۆنەکانی هاوژینیدا گۆرانی دەڵێت. گەرمیانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت حەز دەکات بە ناوی باوکی بانگی بکەن، نەک گەرمیانی. دلێر لە ساڵی 2007 پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و ساڵی 2014یش کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە و بەنیازە ماستەریش بخوێنێ.

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو - هەولێر**



**ڕووداو: پێشتر بە دلێر گەرمیانی ناوت دەرکردبوو، بەڵام ئێستا حەزدەکەی بە دلێر عەبدولقادر بانگت بکەن، بۆچی؟**
**دلێر عەبدولقادر:** لەگەڵ ڕێز و حورمەتی زۆرم بۆ خەڵک و ناوچەی گەرمیان، بەڵام خۆم گەرمیانی نیم و ناشزانم ئەو نازناوە لە کوێ هات، چونکە لە بەرهەمەکانیشمدا ئەو نازناوەم بەکارنەهێناوە، بۆیە حەز دەکەم هەر بە دلێر عەبدولقار بناسرێم.
**ڕووداو: کەی دەستت بە گۆرانیگوتن کرد؟**
**دلێر عەبدولقادر:** نزیکەی 20 ساڵ لەمەوبەر بوو، سەرەتا بە گۆرانی هەڵپەڕکێ دەستمپێکرد. دوای 15 ڕۆژیش یەکەم گۆرانیم بەنێوی "ئەی تۆ نەبووی دەهاتیتە ژووانم" کلیپ کرد و دواتریش "ئەی نەرمە شیرینەکەم".

> ■ بۆ ئاهەنگێک 3000 دۆلار وەردەگرم

**ڕووداو: بەشداری ئاهەنگی شەوانیشت دەکرد؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بەڵێ، ئەو کاتە دەچووین، بەڵام ئێستا نا.
**ڕووداو: دەڵێن ئەو شەوەی یەکەم کلیپت بڵاوکراوەتەوە، لەماڵەوە ڕۆیشتووی؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بەڵێ لە ناوەڕاستی نەوەتەکان بوو. ئێمە بەو پێیەی لە بنەماڵەیەکی ئاینین و سەیدی بەرزنجەین، باوکم حەزی نەدەکرد گۆرانی بڵێم، ئیدی ئەو شەوە ئامۆژگاری دەکردم بۆ ئەوەی چیدی گۆرانی نەڵێم، لە ناکاو بینی لە تەلەفزیۆنەوە گۆرانییەکەم بڵاوکرایەوە، ئیتر زۆر تووڕە بوو، منیش ماڵم بەجێهێشت، بەڵام کۆڵم نەدا و ئەویش ڕازی بوو.
**ڕووداو: دەڵێن بۆ ئاهەنگ بەرناکەویت، مانگانە چەند ئاهەنگ دەگێڕیت؟**
**دلێر عەبدولقادر:** پێشتر مانگ هەبووە 55 ئاهەنگم کردووە، ئێستاش مانگانە نزیکەی 25 ئاهەنگم هەیە.
**ڕووداو: بەڵام دەڵێن نرخی ئاهەنگەکانت زۆر گرانە، دەکرێت بزانین بە چەند ئاهەنگ دەکەیت؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بۆ ڕۆژانی ئاسایی بۆ ناو هەولێر سەرووی هەزار دۆلار، بەڵام بۆ ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی جیاوازن و دەگاتە نزیکەی 3 هەزار دۆلار، چونکە خۆم بە گشتی بۆ ئاهەنگەکان تەنیا دوو کاژێر دەمێنمەوە بە سەرووی هەزار دۆلار، لە هەولێریش دوو کات هەیە بۆ ئاهەنگ لە کاژێر دوو تاوەکو شەشی ئێوارە، یاخود لە حەوت تاوەکو 11ی شەو، بەڵام ئەگەر ئاهەنگێک لە چواری پاشنیوەڕوان هەتا شەو بخایەنێت ئەوە هەموو ڕۆژەکە دەبات و بێگومان بە نزیکەی 3 هەزار دۆلارە و ڕەنگە زیاتریش بێت. ئەو نرخەش زۆر نییە، چونکە لێرە گۆرانیبێژ لە دەرەوە دەهێنن بۆ ئاهەنگێک 20 هەزار دۆلاری دەدەنێ.
**ڕووداو: ئەی ئاهەنگی دەرەوەی هەولێر بە چەندە؟**
**دلێر عەبدولقادر:** نزیکەی 3 هەزار دۆلار.
**ڕووداو: هۆڵیشت هەیە؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بەڵێ دوو هۆڵم هەیە و ڕۆژانە ئاهەنگیان تێدایە. نرخەکەشی لە یەک تاوەکو سێ هەزار دۆلارە.
**ڕووداو: ئاهەنگەکانت گرانن، بەڵام دەڵێن ئەو کوڕ و کچانەی دێنە لات بۆ ئاهەنگ تۆ ئامۆژگارییان دەکەی کە ئاهەنگ نەگێڕن و پارەکە لە شتی دیکە خەرج بکەن، وایە؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بەڵێ، زۆرجار خەڵک هاتوون گوتوویانە ئەوەندە پارەمان نییە، منیش پێمگوتوون لە بری ئەوەی هەزار دۆلار بە من بدەن، بەو پارەیە شتێک بۆ خۆتان بکڕن باشترە، بەڵام ئەگەر هەر بیانەوێت ئاهەنگەکە بکەن ناچارم بۆیان بکەم، چونکە خۆیشم کوڕە هەژار بووم.
**ڕووداو: ئەی بۆچی خاتریان ناگریت؟**
**دلێر عەبدولقادر:** ئاخر منیش بە تەنیا نیم، موزیسیانم لەگەڵدایە، ئەگەر هەر خۆم بم ئامادەم بەبێ بەرامبەریش ئاهەنگیان بۆ بکەم.
**ڕووداو: دەڵێن موزیسیانەکانت مووچەیان باشە، چەند موزیسیانت هەیە؟**
**دلێر عەبدولقادر:** دوو موزیسیانن، مووچەی مانگانەیان دوو هەزار دۆلارە.
**ڕووداو: دەگوترێ لە ڕۆژێکدا دوو ئاهەنگت گێڕاوە، ئەوە ماندووت ناکات؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بێگومان ماندوو دەبم، بەڵام حەز دەکەم بەو شێوەیە پارە پەیدا بکەم، نەک لە بەرپرسە حیزبی و حکومییەکان داوای پارە بکەم.

> ■ کە یەکەم کلیپم بڵاوکرایەوە لە ماڵەوە ڕۆیشتم

> ■ مانگانە 25 ئاهەنگم هەیە

> ■ نازانم چەندم پارە هەیە

**ڕووداو: قەیرانی دارایی کاری تێنەکردووی؟**
**دلێر عەبدولقادر:** کاری لە خەڵکی کردووە نەک لە خۆم، چونکە مامۆستای ئامادەییم و ئەگەر ئاهەنگیشم نەبێت هۆڵم هەیە.
**ڕووداو: ئەگەر بەو شێوەیە بێت سەروەتێکی باشت هەیە، بە مەزەندە چەند دەبێت؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بەدیاریکراوی نازانم.
**ڕووداو: دەگاتە نزیکەی 2 ملیۆن دۆلار؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بڕوا ناکەم، (بەپێکەنینەوە) بۆچی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەندەی تێدایە؟
**ڕووداو: باسی حکومەتت دەکرد، زۆرجار هونەرمەندان بۆ بەرهەمی هونەری داوای هاوکاری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەن، تائێستا هیچ داوایەکت نەکردووە؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بەهیچ شێوەیەک داوام نەکردووە، تەنانەت لەم ساڵانەی پێشوودا لە کۆمەکە داراییەکەدا لە قۆناغی چواری زانکۆ بووم و ناویشم لە لیستی داهێنەراندا بوو، بەڵام ڕەتمکردەوە.
**ڕووداو: ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیری داوای پارە بکەن پێیان دەدەیت؟**
**دلێر عەبدولقادر:** بەڵێ ڕەنگە بتوانم 10 هەزار دۆلاریان بدەمێ.
**ڕووداو: بەڵام دەڵێن گوتووتە دەتوانی ملیۆنێک دۆلاریان پێبدەیت؟**
**دلێر عەبدولقادر:** ئەگەر بە قەرز بێت، بەڵێ دەتوانم.
**ڕووداو: هونەرمەندی یاخود گۆرانیبێژی؟**
**دلێر عەبدولقادر:** لەبەرئەوەی خوێندنم بە ئەکادیمی تەواو کردووە و ئەندامی کاری سەندیکای هونەرمەندانم، ڕەنگە سەندیکا شەرەفی هونەرمەندبوونم پێ ببەخشێت، بە پیشەکەشم داهات پەیدا دەکەم و گۆرانیبێژم.
**ڕووداو: گۆرانییەکت هەیە دەڵێی بۆ نایەی بتبینم، کەچی کچەکە لە باوەشتدایە، ئەوە چۆنە؟**
**دلێر عەبدولقادر:** (بەپێکەنینەوە)، ئەوەیان ساڵی 2004 بۆ ئەو کلیپە چووینە سووریا و شارەزا نەبووین، ئیدی کۆمپانیایەک کلیپەکەی کرد و ئێمەش گۆرانییەکەمان بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕا و بەو شێوەیەی لێهات.



■ زنار شینۆ*

## قاچاخچییەکانیش باسی ڕووداو دەکەن

لە ئەسینا، پرسیاری ڕۆژانەی کوردەکان ئەوەیە کە کێی نوێ هاتووە و کێ دەرچووە؟ ئەوانەی تازە دەگەن، ئەگەر کوردی ڕۆژئاوا یان عەرەبی سووریا بن، لەوێ ناوەستن و ڕاستەوخۆ دوای گەیشتنی پارەکەیان بەرەو گێڤگێلیا، لە سنووری مەکەدۆنیا بەڕێ دەکەون پاش ئەوەی لەڕێی هەندێ کوردی باشوورەوە پەیوەندی بە قاچاخچی و ڕێبەرەکانی ڕێگاوە دەکەن.

یەکێک لەو کوردە قاچاخچییانە بە منی گوت، باوەڕێکی تەواوم بە (ڕووداو) هەیە. پاشان هەندێ ڤیدیۆی کاتی گواستنەوەی کۆچبەرانی لە نێو دەریادا پیشانداین. یەکێکی دیکە هات و گوتی ڕۆژانە هەواڵی کوردستان کە متمانەی پێ دەکەم، لە ڕووداو دەبینم. لەگەڵ ئەو قاچاخچییە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە باسی ئەزموونی خۆی و شێوازی کارەکەیمان بۆ بکات، بەڵام لەبەر کەمیی کاتی ئێمە، دوامانخست. کوردی دانیشتووی یۆنان، هەموویان کاری قاچاخچێتی ناکەن، کەسی خاوەن بزنسی بچووک و کرێکاریشیان تێدایە. خێزانەکان لەوێ کەم بوون. ئەوانەی لە کۆنەوە لە یۆنان دەژین، گلەیی لە تازە هاتووەکان دەکەن.

گێڤگێلیا شارۆچکەیەکی بچووکی سنووری مەکەدۆنیایە لەگەڵ یۆنان. ڕێگا نێودارەکەی کۆچبەرانە بۆ تێپەڕبوون بە نێو وڵاتەکەی ئەسکەندەری گەورەدا و گەیشتن بە سربیا. لەسەر هێڵی ئاسنینی لەکارکەوتوو، لە هەردوو لاوە، پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان ڕێ بە تێپەڕبوونی پەنابەران نادەن. پیاوی بەتەمەن لەبەر سەختیی ڕێگا و بێچارەیی لەو ڕەوشە خراپەدا بەدەم گریانەوە دەبینی.. ئافرەتانی دووگیان و دایکی منداڵی ساوا کە لەسەر پارچە کارتۆنێک خەواندوویەتی.. گەنجانی تووڕە کە ڕاست و چەپ جنێو بە دەسەڵاتدارەکان دەدەن. منداڵەکانیش، ئەوانەی پێکەنینیان دڵی خۆش دەکردم و گریانیان، دڵی پڕ دەکردم لە گریان، تەنیا بیر لە گەمەکردن دەکەنەوە. هەموو ئەمانە خۆیان بۆ گەیشتن بە جیهانێک خستووەتە مەترسییەوە کە زۆربەیان هیچ لەبارەی سیستەم و شێوازی ژیان و کولتووری ئەو جیهانە نازانن.

تا شارۆچکەی پێرشێڤۆی سێربیا زۆر بە کەمی گەنجانی باشوورمان دەبینین. لە هەر شوێنێک کە کۆچبەرانی کورد ئێمەیان دەبینی، دەیانگوت "ڕووداو لە هەموو شوێنێکە.. چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد بتانبینین".

هەردوو وڵاتی مەکەدۆنیا و سێربیا تا پێیان دەکرێت دەخوازن بە زووترین کات کۆچبەرەکان زوو لە وڵاتەکەیان دەربچن. لە بێلگرادی پایتەختی سێربیا، ژمارەی گەنجانی باشوور زیاتر بوون. لەوێ تەنیا دوو خێزانی بچووکمان بینی (ژن و پیاو و منداڵێکی ساوا) کە خەڵکی زاخۆ بوون. ئەوان زۆر پەشیمان بوون لەوەی کە هاتبوون، بەڵام گەنجێک لەوێ دەیگوت من ناخۆشی زۆرم بینیوە، بۆیە بە کەس ناڵێم نەیێن. ژمارەیەک گەنج کە بە ڕێگای بولگاریادا خۆیان گەیاندبووە بێلگرد، بە یەکجاری ئەورووپایان لەبەرچاو کەوتبوو، ئەوان دەیانگوت ئەوەی بێت پەشیمان دەبێتەوە.

ترس، برسێتی و ماندووبوونێکی یەکجار زۆر و تەنانەت مردنیش هەڕەشەی ڕاستەقینەن لەسەر ژیانی ئەوانەی بەو ڕێگایانەدا کۆچ دەکەن. لەدەستدانی هاوسەفەرێک یاخود کەسێک لە نێو گرووپەکە چیرۆکی زۆربەیانە. چەندین جار لە سنوورەکانی یۆنان و بولگاریا دەدرێت تاکو تێدەپەڕن. لە بولگاریا هەڕەشەی گرووپە مافیاکان لەسەر پەنابەران زۆرە و دەریا بێ بەزەییەکەی نێوان تورکیا و یۆنانیش بووەتە دوا وێستگەی ژیانی هەزاران کۆچبەر.

گەنجانی باشوور هەمیشە پرسیاری ئەوە دەکەن کە کام وڵاتە مافی پەنابەرێتی دەدات، کوردی ڕۆژئاواش پەنجەمۆر و کارتێکردن لەسەر کەیسەکانیان پرسیاری سەرەکییان بوو.

***نێردراوی ڕووداو بۆ سنووری مەکەدۆنیا**

---

**عومەر کالۆ، پەیامنێری (ڕووداو) لە کۆبانێ:**

# پێشمەرگە تاکە هێزە چارەی منی ویستبێت

ڕەنگە قورسترین کار بۆ ڕۆژنامەڤانان کارکردن بێت لە شوێنێک کە دەسەڵاتدارانی ئەو شوێنە چارەی کەناڵەکەی تۆیان نەوێت. ئەمە بۆ عومەر کالۆ، پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداو لە کۆبانێ ئەزموونێکی درێژە، چونکە تا ئەوکاتەی لە کۆبانێ بوو، زۆرترین تەشقەڵەی پێکراوە لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە). ئەوکاتەی شەڕ لە کۆبانێ بوو، عومەر بۆی نەبوو لە شارەکەی خۆی نزیک ببێتەوە. بەڵام ئەو لەسەر سنوور مایەوە و کاری خۆی کرد تاوەکو کۆبانێ ڕزگار بوو. دواتریش سێ ڕۆژ لە گفتوگۆدابوو لەگەڵ بەرپرسانی شارەکە تاوەکو ڕێگەیان دا بگەڕێتەوە نێو کۆبانێ. کالۆ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) ئەزموونی کارکردنی خۆی لە کۆبانێ دەگێڕێتەوە.

دەرباز یونس
ڕووداو – هەولێر
فۆتۆ: فەرزین حەسەن



**دووجار گەیشتمە سەر لێواری مەرگ**

**بە چانس لە دەست داعش ڕزگارم بوو**

**ڕووداو: ڕووداو لە کانتۆنی جزیرێ قەدەغەکرا، تۆ لە کارکردن هەر بەردەوامی؟**

**عومەر کالۆ:** ڕووداو بە فەرمی لە کۆبانێ قەدەغە نەکراوە، بەڵام کێشەی کارکردنمان زۆرە. من لە کارەکانم جگە لەوەی هەوڵم دەدا تەواوی ڕاستییەکان پیشانبدەم، بەڵام ئیستیفزازی هیچ لایەنێکم نەدەکرد، ئەم جۆرە کارکردنە هۆکار بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو سەختییەکان، کارکردنی ڕووداو لە کۆبانێ بەردەوام بێت.

**ڕووداو: ئەو کاتەی داعش گەیشتە ناو کۆبانێ تۆ لە کوێ بووی؟**

**عومەر کالۆ:** کە داعش هێرشی کرد من لە نێو کۆبانێ بووم، ئەو ڕۆژەی کە کۆڕەوی کۆبانێ دەستیپێکرد، من ڕۆژی 2014/9/19 خێزان و منداڵەکانم گەیاندە باکووری کوردستان و دوو ڕۆژ دواتر خۆم گەڕامەوە کۆبانێ، بەڵام لەسەر سنوور بەرپرسانی کانتۆنی کۆبانێ گوتیان کارکردنی ڕووداو قەدەغەیە، ڕێگەیان نەدا بچمە ژوورەوە. من تاوەکو 2015/1/26 کە کۆبانێ لە داعش پاککرایەوە، هەر لەسەر سنوور مامەوە و لەوێ کارم دەکرد. تەنیا کیلۆمەترێک لە سەنتەری کۆبانێ دوور بووم. ماوەی چوار مانگ بەردەوام و ڕۆژانە هەوڵم دەدا بچمە نێو کۆبانێ، بەڵام ڕێگەیان نەدەدا. لە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی کۆبانێ بەبێ مۆڵەت چوومە نێو شارەکە، بەڵام سێ ڕۆژ گفتوگۆم لەگەڵ بەرپرسانی کانتۆنی کۆبانێ کرد تاوەکو ڕێگەیان پێدام کاربکەم.

**لایەنگرانی پەکەکە و هەدەپە هەڕەشەیان لێکردم**

**ڕووداو: ڕۆڵی ڕووداو لە کۆنترۆڵکردنەوەی کۆبانێ چی بوو؟**

**عومەر کالۆ:** ئێمە وەک ڕووداو لەوێ کارمان دەکرد و ڕاستییەکانمان پیشانی خەڵک دەدا، بەڵام پشتگیری کوردمان دەکرد، بەڕێوەبەرایەتی ڕووداو ئاگاداریان کردمەوە کە پشتگیری کورد بکەم لە کارکردنم لە کۆبانێ، ڕۆڵی زۆرمان هەبوو لە بەرزکردنەوەی وورەی شەڕڤانان.

**ڕووداو: لە کاتی کارکردن کەس هەڕەشەی لێنەدەکردی؟**

**عومەر کالۆ:** بەڵێ. جار جار هەڕەشەم لێکراوە، ئەو کاتەی لەسەر سنووری کۆبانێ بووم لە باکووری کوردستان لایەنگرانی هەدەپە و پەکەکە، کێشەیان بۆ دروستدەکردین، هەندێجار هێرشیان دەکردە سەرمان و نەیاندەهێشت کارەکانمان بکەین، تا ئەو کاتەی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە شوێنێکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان لەسەر سنوور دروستکرا و ئێمەی پاراست لەدەست پەکەکە و لایەنگرانی، هەڕەشەی داعشیش بەردەوام بوو لە سەرمان، ئەگەر بکەوتباینایە بەر دەستیان مردنمان مسۆگەر بوو. بەڵام من گوێم بەو هەڕەشانە نەدا و ئەو ماوەیەی لە کۆبانێ بووم نزیکەی 400 ڕاپۆرتم بۆ ڕووداو کرد.

**ڕووداو: ماڵ و حاڵت چی بەسەر هات؟ ترست لە مردن نەبوو لەو کاتەی کارت دەکرد لەسەر سنوور؟ بیرت لە منداڵەکانت نەدەکردەوە؟**

**عومەر کالۆ:** ماڵم نەما و خانووەکەم بە بۆردومان و تۆپ خاپوور بوو، بە کەڵکی ژیان نەما، بۆیە منداڵەکانم گەیاندە باکووری کوردستان، ئەوکاتەی داعش هێرشی کرد ئێمە چانسمان هەبوو کە دەرباز بووین، چونکە زۆر نزیک بووین، من هەستدەکەم غەدرم لە خێزان و منداڵەکانم کردووە.

**ویستم منداڵەکانم بە ئارامی بخەون بۆیە ئێستا لە هەولێرم**

**ڕووداو: لە کاتی ڕووماڵەکاندا ڕووبەڕووی مەترسی نەبوویتەوە؟**

**عومەر کالۆ:** بەڵێ، دووجار لە مردن نزیکبوومەوە.

**ڕووداو: ئەو ڕووداوەی قەت بیرت ناچێتەوە، چییە؟**

**عومەر کالۆ:** ناخۆشترین ڕووداو ئەوکاتە بوو کە داعش هاتە نێو کۆبانێ. دۆستێکم لە نێو کۆبانێدا بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی عومەر گەردنم ئازاد بکەن، من ئیدی تەواو، ئەو ڕۆژەم قەت لەبیر ناچێتەوە و زۆر گریام، بەڵام سوپاس بۆ خودا دۆستەکەم ڕزگاری بوو.

جارێکی دیکەش گریام، بەڵام ئەمەیان گریانی خۆشی بوو، ڕۆژێکیان بەرپرسێکی پێشمەرگە کە پێشتر لە کۆبانێ بوو، میوانی کەناڵی ڕووداو بوو. من دەبووایە ئەوکات داخڵ بم و ڕاستەوخۆ قسە بکەم، بێژەرەکەی ڕووداو، لێی پرسی عومەر کالۆ دەناسیت. بەرپرسەکەش گوتی جا کێ عومەر کالۆ ناناسێ، ئەویش پێشمەرگەیەکی کۆبانێیە. هەروەها ئەو ڕۆژەم قەت بیرناچێتەوە کاتێک پێشمەرگە لەسەر سنوور داخڵی کۆبانێ دەبوون، چاویان بە من کەوت تەقلیدی ستاندئەپەکانی منیان دەکردەوە و دەیانگوت: عومەر کالۆ... ڕووداو کۆبانێ. بۆیە دەتوانم بڵێم پێشمەرگە تاکە هێزە چارەی منی ویستبێت.

**ڕووداو: ئەوکاتەی منداڵەکانت لە باکووری کوردستان بەجێهێشت، ترست نەبوو کە جارێکی دیکە هاوژین و منداڵەکانت نەبینیتەوە؟**

**عومەر کالۆ:** لە دڵەڕوکەیەکی زۆردا بووم. جاری یەکەم کە جێمهێشتن دوای سێ مانگ سەردانم کردنەوە. کوڕەکەم تەلەفۆنی دەکرد و دەیگوت باوکە وەرەوە، زۆر بیرت دەکەم، ئەوە کاریگەری زۆر بوو لەسەرم، بەڵام من پێموابوو کارکردن و بەردەوامیم واجبێکە بۆ کۆبانێ، بۆیە بەردەوام بووم.

**ڕووداو: ئێستا لە هەولێری، هاوژین و منداڵەکانت لە کوێن؟ بۆچی کۆبانێت بەجێهێشت؟**

**عومەر کالۆ:** لە کۆبانێ ژیانمان زۆر سەخت بوو، بەردەوام هێرش و هەڕەشەی داعشمان لەسەر بوو، بۆیە هەستم کرد غەدرێکی زۆرم لە منداڵەکانم کردووە، ویستم منداڵەکانم بهێنمە هەولێر، بۆ ئەوەی لێرە بە ئارامی بخەون. جگە لەوەش ڕەوشی کارکردنی ڕووداو لە کۆبانێ زۆر خراپ بوو، بەردەوام هەڕەشەمان لەسەر بوو.

**کە داعش هێرشی کرد من لە نێو کۆبانێ بووم**

---

## بەشێک لە پرۆگرامەکانی کەناڵی ڕووداو

### وەرزین:

وەرزینی ئەمجارە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باسی یانەی داڵکورد دەکات کە یانەیەکی کوردییە لە سوێد. تەوەری دووەمیش تایبەتە بە ناساندنی ئەکادیمیای تۆپی پێی یانەی هەولێر کە گرووپێکی وەرزشوانی ئیتاڵی سەرپەرشتی دەکات.

کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار محەممەد

### مێد ئین کوردستان:

"بۆچی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان ناتوانن ببنە دوو کەرتی بەرهەمهێنی ئابووری؟" ئەمە تەوەری ئەم هەفتەیەی بەرنامەی مێد ئین کوردستانە.

کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: هێدی کەریم

### دوو ئالی:

میوانداری دوو کەسایەتی باکوور یان ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، لە دوو بۆچوون و گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤە بۆ مژار و بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ دەکرێ".

کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

### فیچەر:

"وەستان بۆ بەهەشت" فیچەرێکە لە نەمسا ئامادەکراوە، لەسەر ڕەوشی ئەو پەنابەرانەی بە ڕێگە جیاوازەکان خۆیان دەگەیەننە ئەو بەهەشتە فەنتازیەی ئەورووپا کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێنا دەکرێ.

کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30
ئامادەکار: دەرباز یونس

### چوار قۆڵی:

گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەڤانییە لە نێوان بەشداربووانی بەرنامەکەدا لەسەر گەرمترین مژارەکانی ڕۆژ لە باشووری کوردستان و ناوچەکە، هەر جارەو میوانداری کەسایەتییەکی تایبەت دەکرێ.

کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار کەریم وەلی

### هەڤپەیڤین:

هەڤپەیڤینێکی تایبەتە
هەڤپەیڤینێکی تایبەتە لەگەڵ ڕۆبەرت فۆرد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە دیمەشق.

کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: نامۆ عەبدوڵڵا

### پەنجەمۆر:

بەشی دووەمی گفتوگۆیەکە لەگەڵ موحسین دزەیی، سیاسەتمەداری باشووری کوردستان، کە کەسێکی نزیک بووە لە مەلا مستەفا بارزانی.

کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین.

### بەرهەمی ڕووداو:

کۆنسێرتی موزیسیانی کورد هەژار زەهاوی بە ناوی "ڕەگی کۆن و گەڵای نوێ" کە چەند میوزیسیانێک لە چەند وڵاتێکەوە بەشداریان تێدا کردووە.

### نۆرین:

بەرنامەکە لە چەند بڕگەیەکی تەندروستی پێکدێت، بە میوانداری کەسانی شارەزاو پسپۆڕ

کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

### دۆکۆمێنتاری:

"مێژووی کۆمەڵە" دۆکیۆمێنتاریەکی تایبەتە لەسەر کۆمەڵە وەکو پارتێکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مێژوویەکی درێژی هەیە لە نێو بزووتنەوەی چەکداری و جوڵانەوە شۆڕشگێرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 22:05

### چاوی ڕووداو:

لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی ڕووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.

کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

تێبینی: ئەم خشتەیە جێگیر نییە، ڕەنگە بەهۆی ڕووماڵ و ڕاستەوخۆکانی کەناڵی ڕووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
ممتاز
MAHMOOD RICE
MAHMOOD RICE®
1121
100%


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب



بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی
RÛDAW
RÛDAW
FM & MUSIC
پەیوەندی بکە بە:
SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


شاری دایك
بەشداریە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە

ژنان
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31

## دوژمندارەکان ژنێک دەکوژن



**رووداو-هەولێر**

موقەدەم کاروان خۆشناو، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند رۆژی 2015/8/29 لە ناحیەی قوشتەپەی نزیک شاری هەولێر چەند کەسێک لە ئۆتۆمبێلێکدا دەستڕێژی گوللەیان لە ئۆتۆمبێلێکی دیکە کردووە و بەو هۆیەشەوە دایک و منداڵێکی تەمەن 7 مانگ گیانیان لەدەستداوە و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون. بە گوتەی ناوبراو، لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتووە ئەو دوو خێزانە پێشتر دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ بوون و بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دوژمنایەتی لەنێوانیاندا دروستبووە، تەقەکەرەکان ناسراون، بەڵام تائێستا کەس دەستگیر نەکراون.

### لە ئێران 6000 کەس لەسەر هاوڕەگەزبازی لەسێدارەدراون

# هاوڕەگەزبازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناوێرن خۆیان ئاشکرا بکەن

**کچێکی هاوڕەگەزباز:** خەریک بوو ئاشکرا ببم

**کوڕێکی هاوڕەگەزباز:** خۆیانم لێ بەدوور دەگرن وەک ئەوەی نەخۆشییەکی کوشندەم هەبێ

**ئارینا مورادی**
**رووداو- هەولێر**

مینا، سزای دارایی دەدرێت یان زیندانی دەکرێت ئەگەر بە تەنیا لەگەڵ پیاوێک ببینرێت کە هاوژین یان خزمی نەبێت، بەڵام ئەو حەز ناکات لەگەڵ پیاوێک بچێتە دەرەوە، بەڵکو لەگەڵ ژنێک، چونکە ئەو حەزی لە رەگەزی بەرامبەر نییە و حەزی لە رەگەزی خۆیەتی.

مینا ناوی خوازراوی کچە کوردێکی تەمەن 33 ساڵە کە لە گەڕەکێکی کۆنی شاری سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژی.

مینا هاوڕەگەزبازە، بەڵام دەبێت ئەو حەزەی بە نهێنی بهێڵێتەوە، هەم لە ترسی پۆلیس و هەمیش لە ترسی دابونەریتی ناوچەکە کە لەوێ هاوڕەگەزبازی نەک قەدەغەکراوە، بەڵکو نەفرەتلێکراویشە.

مینا دەستی نووسینی شیعری هەیە و چەندین شیعری لەبارەی خۆشەویستی و سروشت و وڵاتەکەیەوە نووسیوە، بەڵام لە ترسی ئاشکرابوونی نهێنیەکەی لە خۆشەویستیی بۆ کچان، هەرگیز هەندێک لە شیعرەکانی پێشانی کەس نەداوە.

مینا لەرێگەی سکایپەوە لە ماڵەکەی خۆیدا بە چرپەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "هەندێک لە هۆنراوەکانم کە دەربارەی خۆشەویستییە، لە سندوقێکدا شاردووەتەوە. خێزانەکەم هیچ شتێک دەربارەی بارودۆخی من نازانن و ناشبێت بیزانن، چونکە لە خێزانێکی زۆر ئاینیم".

مینا ئێستا لە جاران زیاتر بە وریاییەوە مامەڵە دەکات، چونکە چەند مانگێک لەمەوبەر خەریکبوو نهێنییەکەی ئاشکرا ببێت، ئەوکاتەی لە شوێنی وەرزشکردن کچێک دەناسێ کە حەزی لێدەکات.

"خەریک بوو دەکەوتمە خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کچە. رۆژێک هەندێک چوکلێتم پێدا. بۆ هەفتەی دواتر گوڵێک. پاشان هەموو شتێک گۆڕا، هەموو کەسێک لە پشتەوە قسەیان لەسەر دەکردین. خەڵک بۆ نیشانەیەک دەگەڕان کە بیسەلمێنن هاوڕەگەزبازم".

لە ئێران هاوڕەگەزبازی نەک تەنیا لەلایەن کۆمەڵگاوە بەنەشیاو تەماشا دەکرێت، بەڵکو بەپێی یاساش قەدەغەیە.

ساڵی 2007 لە وەڵامی پرسیارێکدا لە زانکۆی کۆڵۆمبیی نیویۆرک، مەحمود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، نکۆڵی کرد لەوەی دیاردەی هاوڕەگەزبازی لە ئێراندا هەبێت. ئەحمەدی نەژاد گوتی "ئێمە ئەم دیاردەیەمان نییە. نازانم کێ پێیگوتوون شتێکی لەو جۆرەمان هەیە!".

بەپێی یاساکانی ئێران، هاوڕەگەزبازەکان یان ئەو کەسانەی رەگەزی خۆیان دەگۆڕن لە مافە سەرەتاییەکانی وەک ژیان و ئازادیی رادەربڕین بێبەش دەبن و رووبەڕووی ئەشکەنجە و تەنانەت لەسێدارەدانیش دەبنەوە.

بەگوتەی چالاکڤانانی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ، لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لەساڵی 1979، نزیکەی 6 هەزار ئێرانی بەهۆی هاوڕەگەزبازییەوە لەسێدارەدراون.

عەلی پەناهی کە دەروونناسێکی کوردە، دەڵێت بەراورد بە شارە گەورەکانی وەک تاران، ژیان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هاوڕەگەزبازەکان زۆر قورسترە.

پەناهی کە خۆی کوردەو لەرێگەی تەلەفۆنەوە لە شاری سنەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد، گوتی "دروستکردنی گرووپی کۆمەڵایەتی بۆ کەمینە هاوڕەگەزبازەکان لە ئێران قورسە "لەکۆمەڵگەیەکی موحافیزکاری وەکو کوردستاندا، بەتایبەت لە شارە بچووکەکاندا زۆر زۆر قورسە بۆ ئەم کەسانە گرووپی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان هەبێت".

بە گوتەی پیاوێکی هاوڕەگەزباز کە بۆ (رووداو) قسەی کرد، هەرچەندە لە شارێکی گەورەی وەک تاران هێشتا مەترسی لەسەر هاوڕەگەزبازەکان هەیە، بەڵام ئەوان لەوێ گرووپی نهێنیی تایبەت بە خۆیان هەیە.

عەلی رەزا، تەمەن 24 ساڵ، کە لە تاران دەژی، گوتی "لە تاران بەردەوام کۆبوونەوە و ئاهەنگ بۆ هاوڕەگەزبازەکان هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا تەنانەت لەو کافتریایانە کۆدەبینەوە کە هاوڕەگەزبازەکان روویان تێدەکەن. خاوەنەکانیان دەزانن هاوڕەگەزبازین، بەڵام تەنیا ئەوان دەزانن".

سروشت، تەمەن 22 ساڵ کە کوردێکی هاوڕەگەزبازی شاری بۆکانە، گوتی لە قوتابخانە بوو کاتێک بۆی دەرکەوت لە کوڕەکانی دیکە جیاوازە.

"وێنەی ئەو کوڕە نمایشکارانەم کۆدەکردەوە کە ریکلامیان بۆ جلی ژێرەوە دەکرد. جارێکیان یەکێک لە هاوڕێکانم یەکێک لەو وێنانەی بینی. زۆر هەستم بە شەرمەزاری کرد، بەڵام لەوکاتەدا نەمدەزانی کە هاوڕەگەزبازم."

سروشت تەمەنی 18 ساڵ بوو کاتێک برا گەورەکەی بە نهێنییەکەی زانی. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، لە تەمەنی 20 ساڵیدا بەزۆر ژنی بۆ دەهێنن.

"کچێکیان بۆ دۆزیمەوەو بەزۆر لێیان مارەکردم. هێشتا هەست بە تاوان دەکەم بەهۆی ئەزموونەکانم لەگەڵی، چونکە کچێکی زۆر باش بوو، بەڵام نەمدەتوانی بەهیچ جۆرێک لێی نزیک ببمەوە. لەیەک جیابووینەوە، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە هەرگیز نەیزانی کە هاوڕەگەزبازم".

لەوکاتەوە، سروشت ئەوەندەی لە توانایدا بێت خۆی لە خەڵک بەدوور دەگرێت بە خێزانەکەی خۆشیەوە. ئەو گوتی "هیچ جێگەیەکم لە کۆبوونەوە خێزانییەکاندا نییە. کاتێک دەچمە کۆبوونەوەکانیان. خۆم لێ بەدوور دەگرن، وەک ئەوەی نەخۆشییەکی کوشندەم هەبێت".



---

# پڕۆژەیان بۆ دەکەن ئەگەر کچەکانیان خەتەنە نەکەن

**چالاکڤانێکی ژنان:** خەتەنە کەم بووە، بەڵام هەر ماوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- ئاغجەلەر**

"پێش ئەنفال، زۆربەی ژنانی ئەم گوندە خەتەنە کراین، بەڵام شوکر بۆ خودا ئێستا خەتەنە بەرەو نەمان دەچێت". ئەمە قسەی ژنێکی تەمەن 42 ساڵە کە نەفرەت لەو ژنە دەکات، خەتەنەی کردووە.

لە نێو ماڵی یەکێک لە دانیشتووانی گوندی جەلەمۆرد لە نزیک ناحیەی ئاغجەلەری سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ، نزیکەی 14 ژن و کچ، گوێیان لە رێنماییەکانی تیمی هۆشیارکردنەوەی خەتەنەکردنی مێیینە گرتبوو.

رێکخراوەکانی وادی ئەڵمانی و یونیسێف و رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان، رێگایەکی دیکەیان گرتووەتەبەر بۆ نەهێشتنی خەتەنە لە گوندەکانی کوردستان. ئەویش ئەنجامدانی پرۆژەیە بۆ ئەو گوندانە، بە مەرجێک دەست لە خەتەنەکردنی کچەکانیان هەڵبگرن.

ئەو سێ رێکخراوە لە تازەترین کاریاندا بەڵێنیان بە دانیشتووانی جەلەمۆرد داوە کە مانگی داهاتوو پرۆژەیەکی خزمەتگوزارییان بۆ جێبەجێ دەکەن، بەڵام بەو مەرجەی کچەکانیان خەتەنە نەکەن.

### بە نوقڵێک لەخشتەیان دەبردن

لە کاتی روونکردنەوەی رێنماییە یاساییەکان و زیانە تەندروستییەکانی خەتەنەکردنی مێیینەدا بۆ ئەو ژن و کچانە، لەلایەن دوو ئەندامی رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنانەوە، ژنەکان بە راشکاوی ئەزموونی خەتەنەکردنی خۆیان بۆ ئەو تیمە دەگێڕایەوە.

ژنێکی تەمەن 42 ساڵ کە بەشداری لە وۆرکشۆپی رێکخراوەکاندا کردبوو، باسی چۆنیەتی خەتەنەکردنی خۆی و زۆربەی ژنانی گوندەکەی گێڕایەوە و گوتی "تەمەنم نزیکەی 15 ساڵ دەبوو، دایکم بردمی بۆ لای پیرەژنێک. زۆربەی کچەکانی ئێرەیان دەبردە لای ئەو پیرەژنە. پاشان بردیانم بۆ ژوورێک، لەوێ نوقڵێکیان پێدام و هەڵیانخەڵەتاندم، دواتر پیرەژنێک هاتە ژوورەوە، من و چەند کچێکی دیکەی خەتەنە کرد".

ئەگەر ئەو ژنە ئەوکات بیزانیایە زیانەکانی خەتەنە چین، هەرگیز رێگەی نەدەدا خەتەنە بکرێ. بۆیە ئێستاش رقی دڵی بەرامبەر ئەو پیرەژنە دەرناچێت. ئەو گوتی "ئەگەر ئێستا بووایە بەدڵنیاییەوە سکاڵام لە دژی تۆمار دەکرد، چونکە کارێکی زۆر خراپ و نامرۆڤانەی لەگەڵ کردین".

خەتەنەکردن بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، بە توندوتیژی هەژمار کراوە و هەر کەسێک منداڵەکەی خەتەنە بکات و ئەوەشی کە خەتەنەکە دەکات، سزا دەدرێ.

لە چەند ساڵی رابردوودا، میدیاکان مینبەرێکی باشبوون بۆ چالاکڤانانی ژنان، تاوەکو لەو رێگەیەوە بەرەنگاری خەتەنەکردنی کچان ببنەوە. هەروەها توانییان قەناعەت بە چەندین مامۆستای ئایینیش بهێنن بۆ ئەوەی لە گوتارەکانیاندا دژی ئەو دیاردەیە بوەستنەوە و خەتەنە حەرام بکەن.

ژنانی ئەو گوندە رۆڵی میدیاکانیان بە گرنگ ناو دەبرد کە هۆشیاری کردوونەتەوە لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێیینە.

### پیاوانی گوندیش دژی خەتەنەن

ژنێکی تەمەن 40 ساڵانی گوندەکە گوتی خۆی خەتەنەکراوە، بەڵام هەرگیز رێگە نادات دوو کچەکەی خەتەنە بکرێن کە یەکێکیان تەمەنی 13 ساڵانە و ئەوی دیکەشیان تەمەنی 15 ساڵە. ئەو ژنە گوتی "تازە خۆم لە دەست چووم، بەڵام ناهێڵم کچەکانم وەکو منیان بەسەر بێت". ئەو گوتیشی کە بەهۆی میدیاکانەوە پیاوەکانیان هۆشیاربوونەتەوە و نایانەوێت کچەکان خەتەنە بکرێن.

ئەو ژنانە دڵخۆشبوون بەوەی کە ئێستا لە نێو گوندەکەیاندا بە هیچ شێوەیەک حاڵەتی خەتەنەکردنی مێیینە نەماوە و یەکێک لە ژنەکان گوتی "نزیکەی شەش ساڵە لەم گوندە هیچ کچێک خەتەنە نەکراوە".

تیمەکەی رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان لەو سیمینارەدا فیلمێکی دۆکیومێنتارییان بۆ ئامادەبووان نمایش کرد کە چەند پسپۆڕێکی تەندروستی و دەروونناسی و مامۆستایەکی ئاینی قسەیان لەسەر لایەنە خراپەکانی خەتەنەی مێیینە دەکرد.

بەڵام یەکێک لە ژنەکان رەخنەی لە مامۆستا ئاینییەکە گرت و گوتی "ئێستا ئەو مامۆستایە کە رەخنە لە خەتەنەی مێیینە دەگرێت، پێشتر هەر ئەوان بوون دەیانگوت بیکەن، ئەوان سەریان لەو خەڵکە تێکداوە".

ساڵانی پێشتر لەو گوندەدا تەنیا پیرەژنێک خەتەنەی مێیینەکانی کردووە، بۆیە پیاوانیش متمانەیان پێی هەبووە، سەبارەت بە پرسیاری رێکخراوەکە دەربارەی ئەوەی ئاخۆ باوک و براکانیان ئاگاداربوون کە ئەوان خەتەنە دەکرێن، ژنەکان گوتیان "ئەوانیش دەیانزانی، بەڵام دەیانگوت لەبەرئەوەی ئەو پیرەژنە دەیکات، کێشەمان نییە".

### پڕۆژە بۆ نەهێشتنی خەتەنە

بوار قادر لە رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان باسی تازەترین شێوازی رووبەڕووبوونەوەی خەتەنەی مێیینە دەکات، ئەویش ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزارییە بۆ گوندنشینەکان، لەبەرامبەر ئەوەی دەستبەرداری خەتەنەکردنی کچەکانیان بن.

بوار گوتی "ئەو رێگایە پێشتر لەچەند وڵاتێک تاقیکراوەتەوە و سەرکەوتوو بووە، بۆیە ئێمەش چوار ساڵ لەمەوبەر و سەرەتا لە گوندی تووتەقەڵی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر یەکەمین پڕۆژەمان بۆ نەهێشتنی خەتەنەی کچان کردەوە، ئەویش دابینکردنی کابینە بوو بۆ قوتابخانەی گوندەکە".

سەرحەد عەجیب، ئەنجومەنی گوندی تووتەقەڵ گوتی، خەڵکی ئاوایی بەڵێنەکەی خۆیان بەرامبەر رێکخراوەکان بردە سەر "ئێستا خەتەنەکردنی مێیینە لە گوندەکەمان باوی نەماوە".

بوار پڕۆژەی داهاتووی خۆیانی ئاشکرا کرد کە لە مانگی ئەیلولدا بەنیازن هەمان ئەزموونی تووتەقەڵ لە گوندی جەلەمۆردی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر دووبارە بکەنەوە و گوتی "ئەوان سەرەتا گوتیان قوتابخانەمان هەیە و مامۆستامان نییە، بۆیە بەنیازبووین قوتابییەکانیان بگوازینەوە، بەڵام ئەگەر حکومەت مامۆستای بۆ دابینکردن، ئەوا بە خواستی خۆیان پڕۆژەیەکیان بۆ جێبەجێ دەکەین".

ئەبوزەید خالید، ئەنجومەنی گوندی جەلەمۆرد گوتی کە لەلایەن ئەو رێکخراوەوە، بەرامبەر نەهێشتنی خەتەنەی مێیینە بەڵێنی جێبەجێکردنی پڕۆژەیان پێدراوە "ئێستا خەتەنەی مێیینە نەماوە و زۆربەی خەڵکی هۆشیاربوونەتەوە".

ئەو تیمەی رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا، سەردانی زیاتر لە 10 گوندیان لە سلێمانی و هەولێر کردووە و سەمینارییان بۆ ژنان کردووە. بوار گوتی "بەپێی بەدواداچوونەکانمان خەتەنەی مێیینە بەرەو کەمبوونەوە چووە، بەڵام بە تەواوی بنبڕ نەبووە و هەر ماوە".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31

## دوو پیاو خۆیان دەکوژن

**رووداو- دهۆک**


رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند، شەوی 27ی ئاب پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ لە سەنتەری ناحیەی باعەدرێ لە ماڵی خۆیدا و بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی کوشتووە. هەروەها ئاشکرایکرد کە شەوی 30ی ئابیش، پیاوێکی تەمەن 32 ساڵ کە باوکی سێ کچ بووە، لە کۆمەڵگەی دۆمیزی سەر بە ناحیەی سیمێل هەر بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشتووە. دوای رووداوەکە لەلایەن بنکەی پۆلیسی برایەتی لە کۆمەڵگەی دۆمیز دەستکراوە بە لێکۆڵینەوە بۆ هۆکاری خۆکوشتنەکەی.



# پیرەمێردێک لە ماڵی کچەکەیدا خۆی دەخنکێنێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو — وارماوا**

دوو رۆژ پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ، بڕە پارەیەکی بۆ یەکێک لە کوڕەکانی حەواڵە کرد کە چەند رۆژێکی کەم بوو گەیشتبووە وڵاتێکی ئەوروپا. حەسەن بەنیاز بوو ماڵەکەی بگوازێتەوە ناحیەی وارماوە و لەوێ نیشتەجێ ببێ، بەڵام بڕیارەکەی دەگۆڕێت و بە یەکجاری لە نێو گۆڕدا نیشتەجێ دەبێت، حەسەن بە پشتێنەکەی لە نێو ماڵی کچەکەیدا، خۆی دەخنکێنێ.



حەسەن کەریم، 62 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بوو. هەر لەوێش پاسەوانی بەڕێوەبەرایەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی دەربەندیخان بوو. بەرەبەیانی رۆژی 2015/8/23 لە ماڵی کچەکەی خۆیدا لە ناحیەی وارماوای نزیک شاری سلێمانی، بە پشتێنەکەی خۆی، خۆی خنکاند.

جەمال حەمەعەلی کە زاوای حەسەنە بە (رووداو)ی گوت، سێ رۆژ بەر لە رووداوەکە، خەزووری سەردانی ماڵی کچەکانی کردبوو لە ناحیەی وارماوە، ماڵی دوو لە کچەکانی لە ناحیەی وارماوان. بەڵام لە کاتی رووداوەکەدا حەسەن لە ماڵی ئاوەڵزاواکەی جەمال بووە.

جەمال گوتی "ئەو شەوە لە ماڵی ئاوەڵزاواکەم بوون، مامیشم هەر لەگەڵ ئەوان لە نهۆمی سەرەوە خەوتووە".

تاوەکو کاژێر 5ی بەیانی هیچ لە گۆڕێ نەبووە و حەسەن لە نێو جێگاکەیدا بووە، بەڵام دواتر کاتێک ژنەکەی دەچێت بانگی بکات بۆ ئەوەی نانی بەیانی بخوات، دەبینێت لە نێو جێگاکەیدا نەماوە.

جەمال گوتی "خەسووم بانگی کردبوو، هیچ وەڵامی نەبوو، کاتێک لە نێو ماڵەکەدا بەدوایدا گەڕاوە، بینیویەتی لە کۆگای خانووەکەدا هەر بە پشتێنەکەی، خۆی هەڵواسیوە و خنکاوە".

بە گوتەی جەمال، خەزووری هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دارایی نەبووە، بەڵام دەڵێت "دوو رۆژ پێشتر لە ماڵی ئێمە بوو، هەستم کرد لە رووی دەروونییەوە بارودۆخی باش نییە، بۆ نموونە دەیگوت شتێک لەنێو سنگمدایە ئەگەر خۆم نەکوژم لا ناچێت، جگە لەوەش زۆربەی کات مات و بێتاقەت بوو".

قەیرانی دارایی و ململانێی نێوان حیزبەکان بە هەزاران گەنجی نائومێد کردووە و زۆر لەو گەنجە نائومێدانەش سەری خۆیان هەڵدەگرن و کۆچ دەکەن، کوڕەکانی مام حەسەنیش لەو گەنجە نائومێدانە بوون کە ماوەیەک لەمەوبەر کۆچیان کرد بۆ ئەوروپا.

جەمال گوتی "رۆژی 2015/8/21 مام حەسەن دوایین پارەی بۆ یەکێک لە کوڕەکانی نارد، چونکە کوڕەکەی گەیشتبووە شوێنی خۆی، بەڵام خۆخنکاندنەکەی تەنیا پەیوەندی بە ئەوانەوە نەبووە".

ئەو رووداوە بۆ خێزانی حەسەن چاوەڕواننەکراو بووە. جەمال دەڵێت "قەت لەو باوەڕەدا نەبووین مامم خۆی بکوژێ، چونکە زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو".

مام حەسەن لە دەربەندیخان دادەنیشت، بەڵام بە نیازبوو ماڵەکەی بگوازێتەوە ناحیەی وارماوا و نزیکی کچەکانی بێت. جەمال گوتی "چەند جارێک داوامان لێکرد ماڵەکەی لە دەربەندیخانەوە بگوازێتەوە بۆ وارماوا. هەندێجار رازی دەبوو، بەڵام دواتر پەشیمان دەبووەوە".

مام حەسەن ئەمساڵ دوا ساڵی بووە لە وەزیفەکەی، چونکە ساڵی داهاتوو تەمەنی دەبووە 63 ساڵ و خانەنشین دەکرا. بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی حەسەن، لە کەسوکارەکەی زیاتر خەمبارن بە رووداوی خۆخنکاندنەکەی.

بارزان محەممەد، بەڕێوەبەری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە دەربەندیخان گوتی "مام حەسەن کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ماوەی 10 رۆژ بوو بەهۆی ئاڵوگۆڕی کاتی پاسەوانەکانەوە و هەتا کاتی رووداوەکەش دەوامی نەکردبوو، بۆیە نازانم چ کێشەیەکی هەبوو، بەڵام پێدەچێت کێشەیەکی دەروونی کتوپڕی بۆ دروستبووبێت و خۆی خنکاندبێت".

هەرچەندە مام حەسەن رۆژی 2015/8/23 خۆی خنکاند، بەڵام هەتا چەند رۆژێک دواتر ئینجا گوتەی خێزانەکەی لەلایەن بنکەی پۆلیسی وارماواوە وەرگیرا.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "کەسوکاری ئەو پیاوە بینیویانە خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە، بەڵام بەهۆی پرسەکەیەوە گوتەی کەسوکاری وەرنەگیرا".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## لە دوو مێرد مایەپووچ بوو

ئافرەتێک کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبوو دەیگوت ژیانی لێ کردووەتە دۆزەخ، سەرەڕای ئەوەی خەرجیی ناکێشێت، کحول دەخواتەوە و زۆربەی کات بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

ئەو ئافرەتە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد و گوتی "تەمەنم بچووک بوو، دایک و باوکم لە ژیاندا نەمابوون، پێنج ساڵ لەمەوبەر شووم بە پیاوێک کرد، بەڵام زۆر خراپ بوو لەگەڵم. براکانم هەر یەکەیان ماڵ و حاڵی خۆیان هەیە و زۆر لە خەمی مندا نەبوون، چەندین جار کێشەی خۆم لەگەڵ باسکردن، بەڵام گوێیان پێنەداو گوتیان رازی نین تەڵاق وەربگریت، چونکە ئێمە ناتوانین بەخێوت بکەین".

ئەو رۆژەی ژنەکە لێی دەترسا، هاتە پێش. مێردەکەی تەڵاقی دا و دەریکرد، براکانیشی باوەشیان بۆ نەکردەوە، بۆیە ناچاربوو پەنا بۆ ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو ببات. لەوێ سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمارکرد، بۆ ئەوەی مافەکانی خۆی لە مێردەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام ئەوەش هیچی لە ژیانی نەگۆڕی، چونکە مێردەکەی باری دارایی باش نەبوو، دادگا بڕیاری دا بەشێوەی قیستی مانگانە مافی ژنەکەی لێ وەربگرێتەوە.

ئەم ئافرەتە شەش مانگ لە ماڵی داڵدەدراوان دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر بڕیار دەدات بچێتە دەرەوە و کارێک بکات و خۆی پێ بژێنێ. دەچێتە ئارایشگایەک و باسی ژیانی خۆی بۆ خاوەنی ئارایشگاکە دەکات، بەڵکو کارێکی بداتێ. خاوەنی ئارایشگاکەش دەڵێت وەرە ماڵی ئێمە خواردن دروست بکە، ژنەکە بەم قسەیە شاگەشکە دەبێت و یەکسەر داوای خاوەن ئارایشگاکە پەسەند دەکات، بەڵام کاتێک دەچێتە ماڵی خاوەن ئارایشگاکە، رەوشەکە بە جۆرێکی دیکەیە و دەبینێت پێنج ژنی دیکەش لەو ماڵە کار دەکەن، هەر لەوێ گومانی بۆ دروست دەبێ کە ئەو ئافرەتانە بەکاربهێنرێن.

ئافرەتەکە ماوەیەک لە ماڵی خاوەن ئارایشگاکە دەمێنێتەوە، لەوێ بۆی دەردەکەوێت کە خاوەنی ئارایشگاکە ئەو پێنج ژنە بۆ کاری لەشفرۆشی بەکاردێنێ و پارەیان پێ پەیدا دەکات. رۆژێکیان خاوەنی ئارایشگاکە داوای لێدەکات کە چیدی نابێت بەبێ ئیش دابنیشێ، بەڵکو ئەویش وەکو ژنەکانی دیکە ببێتە لەشفرۆش، بەڵام ئەو داواکەی رەتدەکاتەوە. بۆیە خاوەن ئارایشگاکە پێیدەڵێت "ئیدی لەم ماڵە جێگەت نابێتەوە". ژنەکەش ناچار دەبێت ئەوێ بەجێبهێڵێت.

ژنەکە هەموو سەری مانگێک دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دادی، بۆ وەرگرتنی پارەی مارەیی لە پیاوەکەی پێشووی. لەوێ کەسێک دەناسێت کە ژنەکەی تەڵاقداوە و مانگانە نەفەقەی ژنەکەی دەهێنا بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، لەوێ پیاوەکە داوای لێدەکات شووی پێ بکات، ئەویش رازی دەبێت شوو بەو پیاوە بکات، نەوەک ببێتە لەشفرۆش.

ژنەکە لەو پیاوەش چانسی نەیهێنا و دەیگوت "مێردەکەم هیچ کارێک ناکات و بەردەوام بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵەوە. رێگە بە منیش نادات کار بکەم. بۆیە دەمەوێ لێی جیاببمەوە".

ئەو ژنە لە شووی یەکەمی منداڵێکی هەبوو کە ئێستا منداڵەکە لەلای باوکێتی، لەوەی دووەمیشیان منداڵێکی هەیە. کاتێک بانگی مێردەکەی کرا کە ئایا رێگە دەدات ژنەکەی لێی جیاببێتەوە، ئەو گوتی "بەڵێ، بەڵام بەو مەرجەی داوای مارەیی نەکات و منیش دوای تەڵاقدان نەفەقەی نەدەمێ، هەروەها منداڵەکەش بۆ من بێت".

ژنەکە رازی بوو، بەڵام گوتی چونکە لە جیابوونەوەی یەکەمیدا دادگا زۆر بێنە و بەردەی پێکردووە، دەیویست بە ئاسانترین و خێراترین رێگا لە مێردەکەی جیاببێتەوە و بە یەک دانیشتنی دادگا دۆسیەکەی یەکلایی بکرێتەوە. بۆیە دۆسیەکەی رەوانەی لێژنەی فەتوا کرا، بۆ ئەوەی جیابوونەوەیان لە دەرەوەی دادگا بۆ بکرێ، پاشان نووسراویان بۆ دادگا بۆ بکرێ تاوەکو جیابوونەوەکەیان پەسەند بکات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# هاوڕێکەی خۆی لەسەر دەمەقاڵەیەک کوشت



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

دووکانەکەی هێژا و مێزەکەی (ە)ی هاوڕێی، چەند مەترێک لە یەکەوە دووربوون، بەڵام کێشەیەک ئەو دوو هاوڕێیەی بۆ هەتا هەتایە لە یەکدی دوورخستەوە.

(ە) بە لەفەفرۆشتن لەسەر عارەبانە لە ناوچەی قڕگەی شاری سلێمانی، رزقی بۆ منداڵەکانی پەیدا دەکرد، زۆرجاریش بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوە، دەچووە دووکانی (هێژا.ع)ی هاوڕێی کە چەند مەترێک لە عەرەبانەکەی ئەو دوور بوو، بەڵام رۆژێک دەمەقاڵە لە نێوانیان دروست دەبێ و (ە) چەقۆیەک لە هێژا دەدات. هێژا بەرلەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دەدات.

ئەم رووداوە نیوەڕۆی رۆژی 2015/8/24 لە ناوچەی قڕگەی شاری سلێمانی لە نێو خانووەکانی کۆمپانیای نەوزاد روویدا، لە کاتێکدا هەردووکیان سەرقاڵی کاری خۆیان بوون.

(هێژا ع) تەمەن 23 ساڵ، کە باوکی منداڵێکە، مارکێتێکی لە شوێنی رووداوەکەدا هەبوو. (ە)یش تەمەنی 31 ساڵە و لە نزیک دوکانەکەی هێژا مێزی هەبووە و لەفەی فرۆشتووە، بەڵام دوای رووداوەکە لافیتەیەکی رەش لە دووکانەکەی هێژا درابوو. عەرەبانەکەی (ە) هیچی لەسەر نەبوو.

بەپێی قسەی شایەتحاڵەکانی نزیک لەو رووداوە، (ە) لە پشتەوە چەقۆیەکی لە هێژا داوە و چەقۆکەش بەر دەفەی شانی کەوتووە. پاشان لە رێگەی گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.

ئەو رووداوە بەلای دووکاندارەکانی هاوسێی ئەو دوو هاوڕێیەوە زۆر چاوەڕواننەکراو بووە، چونکە ئەوان دەڵێن پێشتر هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە و زۆر هاوڕێی یەکدی بوون. یەکێک لەو شایەتحاڵانە کە نەیویست ناوی بهێنرێت، گوتی "راستە (ە) هێژای کوشتووە و ئێستا تۆمەتبارە، بەڵام رووداوەکە زۆر سەیر بوو، چونکە هەردووکیان زۆر باش و رێکوپێک بوون".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، تۆمەتبار لە نەوەتەکانەوە چووەتە دەرەوەی وڵات، لەو ساڵانەی دوایی بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان و لێرە سەرقاڵی کار بووە.

شایەتحاڵەکەی (رووداو) زۆر پەسنی (ە)ی دا و گوتی "ئەو پیاوکوژ نەبوو، کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو. تەنانەت لە کاتی رووداوەکەدا باوکی هێژاش لە نێو دووکانەکەدا بووە و کە بینیویەتی کوڕەکەی تووشی ئەو رووداوە بووە، بە (ە)ی گوتووە چیت کرد! (ە)یش کە بینیویەتی خوێن بە دەستییەوە بووە تاساوە و دەستبەجێش پەشیمانی بە رووخسارییەوە دیار بووە و گوتوویەتی با خێرا بیگەیەنینە نەخۆشخانە".

یەکێکی دیکە لە هاوسێکانیان کە دوای رووداوەکە گەیشتووەتە شوێنەکە، گوتی "ئەو رووداوە بۆ هەموومان جێی نیگەرانییە، چونکە هەردووکیان دوو کەسی زۆرباش و بێ کێشە بوون".

دوای ئاگادارکردنەوەیان، پۆلیس دەگاتە شوێنی رووداوەکە و دەست بە هێڵکاری بۆ رووداوەکە دەکەن، پاشانیش تۆمەتبارەکە دەستگیر دەکەن و ئەویش وردەکاری رووداوەکەیان بۆ باس دەکات.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "بەپێی گوتەکانی بکوژەکە، پێشتر بۆ کڕینی پێداویستی چووە بۆ لای هێژا، بەڵام ماوەیەک بووە نەچووەتە لای، هێژاش گوتوویەتی بۆچی ماوەیەکە نایەیت؟ ئیدی لەسەر ئەوە بووەتە دەمەبۆڵەیان و ئەویش چەقۆیەکی لێداوە".

لە یەکەمین رۆژی پرسەکەشیدا لە نزیک ماڵی هێژا، پرسەی پیاوان و ژنان جمەیان دەهات لە هاتنی میوان، بەڵام خێزانەکەیان بەبیانووی سەرقاڵبوونیان بە پرسەکەوە، ئامادە نەبوون قسە لەبارەی رووداوەکە بکەن.

(رووداو) هەوڵی دا قسە لەگەڵ کەسوکاری (ە) بکات، بەڵام ئەوان دوای رووداوەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و کەس هەواڵیان نازانێت.

## د.نەوزاد یەحیا باجگر:

# ئەوەی بە خەیاڵمدا بێت دەیکەمە شیعر



## خۆم بەهێنان و بردنی وشەوە سەرقاڵ ناکەم

## خەمی خەڵک منی کردووە بە شاعیر

کارزان حەیدەر
ڕووداو- هەولێر

بەهۆی حاجی یەحیای باوکییەوە کە سەرمایەدارێکی گەورەی شاری هەولێر بوو، خەڵکی زۆرتر وەکو سەرمایەدارێک دەیناسن، بەڵام د.نەوزاد یەحیا باجگر، خاوەنی چەند نامیلکەیەکی شیعرییە و مۆزەخانەیەکی تایبەت بە تابلۆکانیشی هەیە، هەروەها سەرۆکی زانکۆیەکە بەنێوی جیهان. جگە لەوەش لەگەڵ براکانی (ئازاد، تەلعەت و سەباح) گرووپی کۆمپانیاکانی جیهان بەڕێوەدەبەن کە پێکهاتووە لە کۆمپانیای ئۆتۆمبێل، بانک، زانکۆ، پرۆژەی نیشتەجێبوون، دەزگای ڕاگەیاندن و چەندین پرۆژەی دیکە.

### وەرزشی سوێدی دەکات

کار و بزنس تەواوی ژیانی د.نەوزادی داگیر نەکردووە. ئەو هەرچەندە دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە لە زانکۆی مووسڵ و پزیشکی نەشتەرگەریی دڵە، بەڵام بەشێک لە ژیانی بۆ زانست و شیعر و تابلۆ و وەرزش و خێزانەکەی تەرخان کردووە.

باجگر لەبارەی پلانی ڕۆژانەی خۆی گوتی "شەوان لە کاتی دیاریکراو دەخەوم، بەیانی زوو هەڵدەستم، دواتر دەچمە بانک، پاشان دەچمە زانکۆ، لەوێشەوە دەچمە سەر کاری گرووپی جیهان، ئێوارەش کە دەگەڕێمەوە ماڵ لەگەڵ خێزانەکەم دوور لە بزنس و کار، قسەی دڵی خۆمان دەکەین. دوای نانخواردنیش دەچمە ژوورەکەی خۆم، یان دەخوێنمەوە، یانیش ئەوەی لە خەیاڵمە لە شیعر دەیخەمە سەر کاغەز و کۆیاندەکەمەوە، هەندێجاریش ئەو وێنانەی دێنە خەیاڵم دەیانکەمە تابلۆ".

باجگر زۆر گرنگی بە تەندروستی خۆی دەدات و پێیوایە ژیان بەڕێکردن بە تەندروستییەکی خراپەوە زۆر زەحمەتە، بۆیە بەیانیان زوو هەر لە نێو ماڵەکەی خۆی وەرزشی سوێدی و مەلە دەکات.

### خەمی خەڵک کردوویەتی بەشاعیر

ئەوەی زۆرتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە قسەی لەسەر دەکرێت، شیعرەکانی د.نەوزادە. ئەو بە زمانێکی زۆر سادە شیعر دەنووسێ. یەکێک لە شیعرەکانی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بڵاوە، دەڵێت

د.نەوزاد دان بەوەدا دەنێت کە ئەو شاعیر نییە و دەڵێت "من شاعیر نیم، بەڵام ئەوەی بە خەیاڵ و دڵمدا دێت دەینووسم و کۆیاندەکەمەوە. جاری وا هەیە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕم، شتێکم بە بیردا دێت، ئۆتۆمبێلەکە ڕادەگرم و لەسەر کاغەزێک دەینووسم. زۆرجاریش هەبووە لە ئەورووپا لە ڕێستورانتێک دانیشتووم، شتێکم بۆ هاتووە، کاغەزم لەلا نەبووە، لەسەر کلینێکس نووسیومە، بۆ ئەوەی لەبیرم نەچێت". هەروەها دەڵێت "خەمی ئەو خەڵکە وای لێکردم بەشێکی کاتەکانم بۆ نووسینی شیعر تەرخان بکەم".

باجگر چەند نامیلکەیەکی چاپکراوی هەیە کە ئەو بە نامیلکە شیعر ناویان دەبات، لەوانەش (وشە دەچێنم، الموت، کوردستان، فی الله) هەروەها نامیلکەیەکی دیکەشی بەناوی (پێشمەرگە) لە ژێر چاپدایە لە ئەڵمانیا.

د.نەوزاد لە نووسین ناوەستێ و بۆ دوای "پێشمەرگە" نامیلکەیەکی دیکەی بەناوی "مامۆستا دەڵێ" ئامادە کردووە. د.نەوزاد دەڵێت "لەو نامیلکەیەدا ماددیەت و ڕۆحانیەتم تێکهەڵکێش کردووە".

(کتێب دەرمانە) نامیلەکەیەکی دیکەیەتی و باسی گرنگیی کتێب دەکات لە ژیانی مرۆڤدا. هەروەها (لەیلا) نامیلکەیەکی دیکەی د.نەوزادە کە باس لە عەشق و ئەڤینداری دەکات.

د.نەوزاد کتێبەکانی نافرۆشێت، بەڵکو دەیانکاتە دیاری بۆ ئەوانەی شیعرەکانی دەخوێننەوە و ڕەخنەی لێدەگرن. د.نەوزاد باجگر تەمەنی 67 ساڵە و پێیوایە ئەوەی لەو تەمەنەدا فێری بووە بەشی 600 ساڵی دەکات.

### گەمە بە وشە ناکات

زۆر ڕەخنە لە زمانی قسەکردن و نووسینی د.نەوزاد دەگیرێت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین توانجی لێدەدرێ و هەندێک کەس شیعرەکانی دادەنێن و بە شۆخییەوە دەنووسن تازەترین شیعری شاعیری گەورەی گەلەکەمان.

باجگر لەبارەی ئەو ڕەخنانەوە نموونەیەک دێنێتەوە و دەڵێت "جارێک برادەرێک پێیگوتم، زمانەکەت باش نییە، باشتری بکە. منیش پێمگوت: ئەگەر بەو زمانە قسە بکەی دایکت تێتدەگات؟ ئەویش گوتی: دایکم نەخوێندەوارە. گوتم: ئەگەر دایکت نەخوێندەوارە ئەی ئەو زمانە لە کێ فێر بووی؟".

> ئەوەی فێری بووم بەشی 600 ساڵم دەکات

بەبڕوای د.نەوزاد، دەبێ زمان سانا و ساکار بێ و هەموو کەسێک تێیبگات "من نامەوێ خۆم سەرقاڵ بکەم بە هێنان و بردنی وشەوە، دەمەوێ بە زمانێک بنووسم خەڵکی تێمبگات".

### زەنگین و دەوڵەمەندە

دەکرێت کەسێک بزنسمان بێت و کاتیشی بۆ شیعرنووسین و دروستکردنی تابلۆ هەبێت؟ باجگر دەڵێت "بزنس واتا کار. هونەرمەند کار دەکات، شاعیر کار دەکات، جوتیار کار دەکات، کرێکاریش کار دەکات، منیش شیعر دەنووسم و تابلۆ دەکێشم و بزنسیش دەکەم".

د.نەوزاد دەڵێت ئەو بە تەنیا زەنگین نییە، بەڵکو دەوڵەمەندیشە، چونکە پێیوایە ئەو دوو وشەیە جیان و خەڵک بە هەڵە بەکاریاندێنێ "دەوڵەمەند ئەو کەسەیە کە بە فیکر و زانست و ئەخلاق و کار دەوڵەمەند بێ، بەڵام زەنگین ئەو کەسەیە کە بە تەنیا پارەی هەیە".

باجگر، مۆزەخانەیەکی لە زانکۆی جیهان کردووەتەوە و جگە لە کەرەستەی کۆن، پڕی کردووە لە تابلۆ کە خۆی دروستی کردوون. ئەو باسی وێنەکێشان دەکات و دەڵێت "تابلۆکانم هەموو بە فیکر نەخشاندوون، هەندێکجار ناخەوم و شەش کاژێر بە نەخشاندنی تابلۆیەکەوە دەبم، ئەگەر دەستی لێ بەربدەم، ئەوەی لە ئەندێشەمە تێدەپەڕێ".

### قوتابییەکانی چی پێدەڵێن؟

باجگر خاوەنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەکە بەناوی جیهان. ئەو لەبارەی ڕاگەیاندنەوە قسەی خۆی هەیە و دەڵێت "ئێستا لە کوردستان ئازادییەکی لە ڕادەبەدەر هەیە، ئەوەش وا دەکات هەندێجار خەڵکانێک سنووری ئازادییەکە ببەزێنن".

باجگر خاوەنی زانکۆی جیهانیشە و دەڵێت دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە خزمەتێک پێشکەش بە کوردستان بکات، بەڵام ڕەخنەی لە قوتابیانی زانکۆکەی هەیە "قوتابی هەیە جنێومان پێدەدات لەسەر ئەوەی قۆپیەمان لێ گرتووە. زۆر جاریش لە فەیسبووک شتی خراپ و ناشرینمان لەسەر دەنووسن، وەک جاری جاران نەماوە لەسەر دیوار و دەرگای ئاودەست شت بنووسن و خەڵکێکی کەم ببینێ، ئێستا لە فەیسبووک دەینووسن و هەزاران کەس دەیبینێ".

> "ئەی ڕۆژ
> ماندوو نەبووی لە سووتان
> ئەی مانگ
> تەواو نەبووی لە سووڕان
> نەوزاد
> نەبڕای لە ژیان
> هەتا بتخۆن لە سەیران"



## تەنیا 150 گامێشی شیردەر ماون



# ژمارەی گامێشەکانی پشدەر و بیتوێن لە کەمی دەدات

عومەر چاوشین
ڕووداو- ڕانیە

بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، ئێستا زۆر کەم گاڕانی گامێش لە ئاو و زۆنگاوەکانی دەوروبەری شارۆچکەی چوارقوڕنە و ڕانیەدا دەبینی. تا دێت ژمارەی گامێشەکانی ئەو دەڤەرە کەمتر دەبنەوە.

ماستی گامێش ڕەواجێکی زۆری بەو دوکاندارانە داوە کە لەوبەر و ئەوبەری ڕێگای ڕانیە – هەولێر، ڕانیە – سلێمانی، سەرقاڵی فرۆشتنی دۆ و ماستن. بەڵام تا دێت ژمارەی گامێشەکانی ناوچەکە کەمتر دەبنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بازاڕی ئەو دووکاندارانە داناوە.

گامێش لەو ئاژەڵانەیە کە حەزی لە ناوچەی ئاوییە، بەو پێیەی پێستی زۆر ئەستوورە و زۆر گەرمای دەبێت، بۆیە حەز دەکات زۆربەی کات لە نێو ئاودا بمێنێتەوە. دەڤەری بیتوێنیش کە ئاوێکی وەکو زێی بچووکی پێدا تێدەپەڕێ، ژینگەیەکی لەبارە بۆ بەخێوکردنی گامێش. بۆیە زۆر لە خەڵکی گوندەکانی نزیک ڕانیە و چوارقوڕنە سەرقاڵی بەخێوکردنی گامێشن.

### ئەرکیان زۆرە

سەبریە قادر، دانیشتووی گوندی قەرەنی ئاغای سەر بەناحیەی چوارقوڕنە، پێشتر پێنج گامێشی هەبوو، بەڵام ئێستا تەنیا سێ گامێشی ماوە، چونکە توانای بەخێوکردنی هەموویانی نەبوو. ئەو ڕۆژانە دووجار گامێشەکانی دەدۆشێ و هەر جارێکیش لە هەر گامێشێک 10 کیلۆ شیری دەستدەکەوێ.

ئەو ژنە دەڵێت "بەخێوکردنی گامێش ئەرکی زۆرە، لە مانگاو بزن زیاتر بەئەرکە، شوێن و خۆراکەکەشی جیاوازە و دەبێت کەشوهەواکەی لەباربێت، چونکە پێستی ئەستوورە و پلەی گەرمیی لەشی بەرزە، دەبێت جاروبار ئاوی پێدابکرێت بۆ فێنککردنەوەی. نانەڕەق و گژوگیا و ئالیک خۆراکی سەرەکییەتی، بەهیچ جۆرێک نابێت چێشت و خۆراکی مرۆڤی بدرێتێ".



سەبارەت بە فرۆشتنی گامێشەکانی، سەبریە دەڵێت "حکومەت هیچ هاوکاریمان ناکات، ئەرکی بەخێوکردنی گامێش زۆرە، بۆیە ناتوانین ژمارەیەکی زۆر گامێش ڕابگرین".

گامێش تاوەکو پێدەگات و شیر دەدات، سێ ساڵ و نیوی پێدەچێت. گامێش بە 10 مانگ و نیو کەڵ دەگرێت، دوای زاینیشی، بۆ ماوەی 10 مانگ شیر دەدات.

سوندس بابەکر کە ماوەی هەشت ساڵە سەرقاڵی بەخێوکردنی گامێشە، باسی هۆکاری کەمبوونەوەی گامێش لە ناوچەکەیان دەکات و دەڵێت "بەخێوکردنی زەحمەتە، بەهۆی وشکەساڵیش ئاو و زۆنگاو لە نزیک ئاوایییەکان نەماون. بۆیە خەڵک ئێستا کەمتر گامێش بەخێو دەکەن".

ڕەوا مامە کە دووکاندارێکی گوندی قەرەنی ئاغایە، زۆربەی ماستی گامێشەکانی دەڤەری پشدەر و بیتوێن دەکڕێتەوە و بەسەر دووکاندارەکانی ناوچەکەدا دابەشی دەکات.

ئەو دووکاندارە دەڵێت ماستی گامێش خواستێکی زۆری لەسەرە، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و تێکناچێت.

ڕەوا باسی کەمبوونەوەی گامێش لە ناوچەکە دەکات و دەڵێت "بەراورد بە جاران، ئێستا شیر و ماستی گامێش زۆر کەمە، چونکە گامێش لە سنوورەکە کەمبووەتەوە، پێشتر ڕۆژانە 500 کیلۆ ماستی گامێشم دەفرۆشت، بەڵام ئێستا ڕۆژانە تەنیا 100 کیلۆیەک دەفرۆشم، چونکە نییە".

### تەنیا 150 گامێشی شیردەر ماون

حوسێن ساڵح، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە، زانیاری زۆری لەبارەی گامێشەکانی ناوچەکە هەیە و بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستی ئەوە، ژمارەی گامێشەکانی ناوچەکە بە خێرایی کەم دەبنەوە.

حوسێن ساڵح دەڵێت "چوار ساڵ لەمەوبەر زیاتر لە 700 گامێش لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان هەبوون، بەڵام بەپێی دوایین ئامار ژمارەیان کەم بووەتەوە بۆ نزیکەی 500 دانە". بەڵام بە قسەی ناوبراو ئێستا لەو ژمارەیەش تەنیا 150 دانەیان سوودیان لێ دەبینرێ و شیر دەدەن، ئەوانی دیکە یان نێرن، یان ئاوسن، یانیش ساوان.

حوسێن ساڵح کە ئەندازیاری پێشکەوتووی کشتوکاڵە، باسی تایبەتمەندییەکانی گامێش دەکات و دەڵێت "گامێش پێویستی بە ژینگەیەکی بە ئاو و گژوگیایە. لەبەرئەوەی پێستی ئەستوورە و پلەی گەرمیی لەشی بەرزە پێویستی بەئاو و ناوچەی فێنک هەیە. لە وەرزی گەرمادا بەرگەی تیشکی خۆر ناگرێت و دەبێت خۆی لەژێر ئاودا بپارێزێت".

هەروەها دەڵێت "گامێش شیرێکی چەوری هەیە، لە زۆربەی شوێنان شیرەکەی بۆ دروستکردنی قەیماخ بەکاردێت، یان لە قوتوو دەنرێت، بەڵام لێرە تەنیا بەشی پێداویستی ناوخۆ دەکات، بۆیە ناکرێتە قەیماخ".

بەپێی قسەی ئەو ئەندازیارە، هەر گامێشێک لە وەرزی شیرداندا ڕۆژانە 10 کیلۆ شیری هەیە، کە لە ساڵێکدا دەکاتە زیاتر لە 3 تۆن شیر. گوتیشی "ئێستا گامێشەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە گشتی ساڵانە 450 هەزار کیلۆگرام شیریان هەیە".

گامێشیش وەکو هەر ئاژەڵێکی دیکە تووشی نەخۆشی دەبێت. بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە دەڵێت "گامێش بە زۆری تووشی نەخۆشییەک دەبێت کە پێیدەڵێن تاعوونی گامێش. یانیش تووشی تەبەقە دەبێت، ئەو نەخۆشیانەش زۆرتر لە نێو گامێشەکانی هیندستان هەیە و دەگوازرێتەوە بۆ گامێشی وڵاتانی دیکە".

سەبارەت بە هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوانەی گامێش بەخێو دەکەن، حوسێن ساڵح دەڵێت "پێش قەیرانی دارایی زۆر هاوکاریمان دەکردن، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانەوە نەمانتوانیوە وەکو پێویست هاوکارییان بکەین، ئەمساڵ تەنیا لە چاندنی وێنجەدا هاوکاریمان کردوون".

مەتین گورجان، فەرماندەی پێشووی سوپای تورکیا:

# پەکەکە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی داعشی بۆ شەڕی ناو شار کۆپی کردووە



دەست لەکارکێشانەوەکەی لە سوپا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەنێو میدیای تورکیا دروستکرد. بە جۆرێک دواتر بە "پیاوی ڕووداوەکە" ناوی دەرکرد.
مەتین گورجان، ئەکادیمیستێکی سەربازیی دیارە لە تورکیا و بڕوانامەی دکتۆرای لەو بوارەدا هەیە. ماستەرەکەشی لە ئەکادیمیای هێزی دەریاوانیی سوپای ئەمریکا لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بوو.

گورجان کە دوایین پۆستی لە نێو سوپای تورکیا، فەرماندەی هۆبەی پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بووە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی شەڕی شارانی پەکەکە و سوپای تورکیا دەکات و دەڵێت پەکەکە لە شاخدا دەرەقەتی تەکنیکی سەربازیی سوپای تورکیا نایەت. بۆیە شەڕەکەی گواستەوە نێو شارەکان.

## سوپای تورکیا بۆ شەڕی ناو شار ئامادە نییە

## تەکنیکی سەربازیی تورکیا شەڕی پەکەکەی گواستەوە نێو شارەکان

## پەکەکە و توندوتیژی وەکو لەزگە بەیەکەوە نووساون

ڕووداو– هەولێر

**ڕووداو: بۆچی پەکەکە دەستبەرداری شەڕی شاخ بوو، ستراتیژی شەڕی شارەکانی گرتەبەر؟**

**مەتین گورجان:** لەبەر دوو هۆکار، **یەکەم:** پەیوەندی بەو گورزەوە هەیە کە لە ساڵی 2012 لە شەمزینان بەر پەکەکە کەوت. پەکەکە بە هەزار گەریلا ئابڵوقەی شەمزینانی دا، ویستی لە تورکیا دایببڕێت، بەڵام سوپای تورکیا بۆ یەکەمجار تەکنیکی سەربازیی لەو شەڕەدا بەکارهێنا، وەک فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، فڕۆکەی پشکنین و گەڕان، لێزەر، تۆپی ئۆبوس و چەندین تەکنیکی دیکەی پێشکەوتوو. ئیدی لە سایەی ئەوە، سوپای تورکیا لە شاخ بە ئاسانی لە ڕێگای ئاسمانەوە شوێنەکانی پەکەکەی دەستنیشان دەکرد و بێ مەترسی ئەو گرووپەی بۆردومان دەکرد. ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی پەکەکە شەڕ لە شاخەوە بۆ شار بگوازێتەوە.

**دووەم:** پەکەکە زۆر بە باشی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی داعشی کۆپی کردووە. پەکەکە کە 30 ساڵ ئەزموونی شەڕی هەیە، زۆر بە باشی ستراتیژی شەڕی دوژمنەکەی کۆپی دەکات. بۆ ئەمە شەڕ دەگوازێتەوە ناو خەڵک، لەناو خەڵک خۆی دەشارێتەوە. داعش ئەو تەکتیکەی لە سووریا و عێراق بەباشی بەکارهێنا. ئێستا پەکەکە هەمان شت لە تورکیا جێبەجێ دەکات.

**ڕووداو: ستراتیژی پێشووی پەکەکە ئەنجامی نەبوو، بۆیە ئەو گۆڕانکارییەی کرد؟ یان بارودۆخەکە ناچاری کرد وا بکات؟**

**مەتین گورجان:** پێموایە هەردووکیان ڕاستن. ئیدی بەهۆی ئەو تەکنیکە پێشکەوتووەی سوپای تورکیا بەدەستی هێناوە، پەکەکە ناتوانێت خۆی لە شاخ ڕابگرێ، بۆیە بۆ پەکەکە کشانەوە لە شاخ و خۆ شاردنەوە لە شار باشترە. دیسان بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی گۆڕاوە. پەکەکە بەهۆی شەڕی داعشەوە لەم دوو ساڵەی دوایی ڕەوایەتی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا کە لە ڕابردوودا نەیبوو. ئەوانەی بەناوی پەکەکەوە بڕیار دەدەن، لە عێراق و سووریا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا دادەنیشن، پلان دادەڕێژن و پاشانیش ملیتانانی پەکەکە لەدژی داعش ئۆپەراسیۆن ئەنجام دەدەن. ئەمەش متمانە بەخۆبوون دەداتە پەکەکە. لە گرێسپی، بۆ یەکەمجار یەپەگە کە باڵی پەکەکەیە لە سووریا، لەگەڵ ئەمریکا لەسەر زەوی و لە ئاسمان هەماهەنگییان لەدژی داعش کرد و سەرکەوتووبوون. سەرکەوتنی گرێسپی یەپەگە و ئەمریکای لەدژی داعش کردە دوو هاوپەیمانی گرنگ و ئەوەی دیاریشە ئەمریکا ناخوازێ زوو بە زوو واز لە هاوپەیمانەکانی بهێنێ.

**ڕووداو: لایەنە سیاسییەکانی ستراتیژی شەڕی پەکەکە چین؟**

**مەتین گورجان:** پەکەکە هەر کاتێک هەستی بە ئارامی نەکرد، سیاسەتی تورکیا بلۆک دەکات یان کاریگەری لەسەر دەکات و "هێزی ڤیتۆ" بەکاردێنێ. بۆ ئیدارەکردنیش "هێزی سیاسی" بەکاردێنێ. پەکەکە تاوەکو ئەمڕۆ هێزی چەکداری بۆ بەدەستهێنانی هێزی ڤیتۆ بەباشی بەکارهێناوە. بەڵام پێموایە ئیتر ناتوانێ لە تورکیا بەتەنیا بەتوندوتیژیی چەکداری درێژە بەو کارە بدات. لێرەدا وەکو ناوم لێناوە "خووی پەکەکە" دەبێتە ڕۆژەڤ. پەکەکە و توندوتیژی وەکو لەزگە بەیەکەوە نووساون، بەڵام ئێستا پێیدەڵێین واز لە توندوتیژی بێنە. ئەمە وەکو ئەوە وایە بە ئارەقخۆرێک بڵێی واز لە خواردنەوە بێنە. بەڵام ئەمە لە ڕۆژێکدا نابێ و پێویستی بە پرۆسەیەکی چاکسازیی تەندروست هەیە.

**ڕووداو: پەکەکە لە ساڵی 1994 دا لە ڕووی سەربازی، سیاسی و دیپلۆماسی دەستپێشخەریی لەدەستدا، ئایا دەتوانێ لە ڕێگای شەڕی شارەوە جارێکی دیکە دەستپێشخەری وەربگرێتەوە؟**

**مەتین گورجان:** پەکەکە لە ڕێگای شێوازی شەڕی شارانەوە دەبێتە هێزێک کە نادۆڕێت، بەڵام باجی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیی ئەوە زۆر قورس دەبێت. دەزانین پەکەکە هاووڵاتیانی کورد زۆر ئازار دەدات. بۆ نموونە بۆ ئەوەی پێداویستی هێزەکانی لە سووریا و عێراق دابین بکات، پەکەکە زەحمەتی دەبینێت. بە فەرماندەی ناوچەکانی تورکیا دەڵێ خەرجی خۆتان دابین بکەن. لە تورکیاش بۆ ئەوەی خەرجیی شەڕی شار دابین بکەن گەنجانی سەر بە پەکەکە کە من ناویان لێدەنێم (نەوەی ماد ماکس) باج کۆدەکەنەوە. ئەمەش خەڵکی ناوچەکە ئازار دەدات. پەکەکە لە مەسەلەی خۆسەریدا دەوڵەت تەنگاو دەکات لەڕێی توندوتیژییەوە، ئیعتیبار و ڕەوایەتی جێی پرسیارە. پێموایە ئەمە بۆ پەکەکە پارادۆکسە. پەکەکە بەو توندوتیژییەی لەناو خەڵک دەیکات، ئەو کەسانە نائومێد دەکات کە خزمەتگوزارییان پێ ناگات. شەڕی شار بۆ ڕووخاندن ستراتیژییەکی باشە، بەڵام دەبێت بەڵێنی دروستکردنی سیستەم بە خەڵکی بدەیت. گەنجانی پەکەکە لەناو شارۆچکەیەک یان شارێک دەسەڵاتی دەوڵەت لەناو دەبەن، بەڵام دواتر دەبێت کێشەی فڕێدانی زبڵ و ڕێگاوبانی شارۆچکەکە چارەسەر بکەی. لەمەدا پەکەکە ئەزموونی کەمە. چۆنایەتی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکانی هەدەپە لە تورکیا دیارە. بۆ نموونە لە باکووری عێراق کەمپی پەنابەرانی مەخموور هەیە. نزیکەی 20 ساڵە لە دەستی پەکەکەدایە. سەیری چۆنایەتی خزمەتگوزاری شارەوانی ئەو کەمپە بکە کە نەتەوەیەکگرتووەکانیش فەندی بۆ دابین دەکەن. پێموایە ئەمە گەورەترین لاوازیی پەکەکەیە. لە بواری ڕووخاندن و خراپکردن زۆر باشە، بەڵام لە مەسەلەی دروستکردنی سیستەم و خزمەتکردنی هاووڵاتیان و بەشدارکردنی خەڵک لە دەسەڵاتە هەرێمییەکان توانای کەمە.

**ڕووداو: یەکەمجارە لەناو سوپای تورکیا کاردانەوەیەک لە دژی شەڕ دەبینین، ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاشتی دەبێت؟**

**مەتین گورجان:** من کاردانەوەی موقەدەم (محەممەد ئاڵکان) بە گرنگ دەزانم، بەڵام ئەو سیاسەتەی هەدەپەش لە تورکیا کردی سیاسەتێکی زۆر ڕاستە، پێویستە پرۆژەیەک هەبێ هەموو تورکیا بگرێتە خۆی. کاتێک هەدەپە ئەمە دەکات دەنگێکی زۆری هاووڵاتیانی غەیرە کورد بەدەستدێنێ. پێموایە ئەزموونی هەدەپە لەم 20 ساڵەی دوایی بۆ کوردی تورکیا دەرفەتێکی مێژووییە. چونکە یەکەمجارە سیاسەتی کوردی بە پرۆسەی دیموکراسی بەڕێوەدەچێت و خەڵک ئیعتیباری بۆ دادەنێ. پێویستە سیاسەتی کوردی ئەو دەرفەتە باش بەکاربێنێ و ئەزموونی هەدەپە بە فیڕۆ نەدرێت.

**ڕووداو: سوپای تورکیا، پۆلیس و دەزگاکانی دیکەی ئاسایش بۆ شەڕی شار تا چەند ئامادەن؟**

**مەتین گورجان:** سوپای تورکیا لە شاخ بەهۆی تەکنیکەوە بۆ شەڕ ئامادەیە. بەڵام پێموانییە بۆ ئەمجۆرە شەڕە نوێیە زۆر ئامادە بێ. لەو شار و شوێنانەی کە شەڕیان لێ ڕوودەدات، والی و قایمقامەکان لە بەڕێوەبردنی قەیران بۆ هەماهەنگیکردن لەنێوان دەزگاکان بێ ئەزموونن.

**ڕووداو: لە تورکیا یاخیبوونی ئەفسەران مانای چییە؟**

**مەتین گورجان:** پێموایە هەڵوێستی موقەدەم محەممەد ئاڵکان تووڕەبوونی "مەیدانە" بەرامبەر ترسنۆکیی سیاسەتی مەدەنی کە دەستبەرداری پرۆسەی چارەسەری بووە و بایدایەوە بۆ ململانێی سەربازی. ئێستا لە تورکیا پرۆسەی خلیسکاندن لە ململانێی سەربازی بۆ ڕێککەوتن و سەرلەنوێ لە ڕێککەوتن بۆ ململانێی سەربازی لەئارادایە. ئەو پرۆسەیە قووت نادرێت.

لە هەڵوێستی ئەو ئەفسەرەدا ئەوە دەخوێنمەوە کە گۆڕینی شەڕی تورکیا لەگەڵ پەکەکە بۆ پرۆسەی ئاشتی ئاسانە. بەڵام جارێکی دیکە گۆڕینی پرۆسەکە لە ڕێککەوتن و ئاشتییەوە بۆ شەڕ ئاسان نییە و دەبێتە هۆی تووڕەبوونی کەسوکاری ئەوانەی دەبنە قوربانیی ئەو شەڕە. بۆیە پێویستە کاردانەوەی ئەو موقەدەمە بە سیاسی نەکرێت.

**ڕووداو: ئەگەر بلۆکبەندیی ناو تورکیا لەبەرچاو بگرین، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوانەی قسەکانی موقەدەم محەممەد ئاڵکان وەکو قسەی هەدەپە – پەکەکەیە چ کاریگەرییەک دەبینن؟**

**مەتین گورجان:** پێموایە گوتنی "قسەی موقەدەم ئاڵکان قسەی پەکەکەیە" هەڵەیە، چونکە کاردانەوەی موقەدەم لەدژی سیاسییەکانە لەبارەی ئیدارەکردنی پرۆسەی چارەسەری. ئەو موقەدەمە دەڵێ پرۆسەی چارەسەریتان بە هەڵە بەڕێوەبرد و لە بادانەوەی پرۆسەکە بۆ شەڕ تووڕەیە.

### مەتین گورجان کێیە؟

مەتین گورجان لەساڵی 1976 لە بیلەجیک لەدایک بووە، وەکو کەسێکی ئەکادیمی لەناو هێزە چەکدارەکانی تورکیا ناوی دەرکرد. تاوەکو ساڵی ڕابردووش خزمەتی دەکرد و چەندین بەرپرسیارێتی لە نێو سوپادا وەرگرت کە دواترینیان فەرماندەی هۆبەی پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بوو.

شەش ساڵ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ئەفغانستان بەشداری لە ئۆپەراسیۆن و پەروەردەی هێزە چەکدارەکان کردووە. گورجان کە سەر بە هێزە تایبەتییەکانی سوپای تورکیا بووە، ماستەری لە پەیمانگای هێزی دەریایی ئەمریکا لە بارەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و پەیوەندی نێوان هەرێمەکان و ناوەند بەدەستهێناوە.

دوای دەست لەکارکێشانەوەی لە سوپا، لە زانکۆی بیلکەنت، دکتۆرای لەبواری پەیوەندی سوپا – دەسەڵاتی مەدەنی و توانای سوپای تورکیا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، بەدەستهێنا.

# سیسی لەسەر ڕێچکەی جەمال عەبدولناسر دەڕوات



ڕووداو– هەولێر

عەبدولفەتاح ئەلسیسی، سەرۆکی میسر کە لە ڕێگای کودەتاوە دەسەڵاتی وڵاتەکەی وەرگرت، ڕۆژگاری جەمال عەبدولناسر بەبیر دێنێتەوە. هەردوو سەرکردە دوو ئامانجیان هەبوو "ئیخوانەکان و نۆکەندی سوێس".

دوو هەفتە لەمەوبەر، عەبدولفەتاح ئەلسیسی، سەرۆکی میسر لە مەراسیمێکی شایستەدا بەشێکی دیکەی لە نۆکەندی سوێس کردەوە. بەم هەنگاوەشی، جەمال عەبدولناسر، سەرکردەی شۆڕشی میسری بەبیرهێنایەوە. عەبدولناسر لە ساڵی 1956دا پشتگیری میسرییەکانی بەدەستهێنا بۆ خۆماڵیکردنی نۆکەندی سوێس لە دەستی ئینگلیزەکان، بەمەش بووە سەرکردەی شۆڕش. سەرەتا لە ڕێگەی دەستوورێکی نوێوە، دەسەڵاتی تاکە پارتی لەو وڵاتە چەسپاند. دواتریش، بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمینی قەدەغە کرد کە ئەوکات وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز دەدرەوشایەوە.

جگە لە گرنگییە ئابوورییەکەی، کەنداوی سوێس ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە ڕووداوە مێژووییەکانی میسردا. ئیخوانەکان کە مۆری خۆیان لە مێژووی میسر داوە، لەو شوێنە سەریان هەڵداوە. حەسەن بەننا کە دامەزرێنەری ئەو بزووتنەوەیە بوو، لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەی، لەو کەنداوە بەیەکەوە کاریان کردووە. بەگوێرەی زانیارییەکان، 100 هەزار کرێکار لەو نۆکەندە گیانیان لەدەستداوە، حەسەن ئەلبەنناش بۆ ڕزگارکردنی ئەو کرێکارانە لە چنگی کۆمپانیا بیانییەکان بزووتنەوەی ئیخوانی دروستکردووە، توانیشی لە ماوەیەکی کەمدا هەوادار و لایەنگر بۆ بزووتنەوەکەی لەهەموو جیهانی ئیسلامیدا پەیدا بکات.

جەمال عەبدولناسر، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ ڕووخانی حوکمی پاشایەتی لەو وڵاتەدا، دوای ئەوەی پشێوی باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشا، بەڕێگای کودەتایەک دەسەڵاتی وڵاتەکەی گرتەدەست. یەکەم بەڵێنیشی خۆماڵیکردنی تەواوی نۆکەندی سوێس بوو. ناسر بە ئەنجامدانی چاکسازی و سیاسەتی نەتەوەپەرستانەی عەرەبی، پشتگیرییەکی گەورەی کۆمەڵگای میسری بەدەستهێنا.

پاشان بە گوتارە نەتەوەییەکانی بووە سەرکردەیەکی بێ ڕکابەر لە دیدی کۆمەڵگای عەرەبی و میسریدا. دروستکردنی نەخۆشخانە، قوتابخانە و چاککردنەوەی ڕێگاوبان، پێگەی جەمال عەبدولناسری ئەوەندەی دیکە بەهێز کرد. ئەمەش وایکرد بتوانێ بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمین کە ئەو کاتە لە لووتکەی بەهێزیدا بوو، قەدەغە بکات.

دوای هەوڵی کوشتنی جەمال عەبدولناسر بە پاساوی خیانەتکردن، شەش ئەفسەری باڵای لە سێدارەدا و یاخیبووەکانیشی لە ڕێگای زەبر و زەنگەوە سەرکوت کرد. بۆ لاوازکردنی ئیخوانەکانیش هەموو ڕێگایەکی وەکو چاودێریکردنی زانکۆی ئەزهەر، مزگەوتەکان و وەقفە خەیرییەکانی گرتەبەر.

دوای لابردنی حوسنی موبارەک، سەرۆکی میسر لەگەڵ دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی و سەرکەوتنی محەممەد مورسی لە هەڵبژاردنی گشتیدا، عەبدولفەتاح ئەلسیسی سوپاسالاری پێشووی میسر، بە کودەتایەکی سەربازی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەویش وەکو عەبدولناسر لە ماوەی ساڵێکدا زۆربەی سەرکردەکانی ئیخوانی دەستگیرکرد و بزووتنەوەکەی قەدەغە کرد.

سیسی، کە درکی بە گرنگیی مێژوویی و ئابووریی نۆکەندی سوێس کردووە، بۆ بەرفراوانکردنی ئەو کەناڵە لە ماوەی 11 مانگدا 8 ملیار دۆلاری خەرج کرد. ئەو نۆکەندە لە ڕابردوودا ڕۆژانە 40 کەشتی هاتوچۆی پێدا دەکرد، بەڵام لەگەڵ بەرفراوانکردنی، ڕۆژانە 100 کەشتی دەتوانن بەو نۆکەندەدا بارەکانیان بگوازنەوە. بۆیە چاوەڕێ دەکرێت داهاتی ئەو نۆکەندە کە ئێستا 5.3 ملیار دۆلارە، لە ساڵی 2023دا بگاتە 13.2 ملیار دۆلار.

سیسی لە مەراسیمی فراوانکردنی نۆکەندی سوێسدا، نۆکەندەکەی بە سیمبولی "میسری نوێ" ناوبرد و گوتی "لە 10 ساڵی داهاتوودا بەنداو و ناوەندی پیشەسازی و بازرگانیی دیکە لەو نۆکەندە دەکاتەوە، بەو هۆیەشەوە دەرفەتی کار بۆ ملیۆنێک کەس دەڕەخسێنێ.

# داوای هۆکاری مردن دەکەن و ڕێ بە پشکنینی تەرمیش نادەن



## پزیشکێک لە دادپزیشکی سلێمانی:
## بەهۆی پەلاماردانی خەڵکەوە بەشەکەمان چەند جارێک نۆژەن کردووەتەوە

سەروەر سالار
ڕووداو – سلێمانی

لە کوردستان هێشتا خەڵکی ئاشنا نین بە گرنگیی پشکنین و توێکارییەکانی دادپزیشکی و زۆربەیان ڕێگا نادەن تەرمی کەسوکاریان توێکاریی بکرێ بۆ لێکدانەوەی هۆکاری مردنیان. پزیشکەکان ئەو ڕوانگەیەی خەڵکی بە سەرچاوەی گەلێک کێشە دەزانن. وەزارەتی تەندروستیش دەڵێت بەو هۆیەوە، چەندین زانیاریی گرنگیان سەبارەت بە ژیان و تەندروستیی خەڵکی لەدەست دەچێت.

ناوبەناو میدیاکان بڵاوی دەکەنەوە کە کەسێک بە هۆکاری نادیار گیانی لەدەستدا، یاخود سکاڵا لەسەر فڵانە پزیشک تۆمارکرا و بە کەمتەرخەم زانرا لە پاراستنی ژیانی نەخۆشەکەی، هەروەک چەندین لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ یەکلاکردنەوەی سکاڵاکان پێکدەهێنرێن. بەڵام لە کۆتاییدا بە ڕاپۆرتێکی لاستیکی و گشتگیر ئەنجامەکانیان دەخەنەڕوو، بێ ئەوەی هۆکاری وردی مردنی کەسەکان بزانرێ.

دکتۆر فایەق گوڵپی، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی بە (ڕووداو)ی گوت "دەبێت هۆکاری هەموو مردنێک بزانرێت، لەو حاڵەتانەی مردنەکە چاوەڕواننەکراوە و هۆکارەکە ڕوون نییە، دەبێت لە ڕێگەی دادپزیشکییەوە هۆکاری مردنەکە بزانرێ، ئەوەش کاری لیژنەکانی لێکۆڵینەوە ئاسان دەکات و بە ئاسانی هۆکارەکە ڕوون دەکاتەوە".

گوڵپی دەڵێت خەڵکی ئێمە بۆ حاڵەتەکانی مردن سکاڵا لەسەر پزیشک و نەخۆشخانە تۆمار دەکەن، کەچی تەرمی قوربانییەکەیان نابەنە پزیشکی دادوەری، بەڵکو هەر خێرا دەیخەنە ژێر خاک "بێگومان بێ لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری، دیاریکردنی هۆکاری مردنی نائاسایی سەختە".

### متمانەیان بە زانست نییە

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێت لە وڵاتانی دنیا خەڵکی بڕوایان وایە کە زانست تەمەن درێژ دەکات و خەڵکی لە نەخۆشیی کوشندە دەپارێزێت و مردنیش دووردەخاتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا بڕوایان وایە مردن و تەندروستی بەدەستی چارەنووسە و مرۆڤ توانای دەستکاریکردنی نییە و نابێت دەستکاریی تەرم بکرێ "بۆیە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی لە هۆکاری مردنی کەسەکان تێبگەن و بیکەنە هۆکارێک بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکی دیکە، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەریت وەهایە بەزووترین کات مردووەکەیان بشارنەوە و ماڵئاوایی لێ بکەن و هۆکارەکەشی بگەڕێننەوە بۆ قەدەر".

دکتۆر فایەق باسی گرنگیی توێکارییەکانی پزیشکی دادوەری دەکات و دەڵێت هەندێکجار زانینی هۆکاری مردن، ژیانی خەڵکی دیکە دەپارێزێ "کاتێک گەنجێک کتوپڕ دەمرێت، ئەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا هۆکارێکی بۆماوەیی و زگماکیمان دۆزییەوە، ئەوا دەتوانین ڕێوشوێنی خۆپارێزیی بگرینەبەر بۆ پاراستنی کەسانی نزیکی".

### کولتوور ڕێگرە

ئەو پزیشکانەی کاریان لێکۆڵینەوەی زانستییە لە تەرمەکان، لەدەست ڕێگرە کولتوورییەکان هاواریانە.

د.بارزان دارتاش، پسپۆڕی پێشکەوتووی پزیشکی دادوەری بە (ڕووداو)ی گوت "وڵاتی ئێمە بەراورد ناکرێ بە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان. کولتووری ئەوان بەجۆرێکە، هەندێکجار 25 ڕۆژ توێژینەوە لەسەر تەرمی مردووەکەیان دەکرێ بۆ بە وردی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مردن و بە ئارامگرییەوە چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەکەن، لای ئێمەش کە تەرمەکە دەگات دوای چەند خولەکێک دەبێتە دەمەقاڵە و داوای تەرمەکە دەکەن، هەندێکجاریش هەڕەشەمان لێدەکەن ئەگەر تەرمەکە بریندار بکەین و دەستکاری بکەین".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، فەرمانگەکەیان چەندین جار نۆژەن کراوەتەوە، بەهۆی پەلاماردانی لەلایەن کەسوکاری مردووانەوە. "ئێمە تەنیا لایەنی پەیوەندیداری زانستین و کارمان بەسەر هیچ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە نییە و تەنیا لەسەر داوای دادوەرەکان کاردەکەین و پەیامەکانیشمان هەر بۆ ئەوانە".

دکتۆر بارزان دەڵێت سیستمی ڕەوانەکردنی تەرم بۆ پزیشکایەتی دادوەریی لە کوردستان ڕێکخراو نییە و خەڵکی بەلایانەوە سەختە تەرمی کەسوکاریان توێکاری بکرێ و دواتر دەزانن کە چ هەڵەیەکیان کردووە. "هەندێکجار لە سەرەتاوە لەژێر هەڕەشەدا ناهێڵن توێکاری مردووەکانیان بکەین، کەچی دوای چەند هەفتەیەک هەر خۆیان تەرمەکە دەردەهێننەوە و داوای ئاشکراکردنی هۆکاری مردنمان لێدەکەن، ئەویش دوای سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان".

پزیشکە پسپۆڕەکەی دادپزیشکی دەڵێت سەرەڕای ئەوانەش خەڵکی ئێستا تێگەیشتنێکی باشتریان بۆ ڕۆڵی دادپزیشکی هەیە بەراورد بە 10 ساڵ لەمەوبەر "ساڵی پار 871 تەرممان لە ناوچە جیاوازەکانی سنووری سلێمانییەوە پێگەیشتووە، هەبووە خۆی لە گوندەوە تەرمی کوڕەکەی هێناوە و داوای لێکردووین بەدوای هۆکاری مردنیدا بگەڕێین".

### بۆ ئاماری وەزارەتیش گرنگە

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت پزیشکی دادوەری و دیاریکردنی هۆکاری مردن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە داتا و پلانی کاری وەزارەتدا.

خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆڵی دادپزیشکی لە دیاریکردنی هۆکاری مردن بۆ ئێمە زۆر گرنگە و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەویش بۆ ئاگاداربوون لە جۆری نەخۆشییە کوشندەکان و هۆکارە دیارەکانی مردنی هاووڵاتیان. بە سوودوەرگرتن لەو زانیاریانەی بەدەستدێن، ئێمە دەتوانین ڕێوشوێنێکی باشتر دیاری بکەین بۆ خۆپارێزیی تەندروستی و چارەسەری پێشوەختی ئەو هۆکارانەی مردن کە دەکرێ ڕێگەیان لێبگیرێ".



دکتۆر ئیکرام حوسێن

## مەیکێشن

حەوسەڵە و هێزێکی باشی دەوێت تا بتوانیت هەندێک کەس ڕازی بکەیت ددان نەکێشێت، ئێستا چارەسەری ددان گەیشتووەتە لووتکە، بەڵام خەڵکێک هەیە باوەڕی بە پڕکردنەوە و چارەسەرکردنی ددان نییە و بەلای ئەوەوە تاکە ڕێگای چارەسەر تەنیا کێشانە.

ددان شتێکە هەموو کات کارت پێی دەبێت، ڕۆژانە سێ ژەمە و هەر کاتێکیش کەسێک بیەوێت وتەیەک بفەرموێت، ددانەکانن کە یارمەتی دەدەن بۆئەوەی بەباشی قسە بکات.

هەموو کەسێک لە پێناو نەکێشانی ددانێکیدا دەبێت هەوڵ بدات، بۆ نموونە ئەگەر پزیشکێک گوتی چاک ناکرێت، بیگۆڕێت و بچێتە لای یەکێکی دیکە، مەرج نییە پزیشکەکەی یەکەم هەڵە بێت، بەڵام ڕا هەیە و ڕایەکی دیکەش هەیە.

هۆکارەکانی کێشانی ددان لە زانستی نۆشداریی دەم و ددان‌دا نزیکەی 22 هۆکارن، لەوانەش ئەگەر هاتوو ددانەکە بەهۆی کلۆربوونەوە بە شێوەیەک خراپ بووبوو کە ڕەگەکانی ددانەکە لە یەک جیا بووبوونەوە لە ددانە خرێکاندا، یان ئەگەر ددانەکە بەهۆی نەخۆشییەکانی پووک و پیس و پەڵۆخی خاوەنەکەیەوە کەوتبووە لەقین و تەنها بەشێکی کەمی لە نێو ئێسکدا مابووەوە، یان ئەگەر ددانێک بووبووە هۆی هەوکردنێکی زۆر و نەشتوانرا نەشتەرگەری بۆ بکرێت و مەترسی بڵاوبوونەوەی لێکرا بۆ شوێنە هەستیارەکانی دەوروبەری ددانەکان، یان هەندێک جار پزیشکی ددان بە مەبەستی زانستی و ڕێکبوونەوە یان ڕێککردنەوەی ددانەکان بڕیاری کێشانی ددانێک دەدات، لەو هۆکارانەش باوتر، کێشانی ددانی ژیرییە، کە کێشە دروستدەکەن و دەبنە سەرچاوەی ئازار یان بۆنی ناخۆشی ناودەم یان لارکردنی ددانەکانی دیکە.

ددانی خۆمە و دەیکێشم، ئەوە قسەی ئەو کەسانەیە کە قورسە بتوانیت بیانهێنیتە سەر ئەو ڕایەی ئازاری زۆر هەرگیز هۆکار نییە بۆ کێشانی ددان، ئازاری شەوێکیش بیانوو نییە بۆ کێشانی ددانێک، بەڵێ ڕاستە ئازاری ددان ناخۆش و خەوڕەوێنە، بەڵام بێ چارەسەر نییە.

بۆ نموونە کەسێک پێداگیریی دەکات لەسەر کێشانی ددانێکی، پزیشکەکەش ناچار دەبێت ددانەکە بکێشێت، دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟

ئەگەر ددانی پێشەوە بێت و دەربکەوێت لە کاتی پێکەنین و ئاخافتندا، بێگومان کەسەکە هەوڵ دەدات ددانەکە بگەڕێنێتەوە، لەو کاتەشدا ددان خۆ بە دوعا نانووسێت بە پووک یان ددانەکانی دیکەوە، بۆیە دەبێت ددان دروستبکات، ئەگەر قەراغ و پیچاخی هەبێت، ئەوا دەبێتە هۆی دروستکردنی سەرچاوەیەکی بێزارکردن بۆ زمان، جگە لەوەی لە ڕووی جوانییەوە هەرگیز ناگاتەوە بە ددانی سروشتی، پاشان لەوانەیە بەکتریا لە خۆی کۆبکاتەوەو ببێتە هۆی کلۆربوونی ددانەکانی دیکەو لەناوبردنیان، ئەگەریش بیەوێت ددانەکە قەراخ و پیچاخی نەبێت، دەبێ ددانی جێگیر دروستبکات، بەوەش لەوانەیە دوای چەند ساڵێک دوو ددانی دیکە لەدەستبدات، جگە لە دروستکردنی بۆنی ناخۆش، ئەگەر باشترین چارسەریش هەڵبژێرێت کە چاندنی ددانە، ئەوا نزیکەی سێ یان چوار مانگی دەوێت، لە جیاتی ددانە سروشتییەکەش کانزایەک دەچێتە ئێسکەوە، هەروەها جووڵەی سروشتیی تێدا نابێت وەک ددانەکانی دیکە، ئابووریانەش هەریەک لەو چارەسەرانەی پێشوو خەرجییەکی زۆریان دەوێت.

کێشانی ددان با بڕیارێکی ئاسان نەبێت، خۆشتان بەدوور بگرن لە ددانساز و کەسانی نەشارەزا، کە ئەنیشنە مل و ددان دەکێشن بێ ئەوەی بیربکەنەوە لەوەی ئەو کەسە بە هۆی کێشانی ئەو ددانەیەوە دواتر تووشی چ دەردەسەرییەک دەبێت.

# ئەو خواردنانەی سک دەئاوسێنن



ڕووداو – ئاژانسەکان

هەڵاوسانی سک بەهۆی کۆبوونەوەی بڕێکی زۆر لە گاز لەنێو ڕیخۆڵەکان دروست دەبێت و شتێکی کاتییە، بەڵام جێی نیگەرانییە بۆ زۆر کەس. ئەم پرۆسەیە هەندێکجار بەهۆی خواردن بە خێرایی ڕوودەدات، هەندێکجاریش بەهۆی پێکهاتەکانی نێو خۆراکەکەیە.

هەڵاوسانی سک بەگشتی مەترسیدار نییە و ئەوەندەی پێناچێ کۆتایی دێت. ئەگەر بە هەمان خواردنی جاران، ئێستا زۆرتر تووشی غازات و هەڵاوسانی سک دەبیت، ئەوە پێویست دەکات ڕاوێژێک بە پزیشک بکەی، نەوەک حاڵەتێکی نائاساییت تووش بووبێت.

وەبیریشت دەهێنینەوە ئەو خواردنانەی هەڵاوسانی سک دروستدەکەن، بەگشتی بۆ تەندروستیت خراپ نین، بگرە لە خۆراکە هەرە دروستەکانن. ئەمانەش ئەو خۆراکانەن کە دەبنە هۆی هەڵاوسانی سک:

### 1 – پاقلەمەنییەکان:

پاقلەمەنییە وشکەکان بڕێکی زۆر ماددەی (ڕافینۆز)یان تێدایە کە ئەگەر بڕێکی زۆری لێبخورێت دەبێتە هۆی دروستبوونی گازێکی زۆر لەنێو ڕیخۆڵەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پاقلەمەنییەکان پڕن لە مادده و ڕەگەزی خۆراکی و ئامۆژگاریت ناکەین لێیان دووربکەویتەوە. لەبری ئەوە سەرەتا کەمیان لێ بخۆ و بە لەسەرخۆیی بڕەکانیان لە ژەمەکانتدا زۆرتر بکە.

### 2 – سەوزە کەلەرمییەکان:

بڕۆکلی، سڵق، کەلەرم و هاوشێوەکانیان دیسان بە ماددەی ڕافینۆز دەوڵەمەندن کە لە ئەنجامی هەرسبوونیاندا بڕێکی زۆری گاز لە ڕیخۆڵەکاندا کۆدەبێتەوە و ئەوەش هەڵاوسانی سکی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ئەم سەوزانە بە چەندین ڕەگەزی خۆراکی و ماددەی دژەئۆکسێن دەوڵەمەندن، بۆیە دەبێت لەسەر سفرەی نانخواردندا هەبن.

ئەگەر لە کەمەوە بۆ زۆر دەستپێبکەی، ئەوە ڕیخۆڵەت ورده ورده لەگەڵی ڕادێت و کەمتر گازی پێ دروستدەکەی، هەروەها کوڵاندنیشیان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕاددەی دروستکردنی گاز لە ڕیخۆڵەدا.

### 3 – خواردنەوە گازییەکان:

خواردنە کاربۆندارەکانی وەک گازییەکان و بیرە، کاتێک دەیانخۆیتەوە وەک ئەوەیە بڵقی ئاو قوت بدەی. ئەوەش دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی گاز لەنێو سک و هەڵاوسانی. بنێشت جوین و بەپەلە خۆراک خواردن، دیسان هەمان کاریگەرییان دەبێت.

### 4 – خواردنی چەور:

دوای خواردنێکی چەور هەست بە هەڵاوسانی سکت دەکەی، بەڵام ڕێوشوێنی دروستبوونەکەی جیاوازە لەوانەی پێشوو. چەورییەکان کاتێکی زۆریان دەوێ تاوەکو هەرس دەبن، ئەوەش جووڵەی گەدە و ڕیخۆڵەکان هێواش دەکاتەوە و لەو ڕێگایەشەوە گاز لەنێو کۆئەندامی هەرسدا پەنگ دەخواتەوە. بۆیە با ژەمەکانت زۆر چەور نەبن.

### 5 – خواردنە بێ شەکرەکان:

ئەو خواردنانەی لەبری شەکری ئاسایی بە سۆربیتۆڵ و مانیتۆڵ و زایلیتۆڵ شیرین دەکرێن، دەبنە هۆی کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ڕیخۆڵەدا. چونکە ئەم ماددانە ئاسایی لەلایەن جەستەمانەوە هەرس ناکرێن و بەوەش دووچاری گەناندن دەبن لەلایەن میکرۆبی نێو ڕیخۆڵەکانمانەوە، لەو پرۆسەیەشدا بڕێکی زۆر گاز کۆدەبێتەوە. لە نموونەی ئەوانەش: بنێشتە بێ شەکرەکان و خواردنەوە بێ شەکرەکان.

### 6 – شیرەمەنییەکان:

شیر و بەرهەمەکانی دەبنە هۆی کۆبوونەوەیەکی زۆری گاز لە ڕیخۆڵەکاندا، بەتایبەت لەوانەی ئەنزیمی لاکتەیزیان کەمە کە بۆ هەرسکردنی شەکری سروشتی نێو شیر (فرەکتۆز) پێویستە. ئەگەر تۆ یەکێکی لەو کەسانە، ئەوا شەکری بێ لاکتۆز بخۆرەوە، یان حەبی لاکتەیز بەکاربهێنە لەگەڵ خواردنەوەی شیردا، بەڵام پێشتر ڕاوێژ بە پزیشکەکەت بکە.

### 7 – دانەوێڵەکان:

دانەوێڵەکانی وەک گەنم و هاوشێوەکانیان، پڕن لە ڕیشاڵ و ڕەگەزی خۆراکیی بەسوود، بەڵام ئەو ڕیشاڵ و نیشاستەیەی تێیاندایە هەندێک گاز دروست دەکەن، بەتایبەت ئەگەر زۆریان لێ بخۆی. ئەگەر سەرەتا بە بڕی کەم دەستپێبکەیت و لەگەڵ تێپەڕینی کات بڕی زیاتریان لێ بخۆی، ڕیخۆڵەت لەگەڵیان ڕادێت و کەمتر گاز دروست دەکات.



# قەڵەویی منداڵان هێڵی سووری بەزاندووە

ڕووداو – فۆکس نیوز

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سێیەکی کەسانی پێگەیشتوو قەڵەون، ئەمەیان شتێکی نوێ نییە، ئەوەی نوێیە ڕاپۆرتێکی نێوەندی کۆنترۆڵکردن و ڕێگرتن لە نەخۆشییەکان (CDC)ە لە ئەمریکا، سەبارەت بە زۆربوونی ژمارەی منداڵ و مێردمنداڵانی قەڵەو لەم سەردەمەدا.

ڕاپۆرتەکە ڕۆژی 25ی ئەم مانگە بڵاوکرایەوە و هۆشداری دا کە لەنێو ئەوانەی تەمەنیان 3-19 ساڵانە لە ئەمریکا، ڕێژەی 17.5%یان قەڵەون. ئەوە لەکاتێکدایە کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێژەکە تەنیا 5.6% بوو.

تاوانباری یەکەم لە زۆربوونی ڕێژەی قەڵەویی منداڵان، زۆر بەکارهێنانی شەکرە. لە کۆمەڵگە هەژار و دواکەوتووەکاندا، هەر لە تەمەنێکی ئێجگار بچووکەوە شەکر بە منداڵان دەدرێ. هەروەک شەربەت و خواردنەوە شیرینەکانیش زۆر زیاتر لە جاران دەخورێن.

توێژەران دەڵێن ئەگەر بمانەوێ ڕووبەڕووی قەڵەوی ببینەوە، دەبێت سەرەتا لە منداڵانەوە دەستپێبکەین، چونکە ئەوانەی بە منداڵی قەڵەون، ئەگەرێکی زۆر هەیە قەڵەوییەکەیان لە تەمەنی گەورەییشدا بەردەوام بێت.

هەروەک هانی دایکان و باوکان دەدرێت، تاوەکو دەتوانن شەکرپێدانی منداڵەکانیان دوابخەن. ئەوانەی هەر لە 6- 9 مانگییەوە شەکر و شەربەتی سروشتی و خواردنەوەی گازی بە منداڵەکانیان دەدەن هەڵەیەکی گەورە دەکەن.

باشترە بۆ دایکان لانیکەم تاوەکو 12 مانگ بەردەوام بن لەوەی شیری خۆیان بە منداڵەکانیان بدەن، لە شەش مانگی یەکەمدا جگە لە شیری خۆیان، هیچی دیکەیان پێنەدەن.

ئەکادیمیای ئەمریکیی پزیشکانی منداڵان ئامۆژگاریی دایکان و باوکان دەکات کە هەر زوو پلانی دژەقەڵەوی لەسەر منداڵەکانیان جێبەجێ بکەن، وەکو پشتبەستن بە خواردنە سروشتی و دروستەکان، کەمکردنەوەی دانیشتنی منداڵان بەدیار شاشەی ئامرازە جیاوازەکانەوە و خەواندنیان بۆ ماوەی پێویست.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31

## ئەیوب ڕقی لە دوو گەشتە



**هیوا سەڵاح / ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەیوب عەلی لەگەڵ دوو جۆرە گەشتدا نییە. ئەیوب عەلی باسی ئەو دوو گەشتە دەکات و دەڵێت "ئەو هونەرمەندانەی پەنا بۆ گەشتی گۆرانیی فۆلکلۆری دەبەن، لەزیان زیاتر هیچیان بۆ فۆلکلۆری کوردی زیاد نەکردووە، تاوەکو ئێستا تەنیا ماهیر حەمەدەمین توانیویەتی حەق بە گەشتی گۆرانی لە ڕووی تێکەڵکردن و گوتنەوەی بدات". ئەیوب هەروەها زۆر لە گەشتکردن بە فڕۆکە دەترسێت، بۆیە زۆربەی گەشتەکانی بە شەمەندەفەر یان ئۆتۆمبێل دەکات. لەوبارەوە گوتی "لە ژیانمدا ئەوەی لێی ترساوم سواربوونی فڕۆکەیە، بۆیە گەشت بۆ هەر شوێنێک بکەم، چەند دوور و بە پەلەش بێت پەنا بۆ فڕۆکە نابەم، بە ئۆتۆمبێل یان شەمەندەفەر سەفەر دەکەم".

## وەنەوشە دەبێتە پەنابەر



**ڕووداو- هەولێر**

خانمە ئەکتەری کورد، بەیان عوسمان (وەنەوشە) لەگەڵ هاوژینەکەی کوردستانیان جێهێشت و ئێستا لە کەمپێکی پەناخوازانن لە نەمسا.

بەپێی زانیاریی (ڕووداو)، بەیان عوسمان دەمێکە شاری سلێمانی جێهێشتووە و لە نەمسا داوای مافی پەنابەرێتی کردووە، بەڵام هێشتا لە کەمپی ماوەڕکیرخن کە دەکەوێتە شاری براوناو، لە چاوەڕوانیدا ماوەتەوە. لەو کەمپەدا زیاتر لە 35 کەس دەژین کە زۆربەیان خەڵکی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانن و کەمپەکەش لەلایەن گەنجێکی کوردەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

بەیان عوسمان کە لە بەشی دووەمی درامای گەردەلوولدا ڕۆڵی کچە قوتابییەکی کوردی لە زانکۆی بەغدا بەناوی (وەنەوشە) دەبینی، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد.

## پەیوەند بۆ گوڵێک دەچێتە تورکیا




**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ پەیوەند جاف سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکە کە ئاوازەکەی لەلایەن هونەرمەند زیاد ئەسعەدەوە دانراوە.

پەیوەند جاف لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کلیپێک بۆ گۆرانییەکی تازە دەکەم کە هونەرمەند زیاد ئەسعەد تێکست و ئاوازی بۆ داناوە". گوتیشی "گۆرانییەکە ناوی گوڵێیە و یەکێکە لە کارە ناوازەکانی زیاد ئەسعەد".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە تۆمارکردنی دەنگی گۆرانییەکە تەواو بووە، بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا بچێتە تورکیا و لەگەڵ دەرهێنەرێکی تورک کاری کلیپی بۆ بکات.

گوتیشی جگە لەم بەرهەمەی، سەرقاڵی چەند کلیپێکی دیکەشە کە کارەکانیان لە تەواوبووندان، بەڵام دەیەوێ سەرجەم کلیپەکان لە یەک کاتدا بڵاوبکاتەوە.



## کیژانی سلێمانی کۆڵ نادەن

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو - سلێمانی**

چەند مانگێکە بەرهەمێکی نوێی تیپی کیژانی سلێمانی ئامادەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە ناتوانن بڵاوی بکەنەوە. سەرۆکی تیپەکەش دەڵێت لە هەولێر بە چاوێکی دیکە سەیری هونەرمەندانی سلێمانی دەکەن.

ئەنوەر قەرەداخی، سەرۆکی تیپی کیژانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەند مانگێکە بەرهەمێکی نایابمان بۆ گرووپی میوزیکی کیژانی سلێمانی تۆمارکردووە. ئێستا بە دوای سپۆنسەردا دەگەڕێین بۆ بڵاوکردنەوەی. هەرچەندە دڵنیام سپۆنسەرمان دەستناکەوێت، بەڵام کۆڵ نادەین".

قەرەداخی ڕەخنەی زۆری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و دەڵێت "بە داخەوە لە هەولێر بە چاوێکی دیکە سەیری هونەرمەندانی سلێمانی دەکرێت و فەرامۆشیان کردوون. ئێمە ئەمە دەخەینە ئەستۆی حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری".



## ناسر حەسەن دەبێتە دادوەر

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد ناسر حەسەن، دەبێتە دادوەری فێستیڤاڵێکی میسری و 5 فیلمی کوردیش بەشداریی فێستیڤاڵەکە دەکەن.

ناسر حەسەن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەر داوای چەند سینەماکارێکی میسری، بۆ لیژنەی دادوەریی فێستیڤاڵی (کام)ی نێودەوڵەتی بۆ کورتە فیلم هەڵبژێردراوم، لە عێراق و کوردستان تەنیا من وەک دادوەر دەستنیشان کراوم، ئەندامانی دیکە لە وڵاتانی ئەورووپی و عەرەبییەوە بانگ کراون".

بڕیارە خولی پێنجەمینی فێستیڤاڵی (کام)ی نێودەوڵەتی بۆ کورتە فیلم لە 2015/10/12 دەست بەکارەکانی بکات.

ناسر حەسەن گوتیشی "دوای ئەوەی لە هەولێر لەگەڵ چەند سینەماکارێک ماڵی فیلممان دامەزراند و چەند فیلمێکمان نمایش کرد، خۆشبەختانە توانرا لەم فێستیڤاڵەدا 5 فیلمی کوردی بەشداریی بکەن، ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەیە بۆ سینەمای کوردی".

## ئەربیلی 99 ناو نمایش دەکات

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە بەناوی "99 ناو" پێشانگایەکی خۆشنووسی و زەخرەفە بۆ خۆشنووسی کورد سەباح ئەربیلی لە شاری دوبەی بکرێتەوە.

ڕۆژی 10ی مانگی داهاتوو، لە گالەریی بەناوبانگی دوبەی "ئەیام گالەری" گەورەترین پێشانگای خۆشنووسی بۆ هونەرمەندی کورد سەباح ئەربیلی دەکرێتەوە کە هەر 99 ناوەکەی خودای بەشێوازی جیاجیا و زەخرەفە و هێما نەخشاندووە و لەوێ نمایشیان دەکات.

هەموو تابلۆ هونەرییەکانی سەباح بە شێوازی تەجریدی وێنا کراون. ڕۆژنامە ئیماراتییەکان لەبارەی کارەکەی ئەربیلی دەڵێن "داهێنانێکی بێ وێنەی لە بواری خۆشنووسیدا کردووە".



## شێنێ بێزارە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

فڕۆکەوانی کورد شێنێ عەزیز دەڵێت بێزارە لە خوێندنی فڕۆکەوانی، چونکە دەبێت ڕۆژانە 15 کاژێر بخوێنێ.

شێنێ ئاکۆ شاجوانی پێشووی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت ئێستا لە بواری فڕۆکەوانی دەخوێنم و لە قۆناغی دووەمم، بەڵام زۆر بێزارم لەو خوێندنە، چونکە دەبێت ڕۆژانە زیاتر لە 15 کاژێر بخوێنم".

شێنێ لەپاش ئەو هەموو خوێندنە دەشڵێت کە دڵخۆشە، چونکە لە داهاتوودا دەبێتە یەکەم فڕۆکەوانی کورد کە بە زمانی کوردی بەخێرهاتنی گەشتیاران دەکات لە نێو فڕۆکە. هەروەها دەڵێت "ئەو خوێندنەی من بە فیرۆ ناڕوات و دەمەوێت لە داهاتوودا ببمە یەکەم فڕۆکەوانی کچی کورد کە خزمەتی کوردستان بکەم."

## ئەمیر حەسەن وازدێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند ئەمیر حەسەن ئەلبوومێکی نوێی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە و دەڵێت ڕەنگە واز لە بڵاوکردنەوەی ئەلبووم بهێنێ.

ئەمیر حەسەن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەلبوومێکم ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە کە لە هەشت گۆرانی پێکهاتووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستای کوردستانەوە بڵاوی ناکەمەوە".

ئەمیر حەسەن گوتیشی کە ڕەنگە دوای ئەم ئەلبوومە، چیدی ئەلبووم بڵاونەکاتەوە و هەر بە شێوەی سینگڵ گۆرانی بڵاوبکاتەوە.

گوتیشی "بەداخەوە تاوەکو ئێستا هیچ هونەرمەندێک بە هونەر نەژیاوە، هەر هونەرمەندێک کاسبییەکیش بکات، ڕەنگە ناچار بێت واز لە هونەر بهێنێ".



## بەختی ڕووداو



**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
چاودێریی زیاتری باری تەندروستیت بکە. گرنگی بەکەشخەیی و ڕێکخستنی پۆشاکت بدە تا سەرنجڕاکێش بیت. لەم مانگە نوێیەدا گرفتی خۆشەویستی چارەسەر دەکەیت و هەنگاوێک کارەکەت پێشدەخەی.

**گا**
هەوڵ بدە بیرکردنەوەت پۆزەتیف بێت، چونکە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بەختەوەریت بۆ دەهێنن و دەتوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت باشتر بکەی. کارە قورسەکان ئاسان دەبن.

**جمک**
پتەوکردنی پەیوەندیت لەگەڵ خێزانەکەت و بوونی خۆشەویستی لە نێوانتان بەختەوەری دەستەبەر دەکات، گەشبینی و دوورکەوتنەوە لە ڕاڕایی ماوەی بەختەوەری درێژ دەکاتەوە. هەنگاو بۆ ئەو کارانە بنێ کە ماوەیەکی درێژە بەنیازی ئەنجامیان بدەی.

**قرژاڵ**
کارەکانت بەرفراوان دەبن، بەڵام توانایەکی زیاترت دەبێت بۆ بەڕێکردنیان، نابێت هیچ یەکێک لە کارەکان فەرامۆش بکەیت یان دوای بخەی، لەبواری خۆشەویستیدا دەتوانی دڵنیایی تەواو وەربگریت.

**شێر**
هەوڵەکانت لە باشکردنی باری داراییدا چڕبکەرەوە، زیاتر لە فرسەتێک ڕێکدەکەوێت بۆ کارکردن بە پارەیەکی باش. کاتێک جەستە ماندوو دەبێت ڕۆح ئاسوودە دەبێت و لە دوودڵی ڕزگارت دەبێت، کۆنترۆڵی هەڵچوونە خێراکانت بکە.

**گوڵەگەنم**
بەهۆی بوونی ئەستێرەی ژوپیتەر لە کەلوەکەتدا ساڵێکی بەختەوەری نوێ لە ژیانت دەستپێدەکات، پەیوەندیت لەگەڵ کەسە گرنگەکان بەهێزدەبێت، پلەو پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایتیت دەبێت کە پێشتر ئاواتت بۆ دەخواست.

**تەرازوو**
گەشبین بە و لە کاتی دیدار و گفتوگۆ ڕوخسارێکی شیرین پێشانی بەرامبەرەکەت بدە. پەیوەندیی خۆشەویستی بەشی زۆری بیرکردنەوەت داگیر دەکات. هەندێک لە گرفتەکان لە شتی سادەوە سەرهەڵدەدەن، بەتایبەتی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی خێزانی.

**دووپشک**
کارەکان بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوە دەچن. زوو هەڵچوون هیچ یەکێک لە کارەکانت باش ناکات و زۆر جار دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفتی نوێ. گۆڕانێک لە ژیانتدا ڕوودەدات کە بەتەواوی هەست بە خۆشحاڵی بکەیت.

**کەوان**
گەڕانەکانت زیاتر بکە، سەردانی ئەو کەسانە بکە کە ئاسوودەت دەکەن و یادگاریی کۆنتان هەیە، گەشت بکە و لە ئاڵۆزیی دەروون خۆت بەدوور بگرە، خەم بەو شتانە مەخۆ کە بۆ هەمووانە، پشت بە هاوکاران و نزیکەکانت ببەستە.

**کارژۆڵە**
لەگەڵ سەختیەکانی ئەم ماوەیەدا زیاتر خۆڕاگر بە، هەستی خۆت بەشێوەیەک دەرببڕە کە نەبێتە هۆی ئازاردانی کەس، بەردەوام بە لەو کارانەی پەیوەندی بە دەرامەتەوە هەیە. بڕیارێک لە بارەی خۆشەویستی یان خێزان دەدەی.

**سەتڵ**
هەوڵ دەدەی هێز و توانایەکی زیاتر بەکاربهێنی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت و لە کۆتاییشدا سەرکەوتوو دەبیت، لەم ماوەیەدا بۆچوونەکانت لە ڕاستییەوە نزیکن. پێویستە سوپاسی ئەوانە بکەیت کە هاوکارت بوون لە سەرکەوتنت.

**نەهەنگ**
دەتەوێت کاتێک دیاری بکەیت بۆ حەوانەوە، هەست بەدڵنیایی و بەرەوپێشچوون دەکەیت لە کارەکەت. بۆ بیرۆکەکەت دەتوانی پێشنیار بۆ کەسێک بکەیت. ڕەشبین مەبە بەخت هاوکارییەکی باشت دەکات.

رووداو
ژمارە (373) دووشەممە 2015/8/31


# پێکەنین وەک چارەسەر لای هێرمان هێسە



بەفراو نووری

لە نووسینێکی پێشوومدا بە ناونیشانی (بۆچی زۆربا هەمیشە سەرنجراکێشە؟) وەک دوو جۆر لە سوژە باسم لە مرۆڤ کرد لای کازانتزاکیس. جارێک وەک سوژەیەکی تەواو مادی کە زۆربا دەبێتە نوێنەری و جارێکیش وەک سوژەیەکی میتافیزیکی کە ئاغاکەی زۆربا نوێنەرێتی. لای کازانتزاکیس دەکرێت مرۆڤ یان سوژەیەکی تەواو مادی بێت یان تەواو میتافیزیکی، لێرەدا باس لە مرۆڤێک دەکەین وەک سوژەیەکی تێکەڵ لە هەموو ئارەزوو و خولیا میتافیزیکی و مادییەکان و پڕ لە لایەنی جیاواز. بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی رۆمانی (گورگی پێدەشتەکان)ی هێرمان هێسە دەهێنمەوە. هێرمان هێسە پێچەوانەی کازانتزاکیس پاڵەوانەکەی نموونەیەکە لەو سوژە فرە رەنگ و پڕ لە ناکۆکییانەی کە دەکرێت لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی عەقڵانی، مرۆڤێکی ئیحساسیش بێت، یان کە مادی دەژیت، میتافیزیکی بیربکاتەوە. پاڵەوانی رۆمانەکەی هێرمان هێسە بە ناوی هەری هالێر بە شێوەیەک لە شێوەکان رەنگدانەوەی کەسایەتی خودی نووسەری بە سەرەوە دەبینین. دەکرێت بڵێم بە جۆرێک لە جۆرەکان نوێنەری خودی نووسەریشە. تەنانەت دەگوترێ هێرمان هێسە بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە هەری هالێر خودی نووسەرە، ناوی پاڵەوانەکەی بە ئەنقەست وا هەڵبژاردووە کە یەکەم پیتی هەردوو ناوی یەکەم و دووەمی لە ناوی خۆی بچێت، ئەمە جگە لەوەی تەمەنی پاڵەوانەکە و تەمەنی هێرمان هێسە هەردووک وەک یەک وان و بارودۆخی ژیانیشیان لێک نزیکە. هەری هالێر بوونەوەرێکی تەنیا و بێ هیوایە کە وەک بیرمەندێک زۆربەی ژیانی خۆی بەسەر بردووە، بەڵام لە ناوەڕاستی ژیانیدا هەندێ رووداو وادەکەن روو بکاتە هەندێ شت کە پێشتر لە هەموو ژیانیدا وەک شتی خراپ و بێ ئەرزش و بچووک سەیری کردوون، لەو مرۆڤە بیرمەند و کتێب دۆستە دوور دەکەوێتەوە و دەبێت بە کەسێک کە بە دوای پەیوەندیی سێکس و چێژوەرگرتنەوە دەبێت. وای لێدێت لەناو ئەو جۆرە چێژانەدا نوقم دەبێت و تەواوی کەسایەتی ئێستا و رابردووی دەکەوێتە پارادۆکسەوە، بەڵام لە کۆتاییدا و لە وەرگەڕانێکی فەلسەفیدا، دووبارە پەنا دەباتەوە بۆ تەنیاییەکەی خۆی و دەبێتەوە بە کەسەکەی جاران. هەری هالێر نوێنەری هێرمان هێسە خۆیەتی، چوون هێرمان هێسە کاتێک ئەم رۆمانەی نووسیوە کە ژیانی خێزانیی تێکدەچێت و لە پیاوێکی عاشقی سروشت و بیرمەندێکەوە دەبێتە کەسێکی موعتاد و لەناو مەوادی بێهۆشکەر و چێژەکانی تردا نوقم دەبێت و تەنانەت هەوڵی خۆکوشتنیش دەدات، وەک چۆن هەری هالێر لە رۆمانەکەدا بڕیار دەدات هێندەی تەمەنی بووە پەنجا ساڵ خۆی بکوژێت. دواییش وردە وردە نۆرماڵ دەبێتەوە و رێگای خۆی دەدۆزێتەوە. رۆمانەکە بە گشتی گەشتێکی فەلسەفییە بە ناو رۆح و کەسایەتیی خودی نووسەردا، گەشتێک کە دیوە جیاواز و ئارەزووە جیاوازەکانی بوونەوەرێک بە ناوی مرۆڤمان بۆ دەردەخات کە دەکرێت لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا خواست و ئارەزووی جیاوازی هەبێت، سوژەیەکی فرە رەهەند و ئاڵۆز کە دونیای پیشەسازی و سەرمایەداریی ئەمڕۆ بەشە جیاوازەکانی دژبوونی دژ بە یەک کردووە و ئەم دژەش کۆتاییەکەی گەر وریا نەبیت، تەنیا تێکشکان و فەنابوونە. هەری هالێر نوێنەری ئەو تەوژمەیە کە دونیای سەرمایەداری رەت دەکەنەوە و هەمیشە وەک کەسانی پرۆبلماتیک دەردەکەون، دوای هەری هالێر (روکنتان)ی سارتەر و (مێرسۆی) کامۆ و دەیان کارەکتەری پرۆبلماتیکی تر لە دایک دەبن کە هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان قوربانیی دونیای سەرمایەدارین و ناتوانن لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگای خۆیاندا تەبا بن. بۆیە کاتی خۆی هیپپییەکان لە ئەمریکا هەری هالێر دەکەن بە باوکی رۆحانیی خۆیان و وەک نوێنەری رەمزیی خۆیان و باپیری هەقی خۆیان سەیری دەکەن. هێرمان هێسە لەم رۆمانەدا دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ کێشەی پارچە پارچەبوون و فرە دیویی مرۆڤدا بکات، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەوە دەبێت کە چۆن لەگەڵ ئەو پارچە پارچەبوونەی دونیای ئەمڕۆ مرۆڤی تێدا گیرۆدە بووە مامەڵە بکەین، خۆی لە پێشەکیی رۆمانەکەدا دەنووسێت کە ئەم رۆمانە چیرۆکێک نییە مەبەستی گەیشتن بێت بە مەرگ و وێرانەیی، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەبەستی گەیشتنە بە چاکبوونەوە و شیفا.

هەری هالێر کەسێکە دوو ژیانی هەیە، بەدیوێکدا کەسێکی ئاساییە، مرۆڤی ناو کۆمەڵگا و هاووڵاتییەکی ئاساییە و وەک هەر کەسێکی تەبا پەروەردە و خوێندەوارییەکی هەیە. نووسەرە و حەزی بە مۆسیقا و فەلسەفەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دیوێکی دیکەی هەیە کە خۆی ناوی دەنێت (گورگ) یان (گورگی پێدەشت). هەری وەک گورگ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەری ئاساییدا هەیە. گەر هەری ئاسایی کەسێک بێت بتوانێت تێکەڵ بە کۆمەڵگا بێت و ژیانێکی نۆرماڵی هەبێت، ئەوا گورگەکەی ناخی نوێنەری دیوە دەستەمۆنەبووەکەی ناخێتی. وێنەی (گورگ) بۆ ئەو بەشە کێوی و نەگیراوەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە دوور لە کۆمەڵگا دەژی و رووی لە تەنیاییە و حەزی بە ژیانی کۆمەڵایەتی نییە. هێرمان هێسە خۆی هەموو ژیانی لەو دابەشبوونەدا بەسەر بردووە، ماوە ماوە هەوای تەنیایی و گەڕانی ناو پێدەشتان و پیاسەی درێژی شەوان لەگەڵ خۆی بردوویەتی، دواتر گەڕاوەتەوە و بووە بە هاووڵاتییەکی نۆرماڵ و تێکەڵ بە خەڵک بووەتەوە. هەری وەک لە بەشی یەکەمی رۆمانەکەدا وەسف دەکرێت، پیاوێکی غەمگینە، بەڵام غەمگینییەکەی غەمێکی شەخسیی رووت نییە، کاتێک گێڕەرەوەی بەشی یەکەم لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ سیمیناری کەسێکی بەناوبانگ کە لە رێی زمانبازی و چاپلوسی لەفزییەوە بووەتە کەسایەتییەکی ناودار، نیگایەکی زۆر غەمگین لە چاوی هەریدا دەبینێت، نیگای کەسێک کە دەزانێت مرۆڤایەتی دابەزیوەتە چ شوێنێکی نزم. هەری خۆی ناکۆک لەگەڵ ئەو کەلتوورە کەپیتالیستییە مادیگەرایەدا دەبینێت کە نرخی لە هیچدا نەهێشتووەتەوە. ئەوەی رۆمانەکە ناوی دەنێت عەقڵانیەتێکی سەتحی و سەرسەخت، ئاماژەیە بۆ رۆحی کەپیتالیزم. هەتا هەندێک لە توێژەرە چەپەکان دوودیویی هەری وەک نموونەی دابەشبوونی رۆشنبیرانی ئەو چاخە تەماشا دەکەن، لە نێوان کاراکتەرێکی بۆرژوازی دەستەمۆ و کاراکتەرێکی شۆڕشگێڕدا کە درک بە درۆ و نیفاقی سەردەمی سەرمایەداری دەکات. رۆمانەکە چیرۆکێکی ئاسایی نییە، دەزانین کە هەری ئیش ناکات و پارەیەکی لە بانک هەیە، وەک نووسەر بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە لە جەنگ ناو و ناوبانگی لەکەدار بووە، ژنەکەی لێی جیابووەتەوە و ماڵێکی تەواوی نییە و ژیانی وەک گەشتێکە کە خۆیشی نازانێت دەیەوێت بە کوێ بگات. ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە لە نێوان هەری و گورگەکەی ناخیدا نەگونجان هەیە. پرسیارێک کە لە مەتنەکەدا پێداگریی لەسەر دەکرێت، ئەوەیە کە ئاخۆ بەڕاست ئەم دوو بەشییە ئاوێنەی ناخی هەرییە، ئاخۆ گورگی پێدەشتان هەر تەنیا بەسەر ئینسانە بۆرژوازی و گورگە ناتەباکەدا بەش بووە. هێرمان هێسە بەو کتێبەی دەیەوێت بڵێت ئەم روانینە دوو جەمسەرییە بۆ مرۆڤ هەڵەیە و مرۆڤ لە پیازێک دەچێت کە توێژی جیاوازی هەیە و لە ناخی ئێمەدا بوونەوەری زۆرتر دەژین لەوەی بۆ دوو جەمسەر کورتیان بکەینەوە. کاریگەریی تیۆرییەکەی یونگیش لەسەر هێسە و رۆمانەکە بە جوانی دیارە، گەر بزانین هێرمان هێسە ئەوکات خۆی بە دەست بارودۆخی خراپی دەروونییەوە لای یونگ و یەکێک لە بەردەستە نزیکەکانی (دکتۆر لانگ) لە ژێر چارەسەریدا بووە، ئەوا سەرچاوەی ئەو کاریگەرییە بە روونی دەبینین. لە رۆمانەکەدا هەری ژنێک بە ناوی هێرمینا دەناسێت، هەری دەڵێت زۆر لە هاوڕێیەکی گەنجیم دەچێت بە ناوی هێرمان. هێسە لێرەدا بە یاریکردن لەسەر ناوی (هێرمان) و (هێرمینا) هەمان مەبەستی فرە جەمسەریی ناو مرۆڤ نیشان دەداتەوە، وەک ئەوەیە بڵێت هێرمینا هەر بەشە ژنانەکەی خۆیەتی کاتێک وەک کاراکتەرێکی سەربەخۆ دەرکەوتووە. هێرمینا دەستی هەری دەگرێ و لە ژیانی وشکی کتێبەوە بەرەو چێژ و سەما و لەزەتی جەستەیی دەیبات، هەر خۆشی زەمینەی بۆ خۆش دەکات لەگەڵ هاوڕێ کچێکی خۆیدا بخەوێت، بەڵام پێشی دەڵێت کە من بەدەستی تۆ دەکوژرێم. رۆمانەکە لە بەشە جیاوازەکانیدا باس لە رووە جیاوازەکانی ئینسان دەکات، پێمان دەڵێت کە کۆمەڵگای مۆدێرن ئەو دیوە جیاوازانەی مرۆڤی کردووە بە دوژمنی یەکتر، لە کاتێکدا ئەو جیاوازییانە دەتوانن دوژمن نەبن و بەیەکەوە بژین. کۆتایی رۆمانەکە دووبارە هێرشێکە بۆ سەر ژیان و هونەری مۆدێرن. کاتێک مۆزارت لە کۆتاییدا دەردەکەوێت، وەک سەمبولی ئەو داهێنەرە گەورانە دەردەکەوێت کە زیاد لە هەر دکتۆر و هەر چارەسەرییەک دەتوانن رێنمایی مرۆڤ بکەن. هونەر و ئەدەبیاتی رۆحیی بەرز دژ بە سەتحییەت و مادییەتی پووچ لێرەدا پارسەنگی گونجاون بۆ مرۆڤ. کۆتایی رۆمانەکە کە هەری لەو شانۆ سیحراوییەی پاپلۆدا ون دەبێت، لەو دیمەنانەدا کاریگەریی تلیاک و کاریگەریی رزگارکەری فەنتازیا دەبینین، گورگی پێدەشتان گەرچی کەسێکی زۆر واقیعبینە، بەڵام کۆتایی رۆمانەکە فەنتازییە. لەوێدا مۆزارت کاتێک لەگەڵ هەریدا لە رادیۆوە گوێ لە هاندل دەگرن، بە هەری دەڵێت کە ئەم مۆسیقا مەزنەی لە رادیۆوە پەخش دەبێت، مۆسیقا نییە، بەڵکو شتێکی شێواوە کە مەزنیی خۆی لەدەستداوە، نە دەنگەکە دەنگی راستەقینەی مۆسیقایە و نە ئەو ماڵ و جێگا و شوێنەش کە رادیۆ ئاوازەکەی بۆ دەبات، لەم مۆسیقا مەزنە تێدەگەن. مۆزارت دەڵێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئاوازەکە شتێکی مەزنی تێدایە کە بە هیچ شتێک لەناوناچێت، شتێکی مەزن و نەمر. مۆزارت بە هەری دەڵێت حاڵی ژیانی مۆدێرن وەک حاڵی ئەو مۆسیقایەیە کە زۆر شێوێنراوە و بێ مانا و سەتحی کراوەتەوە، بەڵام شتێکیش لە ژیاندا هەیە کە تێکناشکێت. داوای گەورەی مۆزارت لە هەری ئەوەیە کە (فێری گوێگرتن بێت). مەبەست لە گوێگرتن ئەوەیە مرۆڤ بتوانێ پووچ و زیادە و شێواویی ژیان فڕێ بدات و بە شتە مەزن و نەمرەکانەوە بگیرسێتەوە. ئامۆژگاریی مۆزارت بۆ (گورگی پێدەشتان) ئەوەیە پێبکەنێت، فێری پێکەنین بێت. پێکەنین بەو مانایەی مرۆڤ بتوانێت بەخۆی و بە دنیاش پێبکەنێت. لێرەدا پێکەنین بۆ گاڵتەکردنی رووت نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە لە رێگای پێکەنینەوە بچینەوە بۆ ئەو تەباییەی کە کەپیتالیزم و مۆدێرنە لە گیانی مرۆڤدا شێواندوویەتی. پێکەنین پەڕینەوەیە لە دوو کەرتبوون و بەشبەشبوونەوە، بەرەو یەکگرتنەوە و پێکەوە ژیانی بەشە جیاوازەکانی سوژە لەگەڵ یەکدا، بەوەش دەگەڕێینەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەتا خستمانەڕوو، دەربارەی دەرچوون لە قەیرانی دابەشبوون. ئەوە ئەو رێگای چارەسەرییەیە کە هێرمان هێسە بۆ خۆی و هەری دەدۆزێتەوە. لێرەدا دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە خەمی هێرمان هێسە تەنیا مرۆڤی تاک بووە، کۆمەڵگا و چین و نەتەوە و ئەو جۆرە تاقمە گەورانە لە ئەدەبیاتی هێسەدا شوێنێکی ئەوتۆیان نییە.




# وەرگرتنی مۆڵەت بەر لە ماچکردنی منداڵ*

لە یەکێک لە سیمینارەکانمدا بە بەشداربووانم گوت، ئەگەر دەتانەوێ پەروەردەی رەگەزیی منداڵەکانتان بکەن، بەرلەوەی ماچیان بکەن مۆڵەتیان لێ وەربگرن. دوای سیمینارەکە پیاوێک لێم نزیک بووەوە و گوتی: "مامۆستا بمبوورە کە وا دەڵێم، بەڵام ئەگەر پەروەردەی رەگەزی، وەرگرتنی مۆڵەت بێت لە کچەکەم بەرلەوەی ماچی بکەم، من پەروەردەی وا هەڵدەگرم و فڕێی دەدەمە تەنەکەی زبڵەوە... ئەو کچی منە! مۆڵەتی چی لێ وەربگرم؟ ماچی دەکەم، لەباوەشی دەکەم، بۆنی دەکەم، بە کێ چی؟"

ئەو باوکە کەسێکی نەخوێندەواریش نەبوو، بەڵام لە پەروەردەی منداڵدا وردەکارییەکی تێپەڕاندبوو. ئەو وردەکارییەش "قۆناغی دروستکردنی پەرژین" بوو. پەرژین واتە "سنوور". ئەوەی کە گرنگە لە قۆناغی دروستکردنی پەرژیندا ئەوەیە، منداڵ سنوورەکانی خۆی پێ بناسرێت و سنووری کەسانی دەوروبەری پێ نیشان بدرێت.

ئەم پەروەردەیە، هێڵی سنووریی مەودایەکی چل و پێنج سانتیمەتری، بە چواردەوری رۆح و لەشی منداڵدا دەکێشێ. ئەم مەودایە، قبوڵکردنی پێگەی کەسایەتیی منداڵەکەیە. ئەگەر بەبێ مۆڵەت بەزێندرا، منداڵەکە نیگەران دەبێت و هەوڵی پاراستنی دەدات. بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە پەرژینی خۆی بکات، منداڵ پێویستی بەوەیە کە پەروەردەی رەگەزی وەربگرێت، واتە دەبێت لەلایەن گەورەکانەوە پەرژینی بۆ دروست کرابێت.

ئەم پەرژینە هەر لەخۆیەوە دروست نابێت، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵسوکەوت و مامەڵەی خێزانەکەیەوە، هەنگاو بە هەنگاو دروست دەبێت. ئەگەر دایکان و باوکان، یان کەسی سەرپەرشتیاری منداڵ، لە دەرەوەی پەرژینی لەشی منداڵەکە بوەستێ و بە گوتنی "بۆم هەیە ماچت بکەم؟" مۆڵەت وەربگرێت بۆ ماچکردنی منداڵەکەی، ئەوا پەروەردەیەکی باشی رەگەزیی منداڵەکەی کردووە. نەک ئەوەی بە پێچەوانەوە بڵێت "ئەمە منداڵی خۆمە و چۆنم بوێت وا مامەڵەی لەگەڵ دەکەم"، چونکە ئەمە هەستی منداڵ دەشکێنێ.

ئەو منداڵەی کە لەناو خێزانەکەیدا ئەم هەستەی بۆ دروست بووە، سنوورەکانی خۆی دەزانێت و پەرژینەکانی دەپارێزێت، هەروەها سنوور و پەرژینی کەسانی بەرامبەریش دەزانێت. ئەم منداڵانە ئەگەر لە مارکێت لە ریزدا بوەستن، زۆر خۆیان لە کەسی پێشەوە نزیک ناکەنەوە و رێگە نادەن ئەوەی دوایانەوە زۆر نزیک ببێتەوە لێیان. کە دەچێتە شوێنێکەوە، چاوەڕێ دەکات ئەوانەی پێش خۆی بڕۆن و پەلەپەل ناکات. کە شتێکی هاوڕێیەکی هەڵبگرێت مۆڵەتی لێ دەخوازێت. ئەم منداڵە، ئەگەر پێویست بکات، بە چەند رستەیەکی رێکوپێک، بێ ئەوەی تووڕە ببێت و هێرش بکات، داوای مافی خۆی دەکات.

ئەو مرۆڤە پێگەیشتووانەی کە لە تەمەنی منداڵییاندا سنوورەکانیان بۆ دیاریکراوە، قسە بە کەس نابڕن و رێگە بە خەڵک دەدەن بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو. کاتێک گوێ لە کەسی بەرامبەریان دەگرن، لەناو سنوورەکانی خۆیاندا بە ئارامی دەوەستن و چاوەڕێی تەواوبوونی قسەی بەرامبەرەکەیان دەکەن.

هۆکاری سەرەکی شەڕی نێوان قوتابییەکان لە قوتابخانەکاندا، دروستنەبوونی پەرژینە بۆ لەش. ئەو منداڵانەی هێرش دەکەنە سەر هاوڕێکانیان، سنوورەکانی خۆیان نازانن و هەست بە سنووری بەرامبەرەکانیان ناکەن. بەدوور نازانرێت کە ئەم منداڵانە لەکاتی پشووی نێوان وانەکاندا لەپڕ بکێشن بە سەری هاوڕێکانیاندا، بەبێ مۆڵەت قەڵەم و دەفتەری هاوڕێکانیان لەناو جانتاکانیان دەردەهێنن و بەکاری دەهێنن. رەنگە کیژۆڵەیەک کە سنوورەکانی خۆی نازانێت، بەو شتانە ناڕەحەت نەبێت کە پێویستە نیگەران ببێت پێی!

ئەگەر بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکرێت و بەر لە ماچکردنی مۆڵەتی لێ وەربگیرێت، مۆڵەتی لێ وەربگیرێت بۆ هەر شتێک کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئەوا پەیامی بوون و رێزگرتنی پێدەدرێت و، پێگەی خۆی پێ دەناسێنرێ. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەڵسوکەوتی نەشیاو لەگەڵ منداڵاندا، هەستی "بێ رێزی" و "بێ پەرژینی" لە ناخیاندا دەخولقێنێ.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی رەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (رووداو) بڵاودەکرێتەوە.**

# قەیرانی بەردەنگ یان رمانی پردەکان

**ئەنوەر عەباسی (هەرەس)**

لە نێو حەوت هونەری سەرەکیدا، بێگومان دوای سەما (هەڵپەڕکێ)، ئەدەبیات و لەنێو ئەدەبیاتدا بێگومان شیعر ریشەدارترین هونەرە کە لە کوردستان بە تایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی هەیە. هۆکاری ئەم ریشەداربوونە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر شێوازی ژیانی خەڵک و جوگرافیای کوردستان و شەڕە یەک لە دوای یەکەکان کە هەموو ئەمانە وایان دەکرد مرۆڤی کورد نەتوانێت هێندە سەقامگیر بێت فریای هونەرەکانی وەکوو مۆسیقا و بیناسازی و پەیکەرتاشی و...هتد بکەوێت و ئەگەر ئەزموونێکیشی هەبووبێ، لەلایەن دراوسێکانییەوە دزراوە و کورد نەیتوانیوە خاوەندارێتی لێبکاتەوە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەمە لە بەشی هەرە زۆری مۆسیقای کوردیدا دەبینین کە لەلایەن تورک و عەرەب و فارسەوە زەوت کراوە و جیهان بە هەموو ناوێک دەیناسێ جگە لە کوردی.

بەڵام باسی شیعر هێندەک جیاوازە. شیعر هونەرێکە کە کەمترین پێداویستی پێویستە. قەڵەمێک و لەتە کاغەزێک. دەرد و رەنج و کوێرەوەری و ئەوین و دەشت و دەر و دیمەنی جوانی کوردستانیش کە هەمیشە بووە و هەمیشە هەیە. بەم پێشزەمینەوە، پێموایە ئەگەر جەنگە ماڵوێرانکەرەکان نەبوونایە و کورد ئاوا کۆیلە و بندەست نەبووایە و ئاسەوارەکانی بە تاڵانی نەبرایە، ئێستا خاوەنی هەزاران ئاسەوار و دیوان و دەستنووسی مێژینەی ئەدەبی دەبوو.

ئەم هەستی شیعردۆستییە هەتا ئەم سەردەمەش لەگەڵ کورد هاتووە و بە زیادبوونی بواری بڵاوکردنەوە و چاپ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم خاڵە پۆزتیڤەی کۆمەڵگای کوردی بووە بە چالنجێکی مەترسیدار بۆ ئەدەب (ئەگەر ناوی نەنێین مەرگەسات). هەزاران شاعیر! وەکوو کارگ هەڵتۆقیون و زۆربەیان تەنیا شتێک کە بۆ شاعیربوون هەیانە "حەز"ە. پەرش و بڵاوی و ئاڵۆزییەک کە لەم دیاردەیە ساز دەبێت، تەنیا ئێخەی زمان، ئەدەب و شیعری نەگرتووە، بەڵکوو بەنێو تانوپۆی کۆمەڵگاشدا رۆچووە و ئاستی سەلیقە و زەوقی کۆمەڵانی بەردەنگی رۆژ لە دوای رۆژ هێناوەتە خوارەوە. بەشێوەیەک کە تەنانەت زۆرێک لە شاعیرە باشەکانیش بۆئەوەی لە کاروان وەدوا نەکەون، بۆخۆیان بوونەتە شۆڕەسواری ئەو بوارە نالەبارە.


لەم نێوانەدا ئەگەر بمانەوێ گەشبینانە سەیری ئەم دیاردە بکەین، دەتوانین دڵخۆشی خۆمان بدەینەوە کە ئیتر شیعر (مەبەست لە شیعری باش و پتەو و سەرکەوتووە) بەردەنگی زۆر و بۆری نییە. بەڵکوو بووە بە خاوەنی بەردەنگی تایبەتی خۆی. بەردەنگێک کە رەنگە بۆ یەک شاعیر تەنیا بریتی بێت لە یەک یان دوو کەس! و هێشتا هەن ئەو شاعیرانەی کە ئەو کەمە بەو زۆرە ناگۆڕنەوە. بەڵام لە نەبوونی ناوەندێکی کارای ئاکادیمیکدا، رۆژ لە دوای رۆژ دەبینین ئەم شاعیرانە تەریک دەکەون و تەنیا دەبێ بەو هیوایە بەردەوام بن کە لە دوای مەرگیان دەدۆزرێنەوە. لە ئاکامدا وای لێدێت کە لە دنیای ئەدەبدا ئێمە ئیتر قسەیەکمان بۆ گوتن نییە.

لە بەرامبەردا، لەگەڵ پرسی پێوەندی بەرەوڕووین. پێوەندی نێوان شاعیر و بەردەنگ. ئەگەر باوەڕمان وا بێت کە شاعیر دەبێ بتوانێ لە لایەن رێژەیەکی بەرچاوی خەڵکەوە بخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەو شاعیرە لە نێو ئەو خەڵکە هەستاوە، واتە بە چاوێکی پەیامبەرانە سەیری شاعیر بکەین، دەبێ ئەم پرسیارە لە شاعیرانی (مەبەست شاعیر بە مانای وشە شاعیری پێگەیشتوو و کامڵە) سەردەم بپرسین کە بۆ نەتانتوانیوە لەگەڵ خەڵکی خۆتاندا پردێکی پێوەندی ساز بکەن؟ ئەو کۆدانە چین کە ئێوە بۆتان نەدۆزراونەتەوە هەتا لەلایەن خەڵکەوە بخوێنرێنەوە؟ چ دابڕانێک هەیە لە نێوان تۆی شاعیر و خەڵکێک کە دەیانتوانی بەردەنگت بن؟

هاتنی یەک لە دوای یەکی شێوازە ئەدەبییەکان و شەڕی مۆدێرنیزم و کلاسیزم و سوننەت بەرداشێکی باش بوو بۆ هاڕینی ئەزموونە خۆجێییەکان. شاڵاوی بیرۆکە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا روویکردە ئەم ناوچەیە و ئێمە مەتەرێزەکانمان هێندە کۆن بوون کە هێزێکی ئەوتۆیان نەمابوو بۆ بەرەنگاری. (بۆیە بەرەنگاری پێویستە کە تۆ بتوانی شتێک بدەیت و شتێک وەربگریت، یان ئەگەر شتێک وەردەگری لە مەوقفی لاوازییەوە نەبێ) نالییەکان و مەحوییەکان ئەوەندەیان بۆ کردین کە توانییان سوارە و هێمن و پەشێو و شێرکۆمان بۆ ساز بکەن (کە ئەوانیش زۆر جاران بوونی بەردەنگەکانیان قەرزداری رەوتی مێژوویی و دۆخی تایبەتی سەردەمن نەک پتەوبوون و نوێبوونی رێبازیان). بەڵام خێرایی و بارستی هاتنی بیرۆکە ئەدەبییەکان و هرووژمی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی رۆژئاوا و بوون بە رۆژەڤی ئەم بابەتانە لە وڵاتانی دەوروپشتی کوردستان (بە تایبەت وڵاتانی داگیرکەری کوردستان) بووە هۆی ئەوەی لە کوردستان لە نێوان شاعیری سەردەم کە خوێندنەوەیەکی سەردەمییانەی لە شیعر هەبوو و کۆمەڵانی خەڵک کە هێشتا خوێندنەوە کۆنەکەشی لە چوارچێوەی شیعر خوێندنەوەی دایەگەورە و باوەگەورە بەولاوەتر نەچووە و لە سیستەمێکی سەقەتدا فێری زمانی خۆی بووە (ئەگەر بووبێ)، پردەکانی پێوەندی بڕووخێن. ئەم شتە لە وڵاتانی دیکەشدا روویدا، بەڵام لە کوردستان کارەساتبارتر بوو. بە حوکمی ئەوەی کە هەتا ئێستاش جگە لە باشووری کوردستان (ئەویش بێ کێشە نییە) لە پارچەکانی دیکە خوێندنی فەرمی بە زمانی کوردی نییە، بۆیە ئەم دیاردەیە دەچێتە بواری نەزانینی زمانیشەوە و ئەرکی شاعیران دوو هێندە گرانتر دەبێت و مەودای نێوان شاعیری زمانزان و کۆمەڵگایەک کە رۆژ لە دوای رۆژ لە رێگای ئاسمیلاسیۆنی زمانییەوە لە زمانەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، زیاتر دەبێت. کاتێک کە یەکێک لە فاکتەرەکانی شیعری سەرکەوتوو کارکردن لەسەر زمانە و تۆ وەکوو شاعیر لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا رووبەڕووی، کە تەنانەت زمانە ئاساییەکەی خۆشی بە باشی نازانێت، ئاشکرایە کە دەبێ چاوەڕێی ئەم دۆخە بکەی.

کێشە یان قەیرانی بەردەنگ و نەبوون یان نەمان و لاوازبوونی پردی پێوەندیی نێوان شاعیر و خەڵک و بە بەردەنگکردنی ئەوان لەلایەن شاعیرەوە، پرسێکی یەک رەهەندیی نییە. دەکرێ لە چەندین رەهەندی جیاوازەوە کە هەمووشیان پێویستن، سەیری ئەم دۆزە بکرێت.

بەڕاستی کێشە لەلایەن شاعیرەوەیە یان بەردەنگ یان ...؟



# سەمای شمشێر



**نووسین ئەوەیە، نووسەر بتوانێت خودی خۆی بسڕێتەوە و لەوێوە دەست پێ بکات، کە تەنیا زمان ئیش دەکات و بەس.**
**بارت**

**بۆ ئەوە دەخوێنینەوە لە خۆمان تێبگەین، نەک لەوانی دیکە.**
**سیۆران**

**دڵم بەو ڕەخنانە ئاو ناخواتەوە کە لێم گیراون، ڕۆژێک دێت، توندترین ڕەخنە لە خۆم بگرم.**
**بۆرخێس**

سەلمان ڕوشدی دەبێژێت: (کاری ئەدەبیی مەزن، با سانسۆر ڕێگرییشی لێ بکات، هەر خۆی دەسەپێنێ، وەک (یولیسیس)ی جۆیس و (لۆلیتا)ی نابۆکۆڤ و هەزار و یەکشەوە خۆیان سەپاند. نووسەرێک لەژێر گوشاری سانسۆردا بێت، وەک ئەوە وایە، سەروەختی نووسین قەڵەمەکەی بە ددان بگرێت، نەک بە دەست،) بەڵام ئەدیب لە ڕەقیب بەهێزترە، ئاخر سانسۆر تێکدەشکێت و بەسەر دەچێت، وەلێ ئەدەب بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئەوە نییە فرانکۆ ڕسوابووە، بەڵام لۆرکا بە نەمریی ماوەتەوە.

سێرڤانتس (1547 — 1616) بە دۆن کیخۆتە، هەم بناغە بۆ نووسینی ڕۆمان دادەڕێژێت، هەم باڵاترین نموونەی ئەدەبی گاڵتەجاڕیمان پێشکەش دەکات. لە دۆن کیخۆتەدا، تێکشکان سەرکەوتنە و وەهم حەقیقەتە، سێرڤانتس لەو ڕۆمانەیدا هەر باسی ئاوابوونی خۆری قۆناغی سوارچاکیمان بۆ ناکات، بەڵکوو کێشەی لەگەڵ ئەو (سوارچاک)ەیشدا هەیە کە لە ناخی هەر یەکێکماندا دەژی. دۆن کیخۆتە کە هەڵچوونێکی هونەرییە بە ڕووی دابونەریتی زاڵ و دەسەڵاتی ستەمکار و هەژموونی ئایین و دادگاکانی پشکنیندا، نموونەی باڵای کۆمێدیای ڕەشە و ئیلهامی بە چەندان نووسەری مەزنی وەک گۆگۆڵ بەخشیوە.

ئەوە زۆر گرینگ نییە، بەرهەمی ئەدەبی، زادەی خەیاڵە یان ئاوێنەی واقیع؟ ئاخر ئەگەر داهێنەر بین، هەم خەیاڵ کێڵگەیەکی بەپیتە، هەم واقیعیش. ئیلیادە و ئۆدیسە کە هۆمیرۆس نووسیونی و ڕەنگە لەسەر ئاستی دونیا، نەمرترین و دەوڵەمەندترین کاری ئەدەبی بن، زادەی تێکەڵکردنی دیرۆک و شیعر، یان دروستتر واقیع و خەیاڵن. هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا شەکسپیر و دانتی و دواتریش، بەرهەمی ئەدەبی، ئیدی داستان بووبێت، یان شانۆنامە، هەر بە شیعر نووسراوە. داستانێکی بە شیعر نووسراو کە بێ دوودڵی ناوی بنێین شاکار و بۆ کورد مایەی شانازی بێت، مەم و زینی ئەحمەدی خانییە.

کالێڤالا کە داستانی فینلاندییەکانە، لە هەزاران بەیتەشیعر و لە دەیان سروود پێک هاتووە، هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم هەر دەماودەم گوتراوە و پارێزراوە، لەوە بە دواوە ئێلیاس لوێنرۆت (1802 — 1884) کە شاعیرێکی زمانناس بووە کۆی کردووەتەوە. هەرچەندە لوێنرۆت هەم جوانکاریی لە داستانەکەدا کردووە و هەم هەندێکیشی بۆ زیاد کردووە، بەڵام هێندە هونەرمەندانە ئەو کارەی بەجێ گەیاندووە، ئاسەواری دەستکاری بە تێکستە فۆلکلۆرییەکەوە دیار نییە. وەک چۆن (کۆمێدیای خودایی)ی دانتی، زمانی پەرتی ئیتالیای یەک خستووە، کالێڤالایش، بۆ یەکخستنی زمانی فینلاندییەکان هەمان ڕۆڵی وازی کردووە.

ئایینی (مەسیح) کە درەنگ دەگاتە فینلاند، بە پاساوی دژایەتیکردنی بتپەرستییەوە، دەکەوێتە سڕینەوەی کولتووری خەڵکی ئەوێ. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕووسیا، فینلاند داگیر دەکات، ئیدی کەلەپووری فینلاندییەکان، خۆی لە نێوان هەردوو بەردئاشی کریستیانیزم و کولتووری ڕووسیای داگیرکاردا دەبینێتەوە. کۆکردنەوە و نووسینەوەی داستانی کالێڤالا، کاردانەوەیەکی نیشتمانپەروەرانە بووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جووتە داگیرکارە.

داهێنەرەکانی کالێڤالا، خەڵکانی ئاسایی دەبن، نەک دەستەبژێر. شیعرەکان کە فۆلکلۆر دەبن، سەروەختی سەفەر و پشوو بە گۆرانییەوە دەگوترێن. هیچ کام لە قارەمانانی داستانەکە، کەسانی سەر بە چینە باڵاکان نابن و باسێک لە جیاوازیی چینایەتی لە گۆڕێدا نییە، وەک ئەو کۆمەڵگەیەی داستانەکەی تێدا بەرهەم هاتووە جڤاکێکی ناچینایەتی بووبێت، تەنانەت هەندێک ئاماژەیش بۆ قۆناغی دایکسالاری هەیە. فرێدریک ئێنگڵس دەڵێت: (دەتوانین ئەو قۆناغەی کۆمەڵی پێدا ڕەت دەبێت، بەو جۆرە چەکانەیشدا بناسینەوە کە ئەو سەروەختە بەکارهێنراون،) چونکە چەکی سەرەکیی دەستی قارەمانانی کالێڤالا شمشێرە، کەواتە داستانەکە بۆ سەردەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە.

بە پێچەوانەی میسیۆلۆجیای گریکەوە کە پاڵەوانەکانی خوداوەندن، لە کالێڤالادا قارەمانەکان هەموویان ئینسانن. لە کالێڤالادا خوداوەند هەیە، بەڵام خۆی پیشان نادات، تەنیا ئەوەیە، خەڵکەکە بڕوایان وایە، هەم بە دەرد و بەڵا تاقییان دەکاتەوە و هەم لە تەنگانەیشدا بە هانایانەوە دەچێت. یەکێک لە قارەمانەکان کە ناوی (ئاهتی)یە، گەنجێکە وێڵی دوای چێژوەرگرتنە لە ژیان، حەزی لە ژنی جوان و شەرابی چاک و خۆراکی خۆشە، هەر دەڵێیت لای ئەپیکور (341 — 270 پ.ز.) دەرسی خوێندووە.

کالێڤالا هێندە جێی بایەخە لە فینلاند، ڕۆژی ڕۆشنبیری لەوێ، 28ی فێبریوەرییە، چونکە ئێلیاس لوێنرۆت لە 1835 لەو ڕۆژەدا پێشەکیی بۆ چاپی یەکەمی داستانەکە نووسیوە. لوێنرۆت پێی وابوو، زمان سەرچاوەی ڕۆشنبیرییە، بناغەی ناسنامەیە، هەوێنی بووژانەوە و گەشەکردنی میللەتە و درەختی درێژەدانە بە ژیانی نەتەوە. کە جۆرجی لویس بۆرخێس (1899 — 1986) کالێڤالا دەخوێنێتەوە، هێندە پێی سەرسام دەبێت و کاریگەرییەکی هێندە قووڵی لە کن بەجێ دەهێڵێت، چەندان جار دەگەڕێتەوە لای و لە گەلێک لە چیرۆکەکانیدا لێی سوودمەند دەبێت. بۆرخێس لەبارەی کالێڤالاوە گوتوویەتی: (هەر داستانی گەلی فینلاند نییە، داستانی هەموو ئەو گەلانەیە، لە کەناری زەریا دەژین. هەرچەندە هەڵکۆڵینە لە مێژوودا، بەڵام داهاتوو دەخوێنێتەوە، ئەوی پێی ئاشنا ببێت، وا هەست دەکات خاوەنی ناسنامەی هەموو گەردوونە.)

2015/8/28
ستۆکهۆڵم



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# جووتموختاری

جاران دەگوترا: پیاو ئەگەر پارەی زۆر بوو، یان زەلام دەکوژێت، یان ژن دەهێنێت. ئێستا پیاو ئەگەر نەوتی زۆر بوو، ئیدارەی نوێ پێکدێنێت.

تۆ لەوە گەڕێ شەرم لەوە ناکەنەوە کە وڵاتیان پێ بەڕێوەناچێ، بە چارەکە سەدەیەک کارەبای دوو شار و لەتێکیان پێ دابین نابێت، بەو تەمەنەی دوبەی لە بیابانەوە بوو بە چەقێکی بازرگانیی دونیا، ئەمان کوردستانیان لە سێ پارێزگاوە کرد بە چەند کانتۆنێک، خەڵک وایەری کارەبای بردە ژێر زەوی، ئێمە چەپکە وایەری مولیدەمان بە ئاسماندا پەخش کرد. کەچی چەرمی رووی هەندێکیان هێندە ئەستوورە، نەرمە هەڕەشەی دوو ئیدارەییش دەکەن، ئاخر ئەگەر حیزبی دەسەڵاتداری کوردی، ئەوەندەی خاوەنی پرۆژەی بازرگانییە، چارەکی ئەوە پرۆژەی سیاسیی هەبووایە، ئێستا کوردستان لە سویسرا دەچوو. ناهەق نین کرمی دوو ئیدارەییتان دەجووڵێ، ئاخر ساڵانی ساڵ، پارە بۆ دوو گیرفانە، سیاسەت لە دوو بەرەیە، چەک دوو رەنگە و بازرگانیی نەوت هی دوو کۆمپانیایە، خۆ کوردستان دەمێکە دوو کۆرییە.

بڕیار لە پارێزگابوونی شارێک دەدەن کە رێستورانتێکی ماقووڵی تێدا نییە، هێشتا تابلۆ بۆ بارەگا دروستنەکراوەکەی ئەو پارێزگایە نەنووسراوە، شەڕە لەسەر پۆستەکانی. پێدەچێ پیاوی بێ ئیشیان زۆر بن، بۆیە داوای دوو ئیدارەیی دەکەن، ئاخر ئەوکات لە بری سەرۆکێ دووان، لە جیاتی بیست وەزیر چل و لە شوێنی پایتەختێ یەک و نیومان دەبێت.

ماشەڵاتان لێ نەبێت لە تەگبیر و تەدبیرتان، ئاخر ئێمە نیازمان وابوو بەرەو خودموختاریمان ببەن، نەک بمانکەن بە (جووت) موختاری، جا ئەو بستە خاکەی ناوتان ناوە هەرێمی کوردستان، خۆی چەندە ئەم کانتۆنی لێ دابنێت و ئەوانی دیکەش فرەئیدارەیی؟ ئێوە ئەگەر هیندستانتان بە ملیارێک خەڵکەوە لەبندەست با، چەند کانتۆنتان لێ چێ دەکرد؟

جا خۆ ئەردۆگان وەک ئێوەی بکردایە نەک تورکیا، ئیستەنبوڵ دەبوو بە شەش ئیدارە، ئاخر هەر ئیستەنبوڵ، سێ ئەوەندەی هەرێمەکەی ئێوە خەڵکی تێدایە. چینی میللی، ئەگەر وەک ئێوە سیاسەتی بکردایە ئێستا دەبووە سیی و سێ دەوڵەت، ئێوە پتر لە عەرەبی یەمەن و هی لیبیایی دەچن، ئەها ئەوانیش هەر گوندە و دەوڵەتێکە، هەر سەرخێڵێ، سەرکردەیەکە، ئەوان قات دەخۆن، ئێوە بە قاتەوە دەمانخۆن.

باسی دوبەی مەکەن زمانتان خوار دەبێ، ئاخر ئەوان زوو زانییان خۆیان عەقڵیان کەمە، چوون هی باشیان لە دەرێڕا هێنا و پارەیان پێدان و وڵاتیان بۆ دروستکردن، ئێمە لە دەرێڕا دێن، پارە و ڕاوێژمان دەدەنێ و بەقسەشیان ناکەین. ئەو گەنجەی لە ئیجەدا دەخنکێ، گرنگ نییە خەڵکی بندەستی کام ئیدارەیە، گرنگ ئەوەیە لە ڕژێمی کوردستان هەڵاتووە، ئێوە شەرم لەوە ناکەنەوە وڵاتێک دابەش بکەن کە خەڵک لێی هەڵدێن؟



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەوەی پارتی بە بارزانیی کرد

1

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی قەیرانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، خودی پارتییە. جیا لەوەی کە لە دوو ساڵی رابردوودا هیچ پلانێکیان بۆ بیستی ئاب پێ نەبوو، هاوکات متمانەیەکی لە رادەبەدەریشیان بە رکابەرە مێژووییەکانیان هەبوو. بێ پلانیی پارتی وەکو حیزب سەرچاوەی ئەو متمانەیە بوو، نەک ئەوەی رکابەرەکانی هێندە متمانەیان لەخۆیان نیشان دابێت کە وایکردبێت پارتی تووشی ئەو خەیاڵە بێت.

جیا لە هەموو فاکتەرە مێژووییەکان، ململانێ و بارودۆخی ئیقلیمی و ئەو قۆناغە ئینتیقالییە (بە دیاریکراوی ئەو قۆناغە ئینتیقالییە) و هاوکات ئامانجەکانی بارزانی، نەیانتوانی وابکەن بەبێ بەکارهێنانی فاکتەری بارزانی (کە ئەمڕۆ ناو و ناوبانگێکی جیهانییە و پارتی زۆر هەرزان خەرجی دەکات) رکابەرەکان لە گۆشەیەکدا قەتیس بکەن و، هەمان ئامانج بە زیادەوە بەدەست بێنن کە دەیانویست.

نیگایەکی زۆر سادە بە شابلۆنی سیاسیی کوردستان و سەرکردایەتیی حیزبەکان لە ئەمڕۆدا، ئەوە دەردەخات کە نە کەس تالیبی جێگەی بارزانی بووە و نە کەسیش توانای بەجێگەیاندن و هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی هەیە. نموونەیەکی زۆر ئاسان ئەوەیە کە دەکرا پارتی واز لە خۆهەڵواسین بە ئێستا و مێژووی بارزانیدا بهێنێ و تۆپەکە بخاتە گۆڕەپانی رکابەرەکانی. دەکرا پارتی لەجیاتی پێداگیری لەسەر مانەوەی بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە، ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە (یان بە قەولی رکابەرەکان کە وەک پۆست مامەڵەی لەگەڵ دەکەن) بخاتە بەردەم کەسانی دیکە. بۆ نا؟ با پێش ئەوەی وەک هەمیشە چاوەڕێی بارزانی بن لە دوا ساتەکاندا گرێکوێرەکانیان بۆ بکاتەوە، پێشنیازیان کردبایە کە سەرۆک ئەو بەرپرسیارێتییە حەواڵەی بەرامبەرەکانی لە یەکێتی و گۆڕان بکات. ئایا ئەوان ئامادە بوون ئەو بەرپرسیارێتییە وەربگرن؟! کاردانەوەی رای گشتی چی دەبوو؟ کاردانەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چی دەبوو؟ پارتی دەیتوانی سەروەرییەکی دیکە بۆ سەرۆکەکەی تۆمار بکات. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ پارتی دەیکات، واقعییەت و شەرعییەتی سەرکردەیەکی مێژوویی (سەرباری هەموو ئەوەی نەیارانی دەیکەن) خستووەتە بەردەم دانوستاندن و رێککەوتنی حیزبی! ئەوەی گەورەترین غەدری لە بارزانی کردووە، پارتییە نەک کەسی دیکە.

## سەرچاوەی قەیرانەکانی کوردستان

2

سەرچاوەی قەیرانەکانی ئەمڕۆی کوردستان، نە بڕینی بودجەیە و نە شەڕی داعش. راستە هەردووکیان دوو تەحەددای گەورەی بەردەم کۆمەڵگای کوردستانن، بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی کوردستان لە ئەنفال و کیمیاباران، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ زیندان و ئەشکەنجە، فیداکاریی پێشمەرگە بەرامبەر دڕندەترین سوپای ناوچەکە و، خۆڕاگریی گەلانی کوردستان بەرامبەر بە جۆرەها ئابڵوقەی ساڵانی نەوەتەکان، دەبینین کە میللەتێکی بەئەزموونین و ئەوەی ئێستا روودەدات موفاجەئە نییە. ئەدی موفاجەئەکە چییە؟

راستییەکەی حیزبەکانی ئێستا، زۆر جیاوازن لە حیزبەکانی ئەو سەردەمە. حیزبەکان (تەنانەت ئەوانەی دوای راپەڕینیش دروست بوون) هەموویان لەسەردەمێکی مێژووییدا گیریان خواردووە و لەگەڵ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قۆناغی نوێدا تووشی قەیران بوونە. هەموو قەیرانەکانی ئێستا بێ کەم و زیاد، دەرهاوێشتەی قەیرانی ناوخۆیی حیزبەکانن کە دەبێ تێکڕامان باجەکەی بدەین. یەعنی قەیرانی ناو پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و حیزبەکانی دیکە، فاتوورەکەی بۆ میللەتە.

ئەگەر پارتی توانیبای بەقەدەر گوتاری نەتەوەیی باسی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بکات، ئەگەر یەکێتی توانیبای دوای تاڵەبانی کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات، ئەگەر گۆڕان توانیبای بۆ دەنگدەر و شوێنکەوتووانی ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی لە ئۆپۆزیسیۆنەوە چووە ناو دەسەڵات، ئەگەر یەکگرتوو توانیبای روونی بکاتەوە چەندە باجی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی داوە و کۆمەڵیش جورئەتی ئەوەی هەبایە کە ئەمارەتی ئەمیر وەک زێروو لەسەر قەیرانی ناو حیزبەکانی دیکە دەژییەت، ئەوکاتە تابلۆی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان زۆر روون دەبوو و هەڵگرتنی ئەو بارە لای میللەتیش ئاسان دەبوو. حیزبەکانی کوردستان لەو سەری راستەوە تا چەپ و ئیسلامییان لە ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا تووشی شکست هاتوون و، خۆیان لە پشت پەردەی ریفۆرمی حوکمڕانیدا حەشارداوە. ئەگەر کۆمەڵگایەکی تەندروستمان هەبایە، سیستەمی حوکمڕانیمان هیچ عەیبی نەدەبوو. ئەوان هەموو درۆ لەگەڵ ناوی خۆیان دەکەن، چ جای ئەوەی کە لەگەڵ میللەتی نەکەن! نە گەشەکردنی ئابووری و نە ریفۆرمی حوکمڕانی دەرمانی دەرد و چارەسەری قەیران نییە. ئەو گەنجەی لە کوردستانەوە رێگەی هاتونەهات دەگرێ، نە کێشەی دەسەڵاتی هەیە و نە کێشەی گەشەکردنی ئابووری، بگرە کێشەکەی ئەوەیە کە هەموو ژیان و ئازادییەکانی، خەون و ئارەزووەکانی کراوەتە قوربانیی سەفقەکانی دەسەڵاتداریی کوردستان، واتا هەموو بە شێوەیەکی یەکسان یاری بە خەون و ئازادییەکانی تاکی کوردەوە دەکەن.

## هەڵبژاردنی پێشوەختە

3

لایەنەکان قۆڵ قۆڵ کۆدەبنەوە و لە هەمان خاڵی جەوهەری کە جۆری هەڵبژاردنی سەرۆکە گیریان خواردووە. بەپێی عورف لە دنیادا، لەو حاڵەتەدا یان مەرجەعیەتێکی دەستووری (کە لە کوردستان نیمانە) یانیش ریفراندۆم ئەو مەسەلەیە یەکلایی دەکاتەوە. کەچی لە کوردستان، باس لە هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکرێت! لە تورکیا رێگەی تێدەچێت پاش دوو مانگی دیکە بچنەوە سەر سندووق، چونکە حیزبی حاکمی پێشوو، ئاکپارتی ئەگەر چەند کورسییەکی زیاتر لە پەرلەمان بهێنێ، دەبێتەوە حاکم. لێرە چی؟ بۆ چی رووی داوە تا پێمانوابێت هەڵبژاردنێکی پێشوەخت گۆڕانێکی دراماتیکی بەسەر تەرازووی هێز لە کوردستاندا دێنێت؟ ئایا لە کوردستان بواری حوکمی زۆرینە هەیە؟ سەرۆکایەتیی هەرێم چی لێ دێت؟ مادام پارە و کات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەیە، ئەی بۆ هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم ناکەن و کێشەکە کۆتایی بێت؟!



عومەر ئەحمەد

# کوردستان و مەترسییەکانی داڕمانی ئابووری

لە کاتێکدا سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات لە دانوستاندندان، لە ساڵی 2014 وە هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی داراییدا تێدەپەڕێت و ئێستاش قەیرانی سیاسی هاتووەتە سەر. دابینکردنی بژێویی خەڵکی کوردستان لە هەموو کات ئەستەمتر بووە، گەواهیی ئەوەش راگەیاندنە توندەکانی هەردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایین کە لە ماوەی رابردوودا لە دژی یەکتر بڵاویان دەکردنەوە. لەو بەیاننامانەدا زۆر بەڕوونی دیار بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند لە لێواری داڕمانی ئابووری نزیکبووەتەوە و بۆ دابینکردنی مانگێک مووچەی فەرمانبەران چەندە رێگەی پێچ و پەنا دەگرێتەبەر، خۆ ئەگەر گرێکوێرەیەک لەو پرۆسەیەدا دروستبێت، ئەوا دەستبەتاڵ دەمێنێتەوە.

کاتێک لە سەرەتای ساڵی 2014، دەسەڵاتدارانی کوردستان بیریان لە سەربەخۆیی ئابووری دەکردەوە و دەستیان بە هەناردەکردن و فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت کرد، نرخی بەرمیلێک نەوت زیاتر لە 100 دۆلار بوو. ئەوان دایاننابوو ئەگەر تەنیا رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکەن و بیفرۆشن بە نرخی 100 دۆلار، ئەوا مانگانە 750 ملیۆن دۆلاریان دەستەبەر دەکرد کە دەیکردە مووچەی هەموو فەرمانبەران. بەڵام لە بێبەختیی کورد، هەر کە ئەو بوو بە خاوەنی نەوت و توانی رێژەیەکی بەرچاو نەوت بەرهەمبهێنێ و هەناردەی بکات، نرخی ئەو کاڵایە کە خەریکە ستراتیژیبوونی خۆی لەدەست دەدات، داڕما. ئێستا بەرمیلێک نەوتی ئەمریکی بە ئەستەم 40 دۆلار دەکات و نەوتی برێنتی دەریای باکووریش 45 دۆلار زیاتر ناکات، چ بگات بە نەوتی کوردستان. لەبەر ئەوەیە تەنانەت بە هەناردەکردنی رۆژانە 550 هەزار بەرمیلی ئێستا بە نەوتی کەرکووکیشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەستەم دەتوانێت مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی دابین بکات، جگە لەوەی لێرەو لەوێ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لە کوردستان هاواریان لێ بەرز بووەتەوە و داوای دەستحەقەکانیان دەکەن کە ماوەیەکی درێژە دواکەوتووە و ئەگەر پێیان نەدرێت، ئەوا کار لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان دەکات و دایدەبەزێنێت، ئەوەش خۆی دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی داهاتی نەوتی کوردستان.

دابینکردنی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان لەڕێی هەناردەکردنی راستەوخۆی نەوتەوە چەندین جۆرە مەترسی لەسەرە کە جگە لە مەترسییە سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکانی وەک رەوشی ئاڵۆزی ئێستای تورکیا و دەستپێکردنی دووبارەی شەڕ و هەروەها بارودۆخی ناوخۆی عێراق و ئەگری تەگەرە دروستکردن بۆ هەناردەکردنی راستەوخۆی نەوتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە، ئێستا مەترسیی نرخەکان و مەترسی خواست و دابینکاریشی کەوتووەتە سەر. کاریگەریی مەترسییە جیۆپۆلیتیکییەکان زۆر ئاشکرایە، هەفتەی رابردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رایگەیاند کە زیاتر لە 500 ملیۆن دۆلار بەهۆی تەقاندنەوە و پەکخستنی بۆڕی نەوتی کوردستان-جەیهان زیانی کردووە کە بەرابەرە لەگەڵ نیوەی بودجەی مانگێکی هەرێمی کوردستان. مەترسیی نرخەکانی نەوتیش تا لە کۆتایی ئەمساڵ نزیک دەبینەوەو بەرەو 2016 دەڕۆین، زیاتر دەبێت. مانگی رابردوو نرخی نەوتی برێنت لە نزیکەی 65 دۆلارەوە لە ماوەی 30 رۆژدا گەیشتە 45 دۆلار و 20%ی بەهای خۆی لەدەستدا. ئەوە بەو مانایە دێت کە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێواز بە رێژەی 20% کەمی کردووە. پێشبینی دەکرێت لە کۆتاییەکانی ئەمساڵ و بەگەڕاندنەوەی ئێران بۆ بازاڕی نەوت، هێشتا نرخی نەوت زیاتر دابەزێت. ئەمەش لە کاتێکدایە ئێستا نزیکەی 3 ملیۆن بەرمیل نەوتی زیادە لە بازاڕدایە و ئەگەری دابەزینی زیاتری نرخی جیهانیی نەوت هەیە و پێشبینیکراوە تا نیوەی ساڵی داهاتوو بەو ئاراستەیە بڕوات.

لە ژێر رۆشنایی ئەو هەموو مەترسییە کە لە بەردەم دابینکردنی بژێویی ژیانی فەرمانبەران و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، زۆر پێویستە لایەنەکانی بەشدار لە حکومەتی بنکە فراوانی هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە ئێستا ستوونەکانی لەرزیون، پێکەوە هاوکاربن و خەمێکی جددی لەو رەوشە بخۆن. هیچ نەبێت لەگەڵ یەکتر بگەنە رێککەوتنێک و پرسە سیاسییەکان یەکلایی بکەنەوە، چونکە خراپتربوونی رەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستان هەمووان بەیەکەوە نوقم دەکات، تا رادەیەک کە بە قەرزی دەرەکیش، ئەگەر بتوانێت وەریبگرێت، چارەسەری ئەو رەوشە ناکرێت، نەخاسمە لە ئێستادا کە تووشی شەڕێکی نەخوازراو هاتووە لە دژی تیرۆریستان.



ناسر باباخانی

# بژاردەکانی کۆمەڵگا و کەلێنەکان

لە کۆمەڵناسیی کلاسیکدا، چەمکی کەلێن (Cleavage) زیاتر بریتییە لە دابڕان و جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگای سوننەتی و کۆمەڵگای مۆدێرن، بەڵام لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا ئەم چەمکە زۆر بەربڵاوتر دەبێ، بە واتایەکی دیکە ئەگەر لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا کەلێنەکان کەمتربوون بەهۆی پێکهاتە و ناوەڕۆک و چەشنی پەیوەندییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە، ئەوا لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئاست و جۆری کەلێنەکان زۆر زیاتر خۆی دەردەخا. بۆ وێنە ئەو کەلێنانەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگاکاندا بەدیدەکرێن بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئاینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر رەفتاری سیاسی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن.

ئەم کەلێنانە دواجار دەبنە رێگر لەبەردەم سازبوونی گوتارێکی سیاسیی هاوبەش، دیارە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەهۆی گەشەی ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەم کەلێنانە تا رادەیەکی بەرچاو پڕبوونەتەوە و دەورێکی ئەوتۆیان لە رووداو و رەفتارە سیاسییەکاندا نەماوە، بۆ وێنە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی لەم وڵاتانەدا کەلێنی چینایەتی گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە ئەم چەشنە کەلێنانە زۆر شوێندانەر نین لەسەر رەوتی پێشهاتە سیاسییەکان، بەڵام ئەگەر لەم وڵاتانە مەودا بگرین و بێینە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی وڵاتێکی وەک ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم کەلێنانە نەک هەر پڕنەبوونەتەوە، بەڵکو بەهۆی کولتووری تایبەتی داسەپاو رۆژ بە رۆژ زیاتر بوون.

ئەم کەلێنانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساتەوەختی ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک بەدیدەکرێن تەنانەت زۆر جاران دەگاتە ئاستی رووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار بۆ داهاتوو. بۆیە دەبێ میکانیزمگەلێک بدۆزرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە، رەنگە بۆ ئەم مەبەستەش رێنیشاندەری بژاردەکانی کۆمەڵگا (Elite directing) باشترین میکانیزم بێ لەم زرووفە زەمەنییەدا.

بژاردەکان وەک "کارگێڕانی گۆڕان" پێناسە دەکرێن کە توانایەکی شوێندانەریان هەیە بۆ ئەوەی رووداوەکان بۆ لایەکی تایبەت و دیاریکراو بەرن یان تەنانەت بەر بە روودانی پێشهاتێک بگرن، دیارە مەرج نییە ئەم بژاردانە تەنیا و تەنیا سەرکردەی سیاسیی حیزبێک بن، رێک بەپێچەوانەوە بەپێی بارودۆخی رۆژهەڵات ئەوە نووسەران، هونەرمەندان، چالاکڤانانی مەدەنی، رۆژنامەوانان و ئەدیبانن کە دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە و هاوتەریبییەکی سیاسی بۆ سازدانی گوتارێکی هاوبەش سازدەن.

کێشەیەک کە لێرەدا خۆی دەردەخا، ئەوەیە کە خودی بژاردەکان لە ناوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵات کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیکیان هەیە، "شێوەڕوانین"یان بۆ پرسەکان لێک دوورە و رەنگە ئەمە گەورەترین مەترسی بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتی ناتوانێ ببێتە هۆی رووخانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ئاڵوگۆڕێکی بچووکیش، ئەزموونی 35 ساڵی رابردوو سەلمێنەری ئەم راستییەن. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ناوخۆ و دەرەوە وەک یەکەم هەنگاو پێویستە رەخنەیەکی نێوگوتاری لە هەردوولا ساز بێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەستنیشان بکرێن و دواجار ئەم دوو هێڵە لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکڕا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی باسمان لێوەکردن.

لەڕاستیدا دەکرێ قایل بە سێ فەزای تایبەت بین: فەزای ناوخۆی رۆژهەڵات، فەزای دەرەوەی وڵات (حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگەنشین) و فەزای مەجازی. دۆخی ئەم سێ فەزایە بەگشتی لێکتر جیاوازە، رەنگە گەورەترین جیاوازییەکەش ئەوە بێ کە بزووتنەوەی مەدەنی لە ناوخۆ بێ سەرە و رەهەندە رێکخراوەییەکانی لاوازە، بۆ وێنە ئەو جووڵانەی لەناوخۆ سازدەبن بەردەوام نابن و لەسەر یەک کەڵەکە نابن، ئەم رووداوە کۆمەڵایەتی سیاسییانەی ناوخۆ وەک کارگ هەڵدەتۆقن بۆ ماوەیەکی کورت و سەرلەنوێ دادەمرکێنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، لەلایەکی دیکەوە فەزای دەرەوە تاڕادەیەک لەباری بوونی پلانێکی ستراتیژیک و رەهەندی فکرییەوە لاوازن. بەڵام وەک خاڵی ئیجابی دەرەوە خاوەنی سیستمێکی رێکخراوەیی بەئەزموونە و ناوخۆش پتانسیەلێکی باشی لەباری رەهەندی فکرییەوە هەیە، پەیوەندی راستەوخۆی ئەم دوو لایەنە بەهۆی دۆخی دیکتاتۆری لە ئێران نابزوێ، بۆیە فەزای سێیەم واتە فەزای مەجازی و سۆشیال مێدیا کە نوێنەرانی هەردوو لای تێدایە دەتوانێ ببێتە ئاڵقەیەکی بەهێزی پەیوەندیی نێوانیان، شوێنێک کە هەموو لایەک لێکتر گرێدەدا، هەربۆیە ئەرکی بژاردەکانی کۆمەڵگا ئەوەیە لەڕێی ئەم فەزایەوە هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنەکان بدا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



عەبدوڵلا عالایی

# سەلەفیەت و هەڕەشە لە ئاسایشی کوردستان

سەلەفیەتی جیهانی لە دنیابینی ئاینیی خۆیدا، پرسی (ولي الأمر) بە چەقێکی عەقیدەیی دەزانێ. هەرچەندە بەپێی دەقی قورئان بێت، تەنێ چەمکی (اولي الأمر)مان هەیە، واتە: مشوورخۆرانی میری و دەسەڵات، بە شێوەی کۆ نەوەک تاک، بەڵام بە شێوێندراوی لە فیقهی کلاسیکی و گوتاری سەلەفیەتدا، ئەم چەمکە قورئانییە بە (ولي الأمر) مشوورخۆری دەسەڵات، بە شێوەی تاک، ڕۆیشتووە و چەسپاوە. بۆیە هەر لەژێر هەمان دید و تێڕوانینی خۆیاندا، نەشتەری ئەم چەمکە و پاشخانە هزرییەکەی دەکەین.

وەلی ئەمر چەمکێکی تەواو کلاسیکیی شەرعییە، ئەگەر جاران بۆ میر و خەلیفەکان بەکاردەهێنرا، ئەوا ئەو سەردەم و واقیعە بەسەرچوو. وا سەدەیەک زێدەترە، دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، جیهانی ئیسلامی سیستەمی حوکمڕانیی کلاسیک (خیلافەت)ی تێپەڕاندووە و پێی ناوەتە نێو میکانیزمە مۆدێرنەییەکانی حوکمڕانی. لێرەدا ئەوەی مایەی لەسەر وەستانە: سەلەفیەت لە بنەچەدا باوەڕی بە دیمۆکراسی و میکانیزمە مۆدێرنەکانی بەڕێوەبردنی وڵات نییە، بە گوێرەی فەتوای گەورە مەرجەعەکانی سەلەفیەتی جیهانی بێت (هەڵبژاردن، حیزب، پەرلەمان، دیمۆکراسی و سیکۆلاریزم) هەمووی بڤەی شەرعین و شیرکن. کەچی هەر خۆیان، ئەم چەمکە کلاسیکییەی (وەلی ئەمر) بۆ سەرۆکی وڵاتە مەدەنییە سیکۆلارەکان وەکاردێنن! دوور نەڕۆین، با کوردستانی خۆمان بە نموونە وەربگرین. سەرۆکی هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەیگوتووە و لێی نەبیستراوە بڵێت: من وەلی ئەمرم. بەڵکو وەک (سەرۆک)ێکی پێبەند بە سیستەمە مۆدێرنەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، خۆی ناساندووە. ئاخر ئەو لەڕێی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە، بووەتە سەرۆک. لە کاتێکدا سەلەفیەتی جیهانی باوەڕی بە هەڵبژاردن نییە و ئەو فۆرمە لە هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی بە بێشەرعی و لادانی گەورەی عەقیدەیی هەژمار دەکات و هەر لە بنەڕەتەوە پەرلەمانی بەلاوە شیرکە. کەوابوو گشت ئەو ڕێگە و ئامرازانەی کەسێکی پێ دەبێتە سەرۆک لە وڵاتێکی مەدەنی و سیکۆلاردا، بێشەرعی و ئامرازی پووچن. دەی ئیدی کە کەسێک بە ئامرازی ناشەرعی گەیشتووەتە دەسەڵات و میری، چۆن چەمکێکی شەرعی لە تاریف و پێناسی ئەم بێشەرعییە وەکاردێت؟ مەگەر ڕێساکە نالێت: (ما بني على الباطل فهو باطل). ئەمەش یەکێکە لە پارادۆکسەکانی سەلەفیەتی جیهانی بە کوردستانیشەوە.

لە ڕێبازی سەلەفیەتدا، بۆ بوون بە (وەلی ئەمر)ی وڵاتێک، یەکێک لە ڕێگەکان (الحاكم المتغلب)ە. واتە: گاهێک موسڵمانێک بە شمشێر و بە تۆبزی دەسەڵاتی گرتە دەست و کەوتە سەر حوکم، ئیدی گوێڕایەڵیی واجب دەبێت. ئەو کەسە دەبێتە (وەلی ئەمر) و دەرچوون لە دەسەڵاتەکەی، دەرچوونە لە دەسەڵاتی شەرعی و دەرچووانیش حوکمی (خەواریج)یان هەیە کە بەپێی ئەدەبیاتی کەلەپووری ئیسلامی بە (كلاب اهل النار) سەگەکانی دۆزەخ تاریف و ناوزەد کراون.

بەڕێز د. عەبدوللەتیفی گەورە سەلەفیی کوردستان، لە کەناڵەکەی خۆیان (ئامۆژگاری)دا، دەڵێت: (بوونە وەلی ئەمر چەند جۆر و ڕێگەیەکی هەیە، یەکێک لەوان دەسەڵاتی غەلەبە و (الحاكم المتغلب)ە. کەسێک بە هێز و شمشێر حوکمی کەوتە دەست، ئیدی سەمع و تاعەتی واجبە وەکو وەلی ئەمر).

ئەوەی ئەم سەلەفییە کوردە دەیڵێت، هەمان دید و تێڕوانینی مەرجەعەکانی سەلەفیەتە، بگرە هی بەشێک لە گەورە زانایانی سوننە مەزهەبیشە. هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە کەسێک بە زۆرداری دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیدی ئەویان وەلی ئەمر و خەلیفەی موسڵمانانە.

پێشەوای سەلەفیەتی نوێ و دامەزرێنەری (وەهابیەت)ی جیهانی (محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب) لە لاپەرە (932) بەرگی (7)ی کتێبی (الدرر السنيه)دا دەڵێت: (الأئمة مجمعون من كل مذهب على ان من تغلب على بلد او بلدان , له حكم الإمام في جميع الأشياء).

واتە: (پێشەوایان لە هەموو مەزهەبێک لەوەدا کۆکن کە کەسێک بە زۆر و زەبری هێز، دەسەڵاتی بەسەر شار و ناوچەیەکدا گرت، ئەوا حوکمی ئیمام و پێشەوای لە هەموو شتێکدا هەیە).

تەواوی مەرجەع و شێخە گەورەکانی دیکەی سەلەفیەتی جیهانی، نموونەی: (شيخ ابن باز, شيخ عبداللطيف ال الشيخ, شيخ الباني, شيخ عثيمين, شيخ عبدالعزيز راجحي, شيخ صالح ال الشيخ, ربيع المدخلي..) هەمان را و فەتوایان دەربارەی ئەم بابەتە هەیە. ئەگەر نموونەیەکی بەرچاویش وەربگرین، کاتێ ئینقیلابی (سیسی) بەسەر (مورسی)دا کرا، سەلەفیەکانی میسر، هەموویان شەرعیەتیان بە دەسەڵاتی (سیسی)دا و گوتیان: بەپێی ڕێسای (حاكم المتغلب) سەمع و تاعەتی وی واجبە و ئێستە ئەو وەلی ئەمرە.

بە گوێرەی بنەواکانی سەلەفیەت بێت بۆ بوونە وەلی ئەمر لەڕێی دەسەڵاتی (غەلەبە)وە، ئەوا ڕێکوپێک (داعش) دەگرێتەوە. ئاخر (داعش)یش هەر بە هێز، لە بری شمشێر بە تۆپ و فیشەک، دەسەڵاتی لە (مووسڵ)دا کەوتە بن دەست. ئەوەی لەسەر کورسیی حوکمی دەوڵەتەکەیانە (ئەبوبەکری بەغدادی)، ئەویش وەلی ئەمرە، چونکە بە زۆر و زەبر دەسەڵاتی گرتووەتە دەست و بە زەبری شمشێر و هێز ئێستا دەسەڵاتداریی ئەم شوێنە دەکات. ئیدی ئەوە ئەو جۆرەیە کە لە فیقهی کلاسیکی و کەلەپووری سەلەفییدا، بە (حاکمی موتەغەلیب) دانراوە.

بە پێوەرەکانی هزری سەلەفیەت بۆ حوکمداری و قەزاوەت بێت، ئێستا ڕاستگۆترین حوکمی دینی و ئیسلامی لە مووسڵ پیادە دەکرێت. مەگەر سەلەفیەت داوای: (کوشتنی مورتەد- فەرزکردنی نیقاب- جێبەجێکردنی قەساس- جزیە- ڕەجم — سەبایە و جاریە ...) ناکات؟! مەگەر باوەڕی تەواویان بەم بابەتانە نییە؟ بگرە بە دین و ئیمانی دەزانن و زۆر بە ڕاشکاوییەوە بانگەشەی بۆ دەکەن، ئافەرینیش کە وەها ڕاشکاوانە دنیابینی دینیی خۆیان بەیان دەکەن.

لە گوتار و عەقیدەی سەلەفیەتدا، فەرمانڕەوا ئەگەر زاڵم و گوناهبار و لادەریش بوو، مادام کافر نەبووبێت، ئەوا هەر (وەلی ئەمر)ی موسڵمانانە.

د. عەبدوللەتیف لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لە (یوتیوب)دا هەیە، هەمان عەقیدە دووپات دەکاتەوە و بە ڕاشکاوی دەڵێت: (ئەگەر وەلی ئەمر زوڵمی کرد و لێشی دایت، هەر دەبێ بێدەنگ بیت و گوێڕایەڵی هەڵبژێری). ئەم بەڕێزە و تەواوی سەلەفیەت، لەم عەقیدەیەدا، پشت بە بەناو حەدیسێک دەبەستن، گوایە پەیامهێنی خودا (د.خ) فەرموویەتی: تَسْمَعُ وَتُطِيعُ لِلأَمِيرِ, وَإِنْ ضُرِبَ ظَهْرُكَ, وَأُخِذَ مَالُكَ, فَاسْمَعْ وَأَطِعْ.

واتە: (گوێڕایەڵی ئەمیر بە، خۆ ئەگەر لە پشتی دایت و ماڵی تالان کردیت. هەر گوێ بگرە و گوێڕایەڵی بە.) تەنانەت لە هێندێ ڕیوایەتدا هاتووە: خۆ ئەگەر نامووسیشی ئەتک کردی، نابێت بێیتە قسان و جەواب.

کەوابوو: هەر بەم قسانەی خودی ئەم سەلەفیە کوردە بێت، داعش خۆ ئەگەر تاوان و لادانیشیان هەیە و زوڵم لە خەڵکی دەکەن، ئەوا هەر (وەلی ئەمر)ن و گوێڕایەڵییان واجبێکی ئاینییە.

تاکی سەلەفی ئەگەر ڕاستگۆ و ڕاشکاو بێت لەگەڵ ڕێبازەکەی خۆیدا، دەدان بە ڕەوایەتیی دەسەڵاتی داعشدا دەنێت. ئەو پرسیارەی کە دەبێت بکرێت و ناکرێت: سەلەفیەکانی مووسڵ چییان بەسەر هات؟ بێگومان ئەو ڕێژە زۆرەی سەلەفیەکانی مووسڵ، دەدانیان بە شەرعییەتی دەسەڵاتی داعشدا ناوە و وەک وەلی ئەمر لە داعش دەڕوانن و لەژێر سێبەری ئەواندا لێی پاڵکەوتوون.

لێرەوە مەترسیی گوتاری سەلەفیەت بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانەوە بە دیار دەکەوێت. چونکە خوانەکردە بەیانی داعش هێزی بەسەر کوردستاندا شکا، یان داعشە خەوتووەکانی نێوخۆ، بە زەبر و زۆر کەوتنە سەر حوکم و ئینقلابیان کرد، بە عەقیدە و تێفکرینی سەلەفییانە بێت، داعش لە کوردستاندا دەبێتە (الحاكم المتغلب) کە گوتمان جۆرێکە لە ڕێگەکانی بوونە (وەلی ئەمر)ی شەرعیی وڵات. گاهێ لایەنێکیش دەبێتە وەلی ئەمر، دەرچوون لێی حوکمی خەواریجە و خەواریجیش بە سەگەکانی ئاگر هەژمار کراون. بەمەش بۆ پێشمەرگە و خەباتکەران و نیشتمانپەروەران نییە، بەرهەڵستییان بکەن و چەک بە ڕوویاندا هەڵبگرن. هەموو هەستانەوە و خۆپێشاندان و ڕژانە سەرشەقامی ئازادیخوازان و مافخوراو و شۆڕشگێڕان، خروجە لە حوکمی وەلی ئەمر. دەی بەم لۆژیکە (بێ لۆژیکە)ی سەلەفییەت بێت، هەموو ئەو لاو و قوتابی و نیشتیمانپەروەرە کوردانەی لە حەفتا و هەشتاکاندا، لە دژی ڕژێم و دەسەڵاتدارانی بەعس و بەغدا ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان کرد، خەواریج و لادەر و سەگی ئاگر بوون.

لە حاڵەتێکی وەهادا، تاکی سەلەفی، باوەڕی بە خەبات و بەرەنگاری و شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی نییە و نابێت لەگەڵ عەقیدەی خۆی دوورڕوویی بکات و لە گوێڕایەڵی و فەرمانی وەلی ئەمر دەربچێت.

دەسەڵاتی کوردی، هەردوو حیزبە باڵادەستەکە (پارتی و یەکێتی) هەڵەیەکی ستراتیجیی دەکەن لە بەسەلەفیکردنی دینداری و پشتگیریی ماددی و مەعنەویی سەلەفیەت لە کوردستاندا. ئەو ئیمانە قووڵەی ئەوان بە گومانی دژایەتیی حیزبە ئیسلامییەکان لەڕێی سەلەفییەتەوە، هەیانە، بەر لە هەر لایەنێک، سەری خۆیان دەخوات و بە فەتارەیان دەبات. ئیسلامییەکانی کوردستان، ئەگەر لەلایەنی کۆمەڵایەتی و هزرییەوەش هێشتا نەکراونەتەوە و نەهاتوونەتە نێو دنیابینیی مۆدێرنەوە و دۆگمان، ئەوا لەڕووی سیاسییەوە تەسلیم بە واقیعەکە بوونە و جێی هەڕەشە نین، مەگەر وا لەگەڵیان لە جومگەکانی دەسەڵات بەشدار نین؟ هیچ بەرهەڵستییەکیان لە ئامراز و شێوازەکانی حوکمڕانیی سیکۆلاری و مەدەنی نییە. جوداوازیی جەوهەریی نێوان ئیسلامی و سەلەفییەکان، لە یەک چەتە: ئیسلامییەکان قابیلی گۆڕان و کرانەوە و چاکسازین، ئەمما سەلەفییەکان، ڕەوتێکی تەواو داخراون و بەهیچ شێوەیەک قابیلی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری و کرانەوە نین و بە موو لادان لە بنەوا و بنەچەکانی ڕێبازەکەیان، بڤە و لادانی دین و ئیمانە. سەلەفییە لە ڕوویەکەوە جێی ئەمان نییە کە وەک شیعەگەرێتی تەواو باوەڕی بە مەرجەعیەت هەیە و پێبەندیی پێیەوە بە ئیمان دەزانێت.

ئیتر لە سایەی واڵاکردنی دەرگە و پاڵپشتیی ماددی و مەعنەویی دەسەڵاتی کوردی، سەلەفییەت لە ئێستەدا، وەک حیزب مامەڵە دەکەن. ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، هاریکاری و مەرجەعیەتێکی تۆکمەیان هەیە. کە وەکو (حیزب)یش خۆیان ڕاناگەیەنن، ئەوە مانای حیزبینەبوونیان ناگەیەنێت. خۆ بزووتنەوەی گۆڕان لە ساڵی 2007دا وەکو حیزب خۆی ڕانەگەیاندبوو، کەچی بەشداریی هەڵبژاردنی کرد و دەنگیشی هێنا. لە بنەچەدا گۆڕان هەر حیزب بوو، بەڵام دواتر لە کۆنگرەی یەکەمیاندا لە هەولێر خۆیان ڕاگەیاند. لە زۆر وڵاتی ئیسلامیدا حیزبی سەلەفی بە ڕەسمی هەیە و لە پڕێکدا بەشداری کایەی سیاسی دەکەن. بۆ نموونە: حیزبی نوور و حیزبی نیشتمانیی سەلەفی لە میسر و حیزبی ئیتیحادی سەلەفی لە یەمەن. بۆیە من بە دووری نابینم، لە داهاتوودا سەلەفییەکانی کوردستانیش بە ڕەسمی حیزب ڕابگەیەنن و قەوارەیەکی تایبەت پێکبێنن و بە فراکسیۆنێکی گەورەشەوە لە نێو پەرلەماندا، جێی خۆیان بکەنەوە.

پارتی و یەکێتی بانگەشەی مۆدێرنیتە و سیکۆلاریزم دەکەن، کەچی تا سەر ئێسقان، لە پاڵپشتیی سەلەفییەت، چاولێکەریی دەسەڵات و دەوڵەتی دینیی سعودیە و بگرە ئێرانیش دەکەن. بێ ئاگا لە دەستبەسەرداگرتنی جومگە کۆمەڵایەتییەکان و بە سەلەفیبوونی کۆمەڵگەی کوردی و، بەرهەمهێنانی نەوەیەکی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تۆلێرانس و فرەدەنگی و ڕەنگی و جوانییەکانی دنیای نوێ.

مادام هەر عاشقی چاولێکەرین، خۆزگە لە بری چاولێکەریی خەلیج و سعودیە، چاویان لە پرۆژە ماریفەتییە دینییەکەی (مەهاتیر محەممەد) و وڵاتە پێشکەوتووەکەی (مالیزیا) دەکرد کە هیچ توندڕەوییەکی ئیسلامی و دینیی نەهێشت و بەها جوانەکانی ئیسلامی چەسپاند و لە کەلەپوور و تەدەیونە کارەساتاوییەکەی پاڵافت. سەرئەنجام وڵاتەکەی گەیاندە چڵەپۆپەی پێکەوەژیانی ئاینی و تۆلێرانس، بەبێ هەبوونی هیچ ڕەوت و حیزبێکی ئیسلامی.



هێمن عەبدوڵلا
hemen@rudaw.net

# حکومەتی پاش بنکەفراوان

پێنج حیزبە گەورەکەی کوردستان هێشتا قەیرانێکیان بە دانوستاندنە پێنج قۆڵییەکانیان چارەسەر نەکردووە، خەریکە قەیرانێکی نوێ دروستدەکەن. هێشتا نازانین سەرۆک لەنێو خەڵک هەڵدەبژێردرێت یان لەنێو پەرلەمان، ناشزانین دوو ساڵی داهاتوو سەرۆکێکمان دەبێت سازانی لەسەر کراوە یان نا، کەچی دەبێ سەرقاڵی ئەوەش بین کە چۆن لەدوای هەڵبژاردن حکومەت پێکدەهێندرێت. ڕاستە هەردوو مژار پێکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام هەستی شەشەممان دەربارەی ئەو حیزبانە پێماندەڵێت: ئەو هەویرە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاوی زۆرتر دەکێشێت.

خاڵێکی نوێ کە لە دوایین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیدا زیاد بووە و ڕەنگە قەیران دروست بکات، شێوازی ڕاسپاردنی لایەنێکە بۆ پێکهێنانی حکومەت لەدوای هەڵبژاردنەوە. گۆڕان و یەکێتی پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی دەبێ لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکدا ئەوە دیاری بکرێت کە سەرۆکی ئەو فراکسیۆنەی لەدوای هەڵبژاردن زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەیە، لەلایەن سەرۆکی کوردستانەوە ڕابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. پارتی بەمە ڕازی نییە و دەیەوێ ئەو لیستەی ڕاستەوخۆ لە هەڵبژاردندا دەنگی زۆرینەی هێناوە ڕابسپێردرێت.

ئەمە دەریدەخات ڕوئیای هەردوولا بۆ حوکمڕانی، دوای دانوستاندنەکانیش، هیچ نەگۆڕاوە. چونکە وەکچۆن پارتی داوا دەکات سەرۆک لەنێو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئاواش داوا دەکات سەرۆکی ئەو لیستەی زۆرینەی دەنگی خەڵکی بەدەستهێناوە ڕابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. بەهەمانشێوەش بەرەی بەرامبەر پارتی دەیانەوێ سەرۆک لەنێو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و ئەو فراکسیۆنەش کە لەدوای هەڵبژاردن لەنێو پەرلەمان پێکدێت و زۆرینەی دەنگەکانی وەدەستهێناوە، حکومەت پێکبهێنێت.

ئەوەی هەردوولا داوای دەکەن گونجاو نییە بۆ ئێستای کوردستان. چونکە ئەگەر لیستی زۆرینە حکومەتی پێکهێنا، کە بەئەگەری زۆر پارتی دەبێت، ئەوکات حکومەتەکە لە زۆنی زەرد واوەتر دەستی ناڕوات. ئەگەر فراکسیۆنی زۆرینەش پێکیبهێنێت، کە بەئەگەری زۆر گۆڕان و یەکێتی دەبنە یەک و گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان پێکدەهێنن، دیسان لە زۆنی زەرد دەستیان ناڕوات، کە هەولێریشی تێدایە. بە هەردوو باریشدا دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دوو ئیدارەیی. هەروەها نابێ لەبیرمان بچێت کە مەرج نییە لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا هەر ئەو پێنج حیزبە کورسیی زۆریان لە پەرلەماندا هەبێت. مەرجیش نییە هەریەکە لە یەکگرتوو و کۆمەڵ بەر لە هەڵبژاردن خۆیان یەکلایی کردبێتەوە کە هێلکەکانیان دەخەنە سەبەتەی یەکێتی و گۆڕانەوە یان دەیخەنە سەبەتەکەی پارتی.

بۆیە ڕاست وایە پێکهێنانی حکومەت لە کوردستان بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ واقیعی ئێرە بگونجێت. بۆنموونە لە بەلجیکا شای وڵات کەسێکی سیاسیی ئەزموونداری ڕادەسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کام حیزبانە لەدوای هەڵبژاردن ئامادەییان تێدایە پێکەوە حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن و چەندە چانسی سەرکەوتنی حکومەتەکەیان بەهێزە. ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات ژمارەیەک بژارە دەخاتە بەردەم شا و ئەویش لەسەر بنەمای ئەو بژارانە بڕیار دەدات کە بەرژەوەندیی وڵات لە پێکهێنانی کام جۆر حکومەتەدایە. لە هۆڵەندا ئەو دەسەڵاتی ڕاسپاردنە لە ساڵی 2012ەوە لە شای وڵات سەندراوەتەوە و پەرلەمانی هۆڵەندا بڕیار دەدات کام یەک لەو بژارانەی دەخرێنە بەردەمی چانسی کارکردنیان پێکەوە زۆرترە.

دەکرێ لەو دوو ئەزموونە سوودوەرگرین. بەڵام بە هەموو بارێکدا ئەزموونی حکومەتی بنکەفراوان ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو بوو لە کوردستان. چونکە سەلما چیدیکە ناکرێت هەمووان لەنێو حکومەتدا بن و ئۆپۆزیسیۆنیش بن. هەروەها ناکرێ دوو وەزیر ناکۆکییە سیاسییەکانیان لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی خەڵک، بەکاربهێنن بۆ لاوازکردنی وەزارەتەکانی یەکدی. بۆیە چاکترە پارتی نێو حکومەت هەبێت و پارتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەش هەبێت. هەڵبەت بە هیچ بارێکیشدا بۆ ڕێگەگرتن لە دوو ئیدارەیی ناکرێ حکومەتێکی پاش بنکەفراوان لە کوردستان پێکبێت کە یەکێک لەو دوو هاوپەیمانێتییەی تێدا نەبێت: یان پارتی و گۆڕان یانیش یەکێتی و پارتی.



عەبدوڵلا ڕێشاوی

# سازان یان دیموکراسی؟

چەمکی سازان کە ئێستا لەناو دنیای سیاسیی ئێمەدا زیاد لە پێویست بەکاردەهێنرێ، بە بەکارهێنان نوێیە، بەڵام بە بوون زۆر کۆنە.

سازانی سیاسی لە ڕووی کردەییەوە لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروستکردنی پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992.

ئەوکات کە یەکەم هەڵبژاردن کرا، دوو هێزی سەرەکیی ئەوکات (پارتی و یەکێتی) بە سازان گەیشتنە ڕێککەوتنی پەنجا بە پەنجا و لەسەر ئەو بنەمایە و بۆ ئەوەی شەڕ نەقەومێ، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا، بەشکرد.

## سازان وەک بازنەیەکی داخراو

بەڵام ئایا یەکەم سازان لە مێژووی سیاسیی ئێمەدا هەرێمی کوردستانی بە چی گەیاند؟ بێگومان سازان و ڕێککەوتنی دوای هەڵبژاردنی 1992 دوو هێزە سەرەکیەکەی بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ کرد، بەڵام پاشان هەردوو هێزەکەی گەیاندەوە بە نەسازان و دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ.

قۆناغی شەڕی ناوخۆ درێژەی کێشا و بەو گۆڕانکاریانەی لە عێراقدا لە 2003 ڕوویاندا، دیسانەوە دوو هێزەکە پەنایان بردەوە بەر سازان و ئەمجارەیان لە سازان، ڕێککەوتنی ستراتیژیی یەکێتی و پارتی لەدایک بوو.

سازانی ئەمجارەش شەڕی ڕاگرت، بەڵام نەیتوانی کوردستان بخاتە سەر ڕێچکەی قۆناغێکی نوێ، بەڵکو دیسانەوە دووبارەکردنەوەی هەمان قۆناغەکەی پێشوو بوو، سووڕانەوە بوو لەناو بازنەی (دووبەرەکی — ڕێککەوتن).

"ڕەسمی بەیانی"ی سازان لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە بازنەیەکی داخراو کە سیاسەتی لە هەرێمی کوردستاندا بەناودا دەسووڕێتەوە لەسەر هێڵی (ڕێککەوتن و ڕێکنەکەوتن).

خراپیی چەمکی سازان لەناو دنیای سیاسیی ئێمەدا لەوێوە دێت کە بەدیلە بۆ دیموکراسی، هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی ناوێرن خۆیان لە دیموکراسی بدەن، پەنایان بردووەتە بەر چەمک و چەتری سازان.

ئەوان باش خۆیان دەناسن کە کوڕی دیموکراسی و قبوڵکردنی دۆڕان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نین، بۆیە "ئەحسەن مەوجود" بۆ ئەوان سازانە کە لە دنیای ململانێی سیاسیدائەزعەفولئیمانە.

## دیموکراسیەتی "تەوافوقی"

بێگومان لە شێوە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسیدا "دیموکراسیەتی تەوافوقی" جۆرێکە لە جۆرەکانی. بەڵام پێویستە بزانین ئەم جۆرە لە دیموکراسیەت لەو وڵاتانە بە پێویست دەبینرێت کە فرە ئیتنیک و فرە مەزهەب و ئاینن، وەک لوبنان و عێراق، نەک بۆ وڵاتێکی وەک باشووری کوردستان کە وڵاتێکی فرە حیزبە، نە وڵاتێکی فرە ئیتنیک و ئایین.

هەرچەندە ئەمڕۆ تەنانەت هەندێک وڵاتی فرە مەزهەب و فرە ئاینیش دیموکراسیەتی تەوافوقییان جێهێشتووەو بەرەو دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ هاتوون، چونکە لەوە تێگەیشتوون کە سازانی ڕاستەقینە و سەقامگیریی درێژخایەن بە خودی دیموکراسیەتەوە بەندە نەک بە ڕاکردن لە دیموکراسی.

بۆیە بە بۆچوونی من عەیبەیەکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان جورئەتی قبوڵکردنی دیموکراسی و تێهەڵدانی سازانی نەبێت لە 2015دا.

## دیموکراسی و سازانی ڕاستەقینە

مەرج نییە ئەو سازانە سیاسییەی لە نێوان حیزبەکاندا کۆدەنگیی لەسەرە و کێکی دەسەڵاتی پێ بەش دەکرێت، سازانێک و ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە بێنێتە ئاراوە. نەک هەر مەرج نییە، بەڵکو ئەزموونەکانی پێشوو سەلماندیان، سازان دواجار بە نەسازانمان دەگەیەنێت.

ئەزموونەکان سەلماندوویانە سازان دنیایەکی سەقامگیر دروست ناکات، بەڵکو دنیایەکی سیخناخ لە ترس و دڵەڕاوکێ و بێهیوایی دێنێتە ئاراوە کە تێیدا حیزب براوەیە و هاووڵاتیش قوربانییە.

ئەوەی کە سازانی ڕاستەقینە بە مانای "سەقامگیریی سیاسی" لە هەر وڵاتێکدا دەیهێنێتە دی، تەنها خودی دیموکراسیەتە و هیچی دیکە.

ئەگەر میللەت و نەتەوەیەک نەتوانێ دیموکراسیەت لە ژیانی خۆیدا بچەسپێنێ، ئەوا هەرگیز چاوەڕێی دروستبوون و بە دەوڵەتبوون نەکات، تەقینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دنیای عەرەبی و داڕووخانی ئەو هەموو دەوڵەتە لە 2011وە بۆ ئێستا شاهیدی ئەم ڕاستیەن.

پایەداریی دەوڵەتی ئیسرائیل لەناو 22 دوژمندا، بەتەواوی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەزموونی حوکم لەسەردەمی ئێستادا تەنیا بە دیموکراسی دروست دەبێت نەک بە داتاشینی چەمکگەلی وەک سازان و چەپکە گوڵ.

کوردستان ناتوانێت لە دەرەوەی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی بێت. مێژووی سیاسیی نوێ پێماندەڵێت هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەگەر بیانەوێت پێکەوە هەڵبکەن و پێکەوە بژین، جگە لە پەنابردن بۆ دیموکراسی ڕێوشوێنێکی دیکەیان لەبەردەستدا نییە.

# هەڵبژاردنی نائاسایی



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

ڕۆژی 2015/11/1 تورکیا هەڵبژاردنێکی نائاسایی ئەنجام دەدات. ناڵێم هەڵبژاردنی پێشوەخت یان دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن. ئەم دوو تێرمە لەلایەن میدیای تورکیاوە بەکاردەهێنرێن، بەڵام هیچ یەکێک لەم دوو تێرمە ناوەرۆکی ئەو بارودۆخە ناخەنەروو کە ئێستا تورکیا پیایدا دەگوزەرێت. ڕاستییەکە ئەوەیە کە تورکیا بە قۆناغێکی تا بڵێی نائاساییدا دەڕوات و هەڵبژاردنەکەی 2015/11/1 یش هەڵقەیەکی دیکەی ئەو قۆناغە نائاسایییە.

پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی 2001 دا کاتێک دامەزرا، بە کۆمەڵێک پەیمانی نوێوە هاتە بواری سیاسییەوە. لە فراوانکردنی ئازادییەکانی تاکەکەسەوە بگرە هەتا سڕینەوەی مۆرکی سوپا و دەسەڵاتی سەربازی، لە چارەسەری کێشەی کوردەوە هەتا کۆتاییهێنان بە فشار لەسەر چینی دینداران، ئاک پارتی کۆمەڵێک دروشمی بەرزکردەوە کە هەتا ئەو ڕۆژە نەک بەرزنەکرابوونەوە، بەڵکو باسکردنیشیان بقە بوو. بە کرداریش لە وەرگرتنی دەسەڵاتەوە لە ساڵی 2002 هەتا ساڵی 2010 ئاک پارتی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە تورکیا کرد. بەڵام لە ساڵی 2010 وە کۆمەڵێک هەنگاوی نا کە بناغەبوون بۆ گەڕاندنەوەی تورکیا بۆ دواوە و کۆتاییهێنان بەو قۆناغی چاکسازییەی کە خودی ئاک پارتی لە 2002 وە دەستی پێکردبوو.

لە 2010 بەدواوە، ئاک پارتی دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی سەرجەم هێز و ڕەنگە جیاوازەکان. ئۆپەراسیۆنەکانی کەجەکە، تەنانەت لێکۆڵینەوەکانی ئەرگەنەکۆن و باڵیۆز کە لە ڕێڕەوی خۆیان لابران، کۆمەڵێک نموونەی ئەم هەوڵانەی ئاک پارتی بوون. هەتا کارەکە گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئاک پارتی دەستی دایە دوژمنایەتیی بزووتنەوەی گولەنیش. بەدرێژایی ئەو قۆناغە، تەنها شتێک کە لە ئاک پارتیدا مابوو جێی ئومێد بێت، شەڕنەکردن بوو لەگەڵ کورد. بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا ئاک پارتی بەدەستی خۆی ئەوەشی لەدەستی خۆی دەرکرد.

ئێستا ئاک پارتی بە چەشنێک تەنهایە و هەموو لایەکی کردووە بە دوژمنی خۆی کە لە مێژووی ئەو پارتەدا هیچ قۆناغێکی وا نەبووە. کوردی باکوور تا بڵێیت تووڕەن لە ئاک پارتی و بە سەبەبکاری تێکدانی ئاشتی دەزانن. تورکەکانیش تووڕەن لێی چونکە بە هۆکاری شەڕێکی بێ هۆکار و بێ ئامانج و بێ ئەنجامی دەزانن. بەڵام هێشتا ئەمانە بەس نین بۆ ئەوەی هەیمەنەی ئاک پارتی لە سیاسەتی تورکیادا بەتەواوی کۆتایی بێت، هۆکاری ئەوەش نەبوونی پارتی ڕاستڕەوی بەدیلە. دەنگدەری ڕاستی تورکیا بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت قایل بکرێت دەنگ بدات بە چەپ. 40%ی ئاک پارتیش ئەو گرووپە پێکدەهێنێ کە پێشتر ئەو دەنگانە بەسەر پارتەکانی ڕێگەی ڕاست DYP و نیشتیمانی دایک ANAP و ڕەفا RP دابەش دەبوون. لەدوای 2002شەوە هەموویان لە ئاک پارتیدا کۆبوونەوە. ئێستا کە پارتێکی دیکەی ڕاستڕەو لە تورکیا غایبە، زۆر قورسە دەنگی ئاک پارتی بەڕێژەیەکی بەرچاو کەم بکات. تەنها ڕێگایەک بۆ دابەشبوونی ئەو دەنگانە، دابەشبوونی خودی ئاک پارتییە. ئەگەر ئاک پارتی پێش 2015/11/1 لەو کۆنگرەیەدا کە لە مانگی ئەیلولدا ئەنجام دەدرێت، دابەش ببێت، ئەوا دەنگەکانیشی دابەش دەبن و سیاسەتی تورکیا هەناسەیەک هەڵدەکێشێ.

ئەگەر ئەو دابەشبوونەش ڕوونەدات، لە هەڵبژاردنەکەی 1 ی تشرینی دووەمدا ئاک پارتی دووبارە نزیکەی 38 بۆ 42%ی دەنگەکان دەهێنێتەوە. جەهەپە نزیک دەبێتەوە لە 27% و مەهەپە و هەدەپە وەکو خۆیان دەمێننەوە. ئەم تابلۆیە هیچ جیاواز نییە لەوەی 7ی حوزەیران و گرێکوێرەکەی پێ ناکرێتەوە. لەو حاڵەتەدا بارودۆخە نائاساییەکە بەردەوام دەبێت و دوور نییە ئەو بارودۆخە نائاساییە حکومەتی هاوپەیمانی ئاک پارتی- مەهەپەی لێ لەدایک ببێت کە کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ هەموو تورکیا، لەپێش هەموانیشەوە بۆ دانیشتووانە کوردەکەی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## شاجوانی ئیسرائیل چاوەڕێی کچانی کوردە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد
هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

